# وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی
# کۆماری ئیسلامیی ئێران

**چاپ: کۆمیتەی چاپەمەنی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوی پەرتووک:** وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**ئامادە:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا ـ دێسامبری ٢٠١٢

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەیهان یووسفی

بەرگ: ئەمیر خەیاتی

ناوەڕۆک: ئیلهام چایچی

تیراژ: ٥٠٠

ساڵی چاپ: ٢٧١٤ی کوردی

# وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ناوەندی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا ـ دێسامبری ٢٠١٢

پێرست:

پێشەکی ........ ٦
کورتەی کردەکی ........ ٨
ناو و نازناوی گرووپ ........ ٩
جۆری گرووپ ........ ١٠
ئامانجەکان ........ ١١
ئێتنیک، سیاسەت و بەریانی ئایینی ........ ١٢
پێشینەی مێژوویی ........ ١٤
رێکخراو ........ ٢٢
رێبەرانی سەرەکی ........ ٣٣
قەرارگەکان ........ ٤٠
سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ ........ ٤٠
ئەندازەی ئەندامان ........ ٤١
ئەندامبوون و ئەندامگیری ........ ٤١
ئامووزش و تەڵقین ........ ٤٨
شێوازەکانی ئۆپراسیۆن و تاکتیکەکان ........ ٤٩
توانایيە ئیتلاعاتییەکان ........ ٥٤
پاڵنەر و کارکرد ........ ٦٢
ناوچە سەرەکیەکانی ئۆپراسیۆن ........ ٦٣
سەرمایە و دابین کردنی سەرچاوەی ماڵی ........ ٦٧
پشتیوانی و بەستراوەیی دەرەکی ........ ٦٨
کەڵک وەرگرتن لە راگەیەنە گشتییەکان ........ ٧٠
تاوتوێکردنی هەڕەشە تیرۆریستییەکان ........ ٧٤
کەلێنی زانیارییەکان (لە سەرچاوەکان) ........ ٧٥
رووداوە سەرەکی ومێژووییەکان و پاشەکشەکان ........ ٧٦
کۆرنۆلۆژی هێرشە گرنگە تیرۆریستییەکان ........ ٨٠
بیلبیۆگرافی ........ ٨٧
هاوپێچ، چارت، نەخشە، وێنە ........ ٩٩

## پێشەکی

ئـەم راپۆرتـە وێنەیەکـی گشـتی لـە سـەر وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیەتـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران دەخاتەڕوو و تێدەکۆشـێت هەڵسـەنگاندنێکی گشـتی لەم رێکخراوەیە بخاتـە بەردەسـت کـە تایبەتمەندیگەلێکـی وەک: مێـژوو و گەشەسـەندن، پێکهاتـەی رێکخراوەیـی و چۆنییەتیـی وەرگرتنـی تاکـەکان و ... لەخـۆ دەگرێـت.

زانیارییەکانـی نێـو ئـەم راپۆرتـە، بەگشـتی لـە بڵاوکـراوە فارسـی و ئینگلیزییـەکان، ماڵپـەڕە هەواڵدەرەییـە ئانلاینـەکان و وێبلاگـە ئێرانییـەکان کۆکراوەتـەوە. لـە ئەنجامدانـی ئـەم شـرۆڤەکارییەدا، هـەوڵ دراوە کـە بـۆ دڵنیابـوون لەجـێ باوەڕبوونـی زانیارییـەکان، کـۆی زانیارییـەکان لەگـەڵ سـەرچاوە جۆراوجۆرەکانـدا بـەراورد بکرێت. بـەم حاڵەشـەوە بەهـۆی سروشـتی نهێنیـی ئـەم رێکخـراوە و ئۆپەراسـیۆنەکانی، زانیارییـەکان لەبـارەی ئـەم وەزارەتـەوە زۆر بـە دژواری کۆکراوەتـەوە و شـیاوی تاوتـوێ کردنـن.

حکوومەتـی ئێـران بـە شـێوەیەکی زۆر دژوار و بەربـڵاو کونترۆڵـی میدیـا و هەواڵـەکان دەکات. ئێرانییـەکان بـۆ دەستڕاگەیشـتن بـە هەواڵەکانـی رۆژ ناچارن لـە ئاڵترناتیڤێک وەکـوو وێبلاگـەکان کەڵـک وەربگـرن. بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ٢٠٠٥دا، ئێـران، دوای ئەمریـکا و چیـن، پلـەی سـێیەمی لـە بوونـی ژمـارەی وێبلاگنووسـان لـە جیهانـدا هەبـووە، ئـەوەش نیشـانەی گرنگیـی پەیوەندییـەکان و بڵاوکردنـەوەی هەواڵـەکان لـە رێگـەی وێبلاگـەکان و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەیـە.

پێویسـت بـە وتـن نییـە کـە وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت، لەبـارەی چالاکییەکانی زانیـاری لـە ماڵپـەڕە ئێرانییەکانـدا بـڵاو ناکاتـەوە، هەربۆیـەش بەهـۆی نەبوونـی زانیاریـی فەرمیـی حکوومەتـی، ئـەم راپۆرتـە زۆرتـر زانیارییەکانـی خـۆی لـە راگەیەنـە کۆمەڵایەتییـەکان و بەتایبـەت وێبلاگـەکان وەکـوو سـەرچاوەی زانیـاری وەرگرتـووە. جـێ باوەڕبوونـی زانیاریـی وێبلاگـەکان هەندێـک جـار دەکرێـت جێـی گومـان بێـت، بـەڵام وێدەچێـت کـە لـە نەبوونـی سـەرچاوەکانی دیکـەدا، تاوتـوێ

کـردن و خسـتنەڕووی گونجـاو بێـت.

بەهـۆی ئـەوەی کـە بوونـی ئـەم وەزارەتـە بەتەواوەتـی نهێنییـە، ئاسـتی ناسـینی زۆر لایـەن و بـواری ئـەم رێکخـراوە، پەیژەبەندیـی پۆسـتەکان و چالاکییەکانـی زۆر لاوازە. رۆڵـی وەزارەت لـە دەرەوەی ئێـران و هاوکاریکردنـی لەگـەڵ هێـزی قـودس، بابەتگەلێکـن کـە پێویسـتی بـە تاوتوێکردنـی وردتـر هەیـە. بێجگـە لەمـەش، زاڵبوون بەسـەر تواناییـە سـایبرییەکانی ئـەم وەزارەتـە دەتوانێـت تێگەیشـتنێکی زیاتـر بـە نیسـبەت ئـەو ئامانجانـە بخاتـە ڕوو، کـە ئێـران لـە شـەڕێکی سـایبریدا دەیهەوێـت پێـی بـگات.

## ١ ـ کورتەی کردەکی

• وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت هەمـوو ئـەو ئیمکاناتـەی کـە لەبەردەستی دایـە، بـۆ پاراسـتنی کۆمـاری ئیسـلامی بـەکاری دێنـێ. کەڵـک وەرگرتـن لـە شـێوازگەلێکی وەک: دزەکردنـە نێـو گرووپـە دژبـەرە نێوخۆییـەکان، چاودێـری لەسـەر هەڕەشـەی ناوخۆیی و دژبەرانی دەرەوەی وڵات، دەستبەسـەرکردنی کەسانی بـە نـاو سـیخوڕ و دژبـەری ڕێژیـم، ئاشـکراکردنی ئـەو پیلانانـەی کـە وەکوو هەڕەشـە بـە ئەژمـار دێـن و پاراسـتنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئاژانسـە هەواڵگرییـە بیانییـەکان، هەروەهـا ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە پارێزگاری لـە بەرژەوەندییەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە سەرانسـەری جیهانـدا دەکـەن.

• ئەگەرچی ئیسلامیستە ئوسوولگەراکان (باڵی ڕاست) لەژێر ڕێنوێنییەکانی ڕێبـەر (عەلـی ئەکبـەری خامنەیـی)دا وەزارەتـی ئیتلاعـات بەڕێـوە دەبـەن، بـەڵام ئـەم وەزارەتـە لەخۆگـری تێکەڵاوێـک لـە ئایدۆلۆژیـا سیاسـییە جیاوازەکانـە.

• هـەر وەزیرێکـی وەزارەتـی ئیتلاعـات دەبێـت خاوەنـی بڕوانامـەی اجتهـاد (توانایـی شـرۆڤەکردن و لێکدانـەوەی سـەرچاوەکانی ئیسـلام وەک: قورئـان و وتەکانـی پێغەمبـەر و ئیمامـەکان) لـە یەکێـک لـە قوتابخانـە ئایینییەکانـدا بێـت، ئەندامـی هیـچ گـرووپ، یـان پارتێکـی سیاسـی نەبێـت، لـە ڕاسـتی و خۆشـناویدا بەناوبانـگ بێـت و پێشـینەی سیاسـی و بەڕێوەبەرییەکـی بـە هێـزی هەبێـت.

• بەپێـی یاسـای بنەڕەتیـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، هەمـوو ڕێکخـراوەکان دەبێـت زانیارییەکانـی خۆیـان بدەنـەوە بـە وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت. چاودێرییەکانـی وەزارەت هەمـووی ئۆپراسـیۆنی نهێنیـن. بەگشـتی وەزارەت خـۆی ئۆپراسـیۆنە ناوخۆییـەکان بەڕێـوە دەبـات، بـەڵام هێـزی قودسـی سـپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە زۆر حاڵەتـدا ئـەو دەسـتە ئۆپراسـیۆنانەی دەرەوەی وڵات وەکـوو کاروبـاری تێکدەرانـە، تیـرۆر و سـیخوڕی بەڕێـوە دەبـات. ئەگەرچـی هێـزی قـودس بـە شـێوەی سـەربەخۆ ئۆپراسـیۆن دەکات، بـەڵام کۆکردنـەوەی زانیـاری بـە هاوبەشـیی وەزارەتـی ئیتلاعەتـە.

• حکوومەتـی ئێـران ڕێکخـراوی موجاهدینـی خەڵـق وەکـوو ڕێکخراوێـک کـە زۆرتریـن مەترسـیی بـۆ سـەر کۆمـاری ئیسـلامی هەیـە، دەزانێـت. یەکێـک لـە بەرپرسـایەتییە سـەرەکییەکانی وەزارەتـی ئیتلاعـات بەڕێوەبردنی ئۆپراسـیۆنی نهێنی

بـەدژی موجاهدینـی خەڵـق و ناسـینی ئەندامانـی و لەناوبردنیانـە. پێڕاگەیشـتن بـە دژبەرانـی دیکـەی کۆمـاری ئیسـلامیش لەژێـر دەسـەڵاتی وەزارەتـی ئیتلاعـات دایـە.

- ئـەم وەزارەتـە هەروەهـا خاوەنـی دیپارتمانێـک بەنێـو دژە زانیارییـە، کـە بەرپرسـایەتییەکەی، دروسـتکردن و وەرێخسـتنی شـەڕی دەروونـی دژی دوژمنانـی کۆمـاری ئیسـلامییە.
- توانایـی ئێـران بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی نهێنـی سـنوورداره، بەتایبـەت لـە بـواری توانایـی زانیاریـی ئێلکترۆنـی و لـە حاڵـی حـازردا هەرەشـەکانی ئـەم وەزارەتە لـەم بـوارەدا بـە هـۆی ئەوەیکـە لـە حاڵـی گەشـەکردن دایـە، زۆر سـنووردارە.
- تەنانـەت ئەگەرچـی ئێـران سیسـتمێکی دژە سـیخۆڕی تەیـاری بۆ پاراسـتنی پرۆگرامـی ناوکـی دامەزرانـدووە، وا دەردەکەوێـت کـە هێشـتا ئۆپراسـیۆنەکانی وڵاتانـی دیکـە بـۆ دزە کـردن لـە نێـو ئـەم سیسـتمە و بەشـەکانی دیکـەی دەزگای ئیتلاعاتـی ئێـران، سـەرکەوتووتر بـووە.

**٢ ـ ناو و نازناوی گرووپ**

ئاژانسـی زانیـاری ئێرانـی کـە بـە وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیەتـی وڵات  ناسـراوە و لـە فارسـیدا بـە وزارت ـ ئیتلاعـات و امنیـت کشـور (واواک) نـاو دەبرێـت. مەئموورانـی (واواک) بـە "سـەربازانی بـێ نـاو و نیشـانی ئیمامـی زەمـان" بەناوبانگـن، ناوێـک کـە ئایەتوڵـڵا خومەینـی بۆیانـی دانا. (١)

هێمای هەنووکەیی وەزارەتی ئیتلاعات

هێمای پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات

١) ـ "Destruction of a Spy Network Linked to the CIA and Detention of ٣٠ American Spies" [{انهـدام شـبکه جاسوسـی وابسـته بـه سـیا و بازداشـت ٣٠ جاسـوس آمریکایـی}], Fars News Agency [Tehran], May ٢٠١١ ,٢١, http://www.farsnews.com/newstext.php?nn=٩٠٠٢٣١٥٢٠٧ (accessed March ٢٠١٢ ,٢٠). Fars News is a semi-official news agency with ties to the Iranian government

وێنـەی لای چـەپ لـە سـەرەوە، لۆگـۆی وەزارەتـی ئیتلاعـات لـە سـەردەمی دامەزراندنـی دایـە. نـاوی (اللـە) لەسـەرەوەی ئـەم لۆگۆیـە دیزایـن کـراوە. لـە خـوارەوەی هێمـای (اللـه) نووسـراوەیەک بـە فارسـی دەردەکەوێت کـە بـە فارسـی نووسـراوە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و لـە خـوارووی ئـەوەش نووسـراوە وەزارەتـی ئیتلاعـات. وێنـەی لای راسـت لەسـەرەوە، لۆگـۆی نـوێ و هەنووکەیـی ئیتلاعـات نیشـان دەدات کـە لـە پرۆگرامەکانـی کەناڵـە تلویزیۆنییـە حکوومەتیەیکانـدا نیشـان دەدرێـت. ئـەم لۆگۆیـە ئەسـتێرەیەکی ٨ گۆشـەیە. لـە کولتـووری ئیسـلامیدا، هـەر گۆشـەیەک نیشـانەی هێمایەکـی ئایینییـە. دوو "لا" (لـە عەرەبیـدا لا بـە واتـای «نـا» دێـت) لـە لای راسـت و چەپـەوە هـەن کـە بەواتـای "نـە رۆژئـاوا و نـە رۆژهـەڵات، تەنیـا کۆمـاری ئیسـلامی"یيە، لـە ناوەڕاسـتی ئەسـتێرەکەدا چاوێـک هەیـە کـە رۆڵـی وەزارەت وەکـوو چاودێرێـک لـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا نیشـان دەدات.

## ٣ - جۆری گرووپ

(واواک) بەهێزتریـن وەزارەتـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـە و لـە زۆرتریـن و باشـترین پشـتیوانی لەنێـو گشـت وەزارەتەکانـدا لـە بوارەکانـی لۆجسـتیک، ماڵـی و پاڵپشـتیی سیاسـیدا بەهرەمەنـدە. (واواک) دامەزراوەیەکـی حکوومەتـی ناسـەربازییە کـە لـە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات چالاکـی و ئۆپراسـیۆنەکانی بەڕێـوە دەبـات.

ئاسـتی پسـپۆڕانی زانیاریـی ئـەم وەزارەتـە، (واواک) وەکوو یەکێـک لە گەورەترین و بەهێزتریـن ئاژانسـە زانیارییـە چالاکەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا دەردەخات.(٢)

وەزیـری هەنووکەیـی وازرەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت باسـی لـەوە کردبـوو کـە وەزارەتەکـەی هیـچ کاریگەرییەکـی ئاژانسـە زانیارییـە دەرکییەکانـی بەسـەر نەبـووە: "یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی (واواک) ئەوەیـە کـە لـە دەروونـی شۆڕشـەوە بیچمی

٢) “Iran’s Ministry of Intelligence and Security,” Iran Focus [UK], May ٢٠٠٥ ,٦, http://www.iranfocus.com/en/?option=com_content&task=view&id=٢٠٢٠ (accessed January ٢٠١٢ ,٣١). Iran focus is a UK-based news Web site that provides news on Middle East countries; “Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country,” Enghelab-e-Eslami, ٢٠١١, http://enghelabe-eslami.com/گزارشات و تحلیل ها/٢٨٨٠-٥----------.html (accessed May ٢٠١٢ ,٢٢). This is the Web site of Abul Hassan Banisadr, the first president of Iran after the Revolution. He had to escape from Iran to save his life. He is now a critic of the Islamic Republic

گرتووە و لەڕاستیدا، ئەم ڕێکخراوە لەسەر بنەمای پێویستییەکانی شۆڕش دروست بووە و بە بەراوورد لەگەڵ ئاژانسە زانیارییەکانی دیکەی سەرانسەری جیهان لە هیچ یەک لەوانە پەیڕەوی ناکات و لەوان ناچێت. (٣)

## ٤ ـ ئامانجەکان

ئەرکەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی وڵات لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا وەها پێناسە کراوە:

ـ کۆکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان و پۆلێنبەندیی زانیارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان.

ـ ئاشکراکردنی پیلان، لەناوبردن، سیخوڕی، کاروباری تێکدەرانە و ئاژاوەنانەوە دژی سەربەخۆیی، ئاسایش و یەکپارچەیی سەرزەمینی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ـ پارێزەری لە زانیاری، هەواڵ، دۆکیۆمێنت، بەڵگە تۆمارکراوەکان، ئیمکانات و پێرسنۆلی وزارەت.

ـ ڕێکخستن و یارمەتیدانی ئەنجومەن و ڕێکخراوەگەلێک کە پارێزگاری لە بەڵگە، دۆکیۆمێنت و ئامانجە گرنگەکان دەکەن. (٤)

چالاکی بۆ ناوخۆی وڵات بۆ وەزارەتی ئیتلاعات لە ئەولەویەت دایە، مەگەر داواکارییەک هەبێت کە پێویست بکات (واواک) بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئۆپراسیۆن لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە ببات. ئەوەش لە کاتێکدا دەکرێت کە سەرۆکی باڵای شووڕای ئاسایشی نەتەوەیی یان ڕێبەری وڵات (وەلی فەقیە) بڕیار بدەن کە (واواک) چالاکی لە دەرەوی سنوورەوەکانی وڵات بەڕێوە ببات (بڕوانە بۆ ئۆرگانیزاسیۆنی خوارەوە).

٣) The Minister of Intelligence's Report of Successes / Outside Opponents and Internal Dissidents of ٢٠٠٩] ١٣٨٨]
Have Become Active Again" [گزارش وزیر اطلاعات از موفقیت ها/بخش خارجی و هادیان داخلی فتنه ٨٨ مجدداً فعال شده اند.], RajaNews [Tehran] (probably ٢٠١٠ or more recent), http://www.rajanews.com/detail.asp?id=٩٥٧٩٣ (accessed April ٤,
٢٠١٢). Raja News is a conservative Iranian news agency based in Iran that supports the Supreme Leader of Iran.

٤) "Intelligence and Law" [اطلاعات و قانون], Jame Jam Online [Tehran], February ٢٠٠٩ ,١١, http://www.jamejamonline.ir/papertext.aspx?newsnum=١٠٠٨٩٨٨٠٢٩٣٦ (accessed April ٢٠١٢ ,٤). This conservative Web site is the Web site of the Islamic Republic of Iran Broadcasting Service (IRIB), which advocates the Supreme Leader's policies.

(واواک) ئەزمـوون و دەسـکەوتی تۆمارکـراوی باشـی لـە بەڕێوەبردنـی ئەرکەکانیـدا هەیـە. بـۆ بەڕیوەبردنـی ئـەم ئەرکانـە، (واواک) پەیوەندیـی لەگـەڵ ئاژانسـە زانیارییـە دەرەکییـەکان و هەروەهـا لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی وەکـوو حیزبۆڵـڵای لوبنـان کـە یارمەتـی بـە بەرەوپێشـبردنی پـلان و ئامانجەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی دەدەن، هـاوکاری دەکات.[٥]

## ٥ ـ ئێتنیک، سیاسەت و بەریانی ئایینی

### ٥ ـ ١ ـ پێکهاتەی ئێتنیکی

چونکـە (واواک) ئاژانسـی فەرمیـی حکوومەتـی ئێرانییەکانـە، کارمەندەکانـی ئێرانین، بـەڵام بۆ بەڕێوەبردنـی مەئموورییەتـەکان لـە کەسـانێکی سـەر بـە نەتەوەکانـی دیکـە کەڵـک وەرگیـراوە، بـۆ نموونـە ئانـیَ سـانگلێتۆن، کـە خەڵکـی بریتانیایـە و گوایـە بـۆ وەزارەتـی ئیتلاعـات کاری کـردووە. (بڕوانـە بـۆ ئەندامـان و ئەندامگیـری لـە خـوارەوە).

### ٥ ـ ٢ ـ بەستراوەیی سیاسی و بەریانی ئایدۆلۆژیک و ئایینی

تـا کاتـی دووبـارە هەڵبژاردنـی مەحمـوودی ئەحمـەدی نـژاد وەکـوو سـەرکۆمار لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا، زۆربـەی پێرسـنۆلی (واواک) بـە شـێوەی یەکسـان لـە ئیسلامیسـتە سەرسـەختەکان نەبـوون، ئەگەرچـی بـە مەبەسـتی هاوئاهەنگیـی ئایدۆلۆژیـک تاقیکردنەوەیـان لەسـەر دەکـرا.

بـۆ نموونـە، لـە وتارێکدا کـە ماڵپـەڕی حکوومەتیـی فـارس نیـوز لـە مانگـی جۆلایـی سـاڵی ٢٠٠٥دا بـڵاوی کـردەوە، وەزیـری پێشـووی وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت، قوربـان عەلـی دۆڕی نەجـەف ئابـادی، وتبـووی کـە کاتێـک ئـەو لەگـەڵ وەزیـری پێشـووی کاروبـاری دەرەوەی وڵات، عەلـی ئەکبـەری ویلایەتـی، لەبـارەی پێشـنیار بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی وەزیـری ئیتلاعـات لـە سـەردەمی سـەرکۆماریی موحەممـەد خاتەمـی دا (سـەرکۆمار ١٩٩٧ـ٢٠٠٥) ڕاوێـژی کردبـوو، ویلایەتـی پێـی وتبـوو کـە وەزارەتـی ئیتلاعـات وەکـوو شـارێکە کـە بـە بۆچـوون و بەریانـی جۆراوجـۆرەوە

٥) Cyrus Maximus, “The Ministry of Intelligence and Security,” Iran Channel, September ٢٠١٠ ,١٦, http://iranchannel.org/archives/٣٥٧ (accessed March ٢٠١٢ ,٢١); Iran Channel criticizes the Iranian government’s policies. It is unclear where it is based

بەڕێوە دەچێت.[٦]

دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نژاد وەکوو سەرکۆمار، وڵات بەرەو دابەشبوون بەسەر دوو بەرەدا دەڕۆیشت، یەکەم "ڕێفۆرمیستەکان ـ ئەو ئێرانییانەی کە دەیانەویست بەها بنەڕەتییەکانی شۆڕش بپارێزن و سیستم بەرەو دێمۆکراسی و ئازادیی زیاتر بگۆڕن و دووەم، ئۆسوولگەراکان واتە ئەو کەسانەی دژی هەرچەشنە گۆڕانکارییەک بوون. ئەم دابەشبوونە تەنانەت لەنێو ئەو بەرپرسانەی کە پلە و پایەی هەستیار و گرنگیشیان هەبوو، ڕووی دا. وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەتیش لە دەرەوەی ئەم دابەشبوونە نەبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی باڵای ئیتلاعاتی لە میرحوسێن مووسەوی، ڕێفۆرمیست و ڕکابەری ئەحمەدی نژاد پشتیوانیان کرد. ئەگەرچی، هەر زوو باڵی ڕاستی (سەر بە ئۆسوولگەراکان) وەزارەتی ئیتلاعات دەستی کرد بە وەلانان و سڕینەوەی لایەنگرانی ریفۆرم. بۆ نموونە، سەعید حەجارییان، تیۆری داڕێژەر و ستراتژیستی ڕێفۆرم لە ئێران. ناوبراو دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ زیندانی کرا، ئەگەرچی ئەو یەکێک لە دامەزرێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعات بوو دوای شۆڕش.[٧]

چالاکییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕێبەر (وەلی فەقیە)ی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەیی کە ئیددیعای ڕێبەریی گشت موسڵمانانی جیهان دەکات، دایە. هەروەک لەسەرەوە باس کرا، مەئموورانی ئیتلاعات بەناوبانگن بە "سەربازانی بێ ناو و نیشانی ئیمام زەمان"، دوازدەیەمین ئیمامی موسڵمانانی شیعە. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوە تەنیا بە ڕوانگە و بیرۆکەکانی

٦) ـ "Dorri Najafabadi Spoke About his Selection as the Minister of Intelligence" دری نجف آبادی درباره چگونگی انتخاب خود به عنوان وزیر اطلاعات سخن گفت, Fars News Agency [Tehran], July ٢٠٠٥ ,١٨, http://www.farsnews.com/newstext.php?nn=٨٤٠٤٢٧٠١٠٩ (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢); United Kingdom, Home Office, UK Border Agency, "IRAN: Country of Origin Information (COI) Report," June ٣٩ ,٢٠١١ ,٢٨, http://www.ukba.homeoffice.gov.uk/sitecontent/documents/policyandlaw/coi/iran/report٠٦١١-.pdf?view=Binary (accessed March ٢٠١٢ ,٢١).

٧) Ahmadinejad Is Cleaning Up the Ministry of Intelligence" احمدی نژاد وزارات اطلاعات را پاکسازی می کند], Our South Azerbaijan [Iranian blog], August ٢٠٠٩, http://www.oursouthazerbaijan.com/osa_at.htm (accessed April ,١٥ ٢٠١٢).
The reliability of the blog is questionable. "Reza Malek's Letter, the Former Deputy of the Ministry of Intelligence from Evin: Chain, House Arrest, Unknown Graves Will Not Keep Dictatorship [In Power]," Balatarin, May ١, ٢٠١٢, http://balatarin.com/permlink/٣٠١٣٣٧٧/٢/٥/٢٠١٢ (accessed May ٢٠١٢ ,٢١). Balatarin is a popular Iranian community Web site, which posts mostly anti-Iranian government news, blogs, etc.

شیعە سنووردار نەکراوەتەوە.
وەزارەتـی ئیتلاعـات بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی تاکـەکان بـێ لەبەرچاوگرتنـی باوەڕەکانیـان بـەکار دەگرێـت، ئەمـەش عەرەبـەکان و جوولەکـەکان بـۆ سـیخۆڕی لەسـەر ئیسـراییل دەگرێتـەوە. بـۆ نموونـە جێگـری وەزیـری ئیتلاعـات، سـەعید ئیمامـی کـە پۆسـتێکی گرنگـی پێـدرا، بەپێـی ئـەو شـتەی تۆمـار کـراوە دەوترێـت کـە لـە بنەماڵەیەکـی جوولەکـەدا لەدایـک بـووە.

## ٦ - پێشینەی مێژوویی

وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمینەتـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بابەتێکـی دژوارە بـۆ موتاڵەکـردن، چونکـە لـەم بـارەوە بەگشـتی زانیاریـی کـەم لەبەردەسـت دایـە. بەهەرحـاڵ، ئاوڕدانەوەیـەک لـە مێـژووی ئاژانسـە زانیارییـە ئێرانییـەکان دەبێـت باشـتر تێمانگەیەنێـت و تێگەیشـتنمان لەبـارەی دەزگای زانیاریـی هەنووکەیـی ئێرانییەکانـەوە باشـتر بـکات. سـتراتیژیی زانیاریـی ئێران دەبێت لە دەسـتەواژەیەکی مێژوویـی لـە شـەڕی سـارد و شۆڕشـی ١٩٧٩ لـە ئێرانـدا، درک بکرێـت. چالاکیـی زانیاریـی ئێرانییـەکان بـە باشـی دابـەش بـووە بەسـەر دوو بەشـدا: پێـش و پـاش شـۆڕش.
دوای شـەڕی دووەمـی جیهانـی ئێـران بـووە باشـترین یاریـزان لـە پـاڵ ڕۆژئـاوا لـە شـەڕی سارددا. بەرەنجامـی ئەمـەش بـووە ئـەوەی کـە ئێـران هـاوکاری و یارمەتـی لـە بریتانیـا و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـۆ ئیـدارەی ئۆپراسـیۆنە شـاراوەکانی لـە یەکیەتیـی سـۆڤیەتی دراوسـێی باکـووری خـۆی وەربگرێـت.
لـە سـاڵی ١٩٥٧دا ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و ئیسـراییل هاوکاریـی حەمـەڕەزا شـای پەهلـەوی، شـای ئێرانیـان بـۆ دروسـتکردنی ڕێکخـراوی زانیـاری و ئەمنیەتـی وڵات ناسـراو بـە "سـاواک" (سـازمان اتلاعـات و امنیـت کشـور)یان کـرد. ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم ڕێکخـراوە پاراسـتنی ڕژێـم لـە ئۆپۆزیسـیۆنی ناوخۆیـی بـوو.
سـاواک هەروەهـا ئـەو بەرپرسـیاریەتیەی پـێ ئەسـپێردرابوو کـە ئـاگادار بێـت و چاودێریـی ئـەوە بـکات کـە ئەندامانـی پارتـە کۆمۆنیسـت و چەپـەکان نەتوانـن دزە بکەنـە نێـو هێزەکانـی سـوپای ئێـران یـان ڕێکخـراوە حکوومەتییەکانـی دیکـە. ئەگەرچـی ئـەرک و بەرپرسـایەتیی سـەرەکی سـاواک زانیـاری نێوخۆیـی بـوو، بـەڵام

بۆ چالاکیی دەرەوەی وڵاتیش کەڵکی لێوەردەگیرا.

ساواک زۆتر لەلایەن پێرسنۆلی سەربازییەوە ئیدارە دەکرا. دوای شۆڕشی ١٩٧٩، بەڵگە بڵاوکراوەکان سنووری چالاکییەکانی ساواکیان دەرخست و نیشانیان دا کە ساواک ئاژانسێکی زانیاریی تەواو بوو کە ١٥٠٠٠ مەئمووری تەواو وەخت و هەزاران مەئمووری نیوە وەختی هەبووە. (٨)

سەرەتا ساواک بۆ کۆنترۆڵی حیزبی توودە (پارتێکی کۆمۆنیستی ئێرانی کە لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە پاڵپشتی دەکرا) دروست کرا، بەڵام هێدی هێدی چالاکییەکانی بەربڵاوتر بوو و بووە ئاژانسێکی زانیاری ئاست بەرز. ساواک بە شێوەی راستەوخۆ پەیوەندیی بە ئۆفیسی سەرۆک وەزیرانەوە هەبوو و بەرپرسی ساواک، بەرپرسایەتیی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئاسایشی وڵاتی لە ئەستۆ دەگرت. زۆربەی مێتۆدە لێکۆڵینەوەییەکان بۆ چاودێری کردنی گشت مودێلەکانی چالاکیی سیاسی بە باشی داڕێژرابوون. ساواک ئۆفیسێکی سانسۆری تایبەت کردبوو بۆ چاودێری کردنی رۆژنامەنووسان، کەسایەتییە ئەدەبییەکان و ئاکادیمیسیەنەکان لە سەرانسەری وڵاتدا.

زۆربەی رێکخراوەکان، لەوانە زانستگەکان، یەکە کرێکارییەکان، رێکخراوە جووتیارییەکان لەژێر چاودێریی توندی ساواکدا بوون. هێدی هێدی ساواک بە وەدەستهێنانی دەسەڵاتی مافی دەستبەسەرکردنی کەسانێک کە وێدەچوو دژبەری رێژیم بن، بوو بە رێکخراوێکی سەروو یاسایی.

هەندێک لەو کەسانە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بۆ تاوانبار بوونیان هەبێت، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە بەندیخانە دەمانەوە. بەرەنجامی ئەمەش ئەوە بوو کە ساواک وەکوو ئاژانسێکی بێڕەحم ناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆی پەیدا بکات. (٩)

٨) Oliver Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” UK Defence Forum, December ٢٠١١,
٢, http://www.ukdf.org.uk/assets/downloads/RS٨٤CIraninsightsIran٪E٪٨٠٪٢
٩٩sintelligenceandsecurityapparatusx.pdf (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢); Helen Chapin Metz, ed., Iran: A Country Study (Washington, DC: GPO for the Federal Research Division, Library of Congress, ١٩٨٩), http://lcweb٢.loc.gov/
frd/cs/irtoc.html (accessed May ٢٠١٢ ,٢).

٩) Metz, ed., Iran: A Country Study

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، دڵنیگەرانی سەرەکیی ساواک، حیزبی توودەی هاوپەیمانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بەرادەیەک کەمتر گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی دەسەڵات و لەوانە ناسیۆنالیستەکان، سێکۆلارەکان و پارتە لیبراڵەکان بوو. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠ز، حیزبی توودە پاڵپشتی سەرۆک وەزیران موحەممەدی موسەدقی دەکرد، چونکە هەوڵەکانی موسەدق بە مەبەستی بە نەتەوەیی کردنی پیشەسازیی نەوتی ئێران بوو. ئەگەرچی ئەم پاڵپشتیە لە کاتی کوودەتای ساڵی ١٩٥٣دا کە ئاژانسی زانیاریی ناوەندیی ئەمریکا و بریتانیا لە پشتییەوە بوون و بووە هۆی رووخانی حکوومەتە خۆشەویست و خەڵکییەکەی موسەدق، نەما. بریتانیا بەهۆی ئەوەی کە موسەدق دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو جووڵابووە لە ئۆپراسیۆنی ئاژاکس بۆ گەرانەوەی دووبارەی شا بۆ سەر دەسەڵات پشتیوانی کرد.[١٠]

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، رێژیم رەزامەندیی خۆی بۆ کپ کردنی نارزایەتییەکان کە لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەوە بەدژی شا بەرێوە دەچوو، دەربری، ساواک بە دزە کردنە نێو رێکخراوەکان و گرتنی ئەندامەکانیان ئۆپۆزسیۆنی دەنگبڕ کرد. ئەمە ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانەی زانستگە کە دوای ساڵی ١٩٦٣ شەری چەکدارییان دژی رێژیمی شا وەرێخست، لەوانە پارتی کۆمۆنیستی چریکە فیداییەکان کە لەلایەن بەرەی خەڵک بۆ ئازادی فەلەستین و گرووپەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین (POL) پەروەردە و راهێنانیان پێکرابوو، دەگرتەوە. (ساواک) هەروەها چاودێرییەکی وردی لەسەر خوێندکارانی دژبەری رێژیم لە دەرەوەی وڵات دەکرد و پیلانی تیرۆری پێکهاتەی ئۆپۆزیسیۆنی لە دەرەوەی وڵات هەبوو.[١١]

دوای شۆرشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئەرکی رێکخراوی زانیاریی ئێرانییەکان وەکوو رێکخراوە زانیارییەکانی زۆربەی وڵاتانی دیکەی شۆرش بوو - ناسین و لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆن و هەڵاتووەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

هەر بۆیەش، کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەولەویەتدا نەبوو. لەم کاتەدا، رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین زۆربەی زانیارییە دەرکییەکانی ئامادە و بە حکوومەتی

١٠) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٢.
١١) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٣.

ئێرانییەكان دەدا.

ئەگەرچـی دەوترێـت كـە KGBی یەكیەتیـی سـۆڤیەت لـەم شـێوە گۆڕینـەوەی زانیارییـە بـۆ خـۆراک دان بـە حكوومەتـی شـۆڕش و تێكدانـی پەیوەندیـی نێـوان ئەمریـكا و ئێـران و ئاڵۆزتـر كردنـی ئـەم پەیوەندییـە لـە ڕێگـەی دانـی زانیاریـی هەڵـەوە لـە دوای شۆڕشـەوە كەڵكـی وەرگـرت . [١٢]

لـە دەسـپێكی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٩دا، ئاسایشـی نێوخۆیـی لەدەسـتی كۆمیتـەی شۆڕشـی ئیسـلامیدا بـوو كـە بـە فەرمانـی خومەینـی پێكهـات، چونكـە خومەینـی نیگەرانـی ئـەوە بـوو هێزەكانـی پۆلیـس ڕەنگـە وەفاداریـی زۆتریـان بـۆ لای شـا هەبێـت تـا ڕێژیمـی شۆڕشـی نـوێ. خەڵـک كۆمیتەكانیـان لـە كـۆڵان و شـەقامەكانی خۆیـان و لـە شـوێنگەلێک وەكـوو بنكەكانـی پۆلیـس، مزگەوتـەكان و سـەنتەرەكانی لاوان دامەزرانـد.

بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی كـە بەرپرسـایەتیی ئـەوان بـۆ ئاسـایش و ئەمنیـەت بـوو، هـەر كۆمیتەیـەک یەكەیەكـی كۆكردنـەوەی زانیـاری لەسـەر دراوسـێكانی خـۆی هەبـوو. ئایەتوڵـلا محەممـەد ڕەزا مەهـدەوی كەنـی، كـە یەكێـک لـە شۆڕشـگێڕەكانی نزیكـی خومەینـی بـوو، بەرپرسـی ئـەم كۆمیتانـە بـوو. كۆمیتـەكان توانایـی ئەنجامدانـی ئۆپراسـیۆنیان هەبـوو لەژێـر ڕێنۆینیـی وەزارەتـی نێوخـۆی وڵاتـدا. [١٣] گرووپەكانـی دیكـەش دەرگیـر بـوون لـە كۆكردنـەوەی زانیاریدا وەكـوو، ئـەو دادوەرانـەی كـە بەرپرسـی پێڕاگەیشـتن بـە حاڵەتگەلێكـی وەكـوو چالاكیـی تێكدەرانـە كـە گرووپەكانـی ئۆپۆزیسـیۆن ئەنجامیـان دەدا، یـان دۆسـییەكانی پەیوەندیـدار بـە دژە زانیارییـەوە بـوون.

حكوومەتـی كاتـی و شـووراى شـۆڕش كـە بـە فەرمانـی ئایەتوڵـلا خومەینـی پێكهاتبـوو، تـا كاروبـاری شـۆڕش تـا كاتێـک ئـەو لـە پاریـس دەبێـت، بەڕێـوە ببەن، بـە هەوڵەكانیـان هەندێـک بەشـی سـاواكیان زینـدوو كـردەوە، بەتایبـەت ژووری هەشـتەم كـە یەكـەی دژە زانیـاری بـوو. ئەركـی ئـەم یەكـە چاودێریـی باڵوێزخانـە بیانییـەكان و ئاشـكراكردنی سـێخوڕی بـوو. ئـەم ژوورە تەركیـزی دەكـردە سـەر

١٢) ـ Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٤.
١٣) “Untold [Incidents] About the Ministry of Intelligence” [ناگفتـه هایـی از وزارت اطلاعـات], Aftab News [Tehran],
September ٢٠٠٥ ,٦, http://www.aftabnews.ir/vdcc٤xqs.٢bqii٨laa٢.html (accessed May ٢٠١٢ ,١٨). Aftab News is a news Web site based in Iran, with a pro-government viewpoint

وڵاتانی جەمسەری رۆژهەڵات، بەتایبەت یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی عەرەبی.
دوای شۆڕش، دکتۆر ئیبراهیم یەزدی، یەکەمین وەزیری شۆڕش، پەرەی بە دەسەڵاتی ئەم یەکە لە رێگەی تەرکیز خستنە سەر وڵاتانی زۆرتر و لە رێگەی کەڵک وەرگرتن لە پێرسنۆڵەکانی دیکەی ساواکەوە دا.[١٤]
لە ساڵی ١٩٧٩ ـ ٨٠ حکوومەتی شۆڕش ئاژانسگەلێکی بچووکی درووست کرد، بەڵام لە هەموویان دیارتر و جێ متمانەتر، ئاژانسی ئیتلاعات و ئەمنیەتی نەتەوەیی (سازمان اتلاعات و امنیت ملی ایران ـ ساواما) بوو. ئەم رێکخراوە لەسەر ئەرک و کارەکانی ساواک بنیات نرایەوە. (ساواما) لە هەمان شێوازەکانی ساواک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی دەرەکی کەڵکی وەرگرت، لە حاڵێکدا سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی وەکوو رێکخراوێک بۆ پاراستنی شۆڕش و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڕەشە ناوخۆییەکان دامەزرا. دواتر سپای پاسداران لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە دەرەوەی وڵاتیش دەرگیر و بەشدار بوو.[١٥]
دەزگای زانیاریی ئێرانییەکان ئۆپراسیۆنەکانی خۆی لە سەرەتای دەسپێکی کارەکانیدا هەر لە کاتی دامەزراندنی حکوومەتی شۆڕشەوە سەرکەوتوانە بەڕێوە بردبوو. لە مانگی جوولایی ١٩٨٠دا، توانی کوودەتای نۆژە ئاشکرا و تێکی بشکێنێ، هەوڵێک بۆ رووخانی حکوومەتی نوێ کە لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەری هێزی ئاسمانیی ئێرانی کە بە شای ئێران وەفادار بوون، داڕێژرابوو. دوایی ژمارەی ئاژانسەکانی ئیتلاعات و ئەمنیەت بە شێوەی دراماتیک بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی، ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ بشێوی لە سیستمی ئیتلاعاتیدا.
بەرەنجامی ئەم بەرزبوونەوەش وای کرد کە محەممەدعەلی رەجایی، دووەمین سەرکۆماری رێژیمی ئێران، لە ساڵی ١٩٨١دا ئۆفیسی ئیتلاعاتی سەرۆک وەزیران پێکبێنێت. لەو کاتەدا بەرپرسیارێتیی ئیتلاعاتی لە نێوان ئۆفیسی ئیتلاعاتی سەرۆک وەزیران، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەرتەش، کۆمیتەکان و هێزەکانی پۆلیسدا دابەش ببوو.[١٦]

---

١٤) ـ Untold [Incidents] About the Ministry of Intelligence,” [ناگفته هایی از وزارت اطلاعات].
١٥) ـ Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٤
١٦) ـ Untold [Incidents] About the Ministry of Intelligence,” [ناگفته هایی از وزارت اطلاعات].

لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٨٣دا، پارلمان پێکهاتنی وەزارەتێکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەناو ئیتلاعات و ئەمنیەت پەسەند کرد کە بە تێکەڵکردنی ئەو ٣ ڕێکخراوە کە بۆ ماوەی ٤ ساڵی بەردەوام ئەزموونیان لە بەرپەرچدانەوەی چالاکیی ئاژانسە ئیتلاعاتییە بیانییەکان و بەرەڕوو بوونەوە لەگەڵ گرووپەکانی دژە شۆڕش هەبوو، پێکهات. ئەو ٣ ڕێکخراوە ئیتلاعاتییە کەلە ساڵی ١٩٧٩وە ئۆپراسیۆنی جیاجیایان هەبوو بریتی بوون لە: ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمیتەکان و ئۆفیسی ئیتلاعاتی سەرۆک وەزیران. لەو کاتەدا، زۆرێک لە مەئموورانی پێشووی (ساواک) لەلایەن ڕێبەرانی ئایینییەوە بەهۆی ئەوەی کە (واواک) توانیبووی لە ئەزموونەکانیان بەهرەمەند بێت، عەفوو کران و کەوتنە بەر لێبوردنی گشتییەوە. بەتایبەت ئەو مەئموورانەی ساواک کە پێویست بوون بۆ بەرزکردنەوەی زەرفیەتی ئیتلاعاتیی ئێران بۆ ئەوەی دەرەقەتی شەڕی عێراق لە ساڵی ١٩٨٠دا بێن. (١٧)

ئەم وەزارەتە نوێیە بەرپرسی پەرەپێدانی زەرفیەتی بەهێزی ئیتلاعاتی بوو کە بتوانێت لەگەڵ ئاژانسە ئیتلاعاتییەکانی دوژمنی ئێران بەرەڕوو بێتەوە. ئەو ئاژانسە ئیتلاعاتییە بیانییانە دزەیان کردبووە نێو گرووپە دژە شۆڕشەکان، هەروەها هەندێکیشان لە ماوەی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا دزەیان کردبووە نێو هەندێک لە بەشە سەرەکییەکانی حکوومەت. بێجگە لەمەش، حکوومەت دەبوو بەرپەرچی دژبەرانی خۆی لە دەرەوەی وڵات بداتەوە کە بەردەوام دژایەتیی حکوومەتی ئێرانیان دەکرد. (١٨)

بەرەڕوو بوونەوە لەگەڵ دژبەرانی شۆڕشی ئێران کە نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بوون، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە ساڵی ١٩٩٠دا بە ئەژمار دەهات. ئەم وەزارەتە بەرپرسی زۆربەی هێرشە تیرۆریستییەکان و تیرۆری دژبەران لە ماوەی ئەم دەیەدا بوو، وەکوو تیرۆری شاپووری بەختیار (دوایین سەرۆک وەزیران لە سەردەمی حکوومەتی ڕەزا شا). مەئموورانی

١٧) Untold [Incidents] About the Ministry of Intelligence,” [ناگفته هایی از وزارت اطلاعات]. Amir Farshad Ebrahimi,“Who Is Saeed Emami?” [ سعید امامی کیست؟][Iranian blog], May ٢٠٠٨ ,١٠,http://gavras.wordpress.com/١٠/٠٥/٢٠٠٨/% D%٨B%٣D%٨B%٩D٨%٩A%D%٨AF%D%٨A%٧D%٨B%٣D%٨٤%٩D%٨A%٧D%٨٥%٩DB٨%C-%D%٨A%٧D%٨٥%٩D%٨A%٧D%٨٥%٩DB٨%C-%DA%A%٩D٨%٩A%D%٨B%٣D%٨AA%D٩%٨F-%D%٨A%٧D%٨٥%٩ DB٨%C%D%٨B-١%D%٨١%٩D%٨B%١D%٨B%٤D%٨A%٧D%٨AF-%D%٨A%٧D%٨A٨/ (accessed May ٢٠١٢ ,١٨)

١٨) How Did the Ministry of Intelligence Form?” [ وزارت اطلاعات چگونه شکل گرفت؟],Khanevadeh Kooch[Iranian blog, Tehran], March ٢٠١١ ,١,http://www.koooch.com /thread١٧٠٣.html (ace ssed March ٢٠١٢ .٢٢.

وەزارەتـی ئیتلاعـات هەروەهـا بـە شـێوەی راسـتەوخۆ خەریکی کۆکردنـەوەی زانیاری بـۆ رەخەسـاندنی دەرفەتـی تیـرۆری سـەلمان روشـدی، نووسـەری لەدایکبـووی هینـد کـە پەرتووکـی ئایاتـی شـەیتانی نووسـیوە، بـوون. چونکـە ناوەڕۆکـی ئـەو پەرتووکـە بـە وتەیـەک دژایەتـی ئیسـلام دەکات. ئایەتوڵـڵا خومەینـی لـە مانگـی فیڤرییـەی سـاڵی ١٩٨٩دا فەتوایەکـی بـۆ گشـت موسـڵمانانی جیهـان بـە مەبەسـتی کوشـتنی سـەلمان روشـدی دەرکـرد و ئـەم فەتوایـە بـڵاو کرایـەوە. تیـرۆری ٤ کـورد ـ ئێرانـی و ئەندامـی حیزبـی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە شـاری بێرلیـن و لـە ریسـتۆرانێکی یۆنانیـی ناسـراو بـە میکۆنـۆس لـە سـاڵی ١٩٩٢دا توانـی سـەرنجی بیـروڕای نێونەتەوەیـی بـۆ لای خـۆی رابکێشـێت.

کـوردەکان و گرووپـە کەمینـە ئێتنیکییەکانـی دیکەی وەکوو بەلووچـەکان، تورکەکان و عەرەبـەکان لەژێـر چاودێریـی بەردەوامـی وەزارەتـی ئیتلاعـات دان، چونکـە ئـەو خەڵکـە بـەدوای سـەربەخۆبوون لـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی دان. [١٩]

"قەتڵـە زنجیرەییـەکان" لـە ئێـران، کۆمەڵـە تیرۆرێـک بـوون کـە لـە دەیـەی ١٩٩٠دا و بـۆ بێدەنـگ کردنـی رووناکبیرانـی دژبـەری حکوومەتـی ئێـران رووی دا. دوای تاوتوێکـردن و لێکۆڵینـەوە، وەزارەتـی ئیتلاعـات بەرپرسـایەتی تیرۆرەکانـی لـە ئەسـتۆ گـرت و رایگەیانـد کـە هەندێـک لـە مەئموورەکانـی ئـەم وەزارەتخانەیـە ئـەو جینایەتانەیـان بەبـێ ئـاگاداری و خۆسـەر بەڕێـوە بـردووە (بڕوانـن بـۆ رووداوە مێژووییـە سـەرەکییەکان لـە خـوارەوە). دادگایەکـی ئارژانتینـی وەزارەتـی ئیتلاعـات بـۆ کەڵـک وەرگرتـن لـە حیزبوڵـڵای لوبنـان بـە مەبەسـتی بۆمـب دانـان و تەقینـەوە

١٩) ـ Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country”; “Mostafa Poormohammadi: I Had No Role in Chain Murders” مصطفی پور محمدِی: در قتل های زنجیره ای نقشی نداشتم], BBC Persian, February ٢٠١٢ ,٢٧), http://www.bbc.co.uk/persian/iran/١٢٠٢٢٧/٠٢/٢٠١٢_l٣٢_pourmohamadi_iranian_murder.shtml (accessed May ٢٠١٢ ١٧); Alison Flood, “Salman Rushdie Reveals Details of Fatwa Memoir,” Guardian [Manchester], April ٢٠١٢ ,١٢, http://www.guardian.co.uk/books/٢٠١٢/apr/١٢/salman-rushdie-reveals-fatwa-memoir (accessed May ٢٠١٢ ,١٩); “Secret Execution of Four Arab Political Prisoners” وزارت اعدام مخفیانه چهار زندانی سیاسی عرب: خبر اجرای حکم به خانواده ها توسط اطلاعات], Gooya News, June ٢٠١٢ ,٢١, http://news.gooya.com/politics/archives/١٤٢٣٩٥/٠٦/٢٠١٢.php (accessed June

لــە باڵوێزخانــەی ئیســرائیل و ناوەنــدی جوولەکــەکان لــە بۆئێنــس ئایــرس لــە ســاڵەکانی ١٩٩٢ و ١٩٩٤ بــە تاوانبــار زانــی. [٢٠]

ئەگەرچــی ســپای پاســدارانی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران بەرپرســیاری ســەرەکیی ئەنجامدانــی ئــەو رووداوانــە ناســرا، بــەڵام بەدڵنیاییــەوە وەزارەتــی ئیتلاعــات هەندێک رۆڵــی لــە بەڕێوەبردنــی ئــەم ئۆپراســیۆنانەدا لــە ئەســتۆ بــووە. وەزارەتــی ئیتلاعــات ئامــادەکاری لەمــەڕ لۆجســتیک، پێوەندییەکانــی نێــوان بکــەران، هەروەهــا ئــەو بەڵگانــەی کــە بــۆ ئۆپراســیۆنەکان پێویســت بــوون، ئەنجــام داوە.

لــە یــەک دەیــەی رابــردوودا، پرۆگرامــی ناوکیــی ئێــران بۆتــە هــۆی رەخنەگرتنێکــی زۆری دەزگاکانــی ئیتلاعاتــی رۆژئــاوا لــە ئێــران. لــە وەڵامــدا، وەزارەتــی ئیتلاعــات زۆرتــر تەرکیــزی خســتۆتە ســەر دژایەتــی و بەرپەرچدانــەوەی چالاکیــی ئیتلاعاتیــی بیانییــەکان. [٢١]

یەکەیەکــی تایبەتــی دژە ســیخوڕ درووســت بــوو و ژمارەیــەک ســیخوڕ لەلایــەن یەکــەی دژە سیخوڕی وەزارەتــی ئیتلاعاتــەوە دەستبەســەر کــران کــە پێشــنیارەکانی نەیارانــی ئێــران و دوژمنانــی رژێمــی ئێرانیــان لــە شــەڕی ئیتلاعاتیــدا جێبەجــێ دەکــرد. ( چالاکییەکانــی وەزارەتــی ئیتلاعــات لــە ســەرەتای ســاڵی ٢٠٠٠وە لــە کــۆی ئــەم راپۆرتــەدا باســی لێــوە دەکرێــت.)

٢٠) Muhammad Sahimi, “The Chain Murders: Killing Dissidents and Intellectuals ١٩٩٨-١٩٨٨,” Tehran Bureau, PBS,
January ٢٠١١ ,٥, http://www.pbs.org/wgbh/pages/frontline/tehranbureau/٠١/٢٠١١/the-chain-murders-killing dissidents-and-intellectuals١٩٩٨-١٩٨٨-.html (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢). Tehran Bureau Web site claims to be an independent source of news on Iran and the Iranian diaspora; however, the tone of news published by this Web site
is critical of the Islamic Republic of Iran. It started to collaborate with the Public Broadcasting Service (PBS) in the
United States in September ٢٠٠٩; Muhammad Sahimi, “The Chain Murders,” Tehran Bureau, PBS, December ١٤, ٢٠٠٩, http://www.pbs.org/wgbh/pages/frontline/tehranbureau/١٢/٢٠٠٩/the-chain-murders١٩٩٨-١٩٨٨-.html (accessed
March ٢٠١٢ ,٢٢).


٢١) Iran, Argentina Clash over Jewish Center Bombing Iranian Cleric is Linked to Buenos Aires Bombing. That
Killed ٨٧ People in ‹٩٤,” Baltimore Sun, May ١٩٩٨ ,٢١, http://articles.baltimoresun.com/٢١-٠٥-١٩٩٨/news/
١_١٩٩٨١٤١٠١٣_rabbani-iran-bombing (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢); “Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country.”

### ٧ ـ ڕێکخراو

(واواک) بە شێوەی ڕاستەوخۆ وەڵامدەرە لە بەرانبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا. ئەگەرچی سەرکۆمار، بەرپرسی وەزارەت دیاری دەکات، بەڵام ڕێبەر دەبێت ئەم دیاریکردنە پەسەند بکات و سەرکۆمار ناتوانێت بەبێ ئیزنی ڕێبەر، وەزیری ئیتلاعات لەسەر کار لابەرێت. ئەم یاسایە ئەوکاتە دەرکەوت کە سەرکۆمار ئەحمەدی نژاد داوای لە وەزیری ئەوکاتی (واواک)، حەیدەر موسڵحی کرد کە لە ئاپریلی ساڵی ٢٠١١دا ـ بەهۆی ئەو ناکۆکی و ناتەباییەی لە نێوان موسڵحی و ڕاوێژکاری سەرکۆمار، ڕەحیم مەشایی دا بوو ـ کەسێک کە میعماری سیاسەتەکانی سەرکۆماری لە ئەستۆ بوو و لەلایەن ئۆسوولگەراکانەوە ڕەخنەی زۆری لەسەر بوو ـ لە پۆستەکەی بکشێتەوە. لە درێژەی دەست لە کارکێشانەوەی موسڵحیدا، ڕێبەر، عەلی خامنەیی داواکاریی ئەحمەدی نژادی بۆ لابردنی موسڵحی ڕەت کردەوە و سەرکۆمار لەژێر گوشاردا موسڵحی لە کابینەکەی خۆی هێشتەوە.[٢٢]

شکڵی خوارەوە پێگە و شوێنی (واواک) لە هیرارشی ئاژانسە ئیتلاعاتییەکانی ئێراندا نیشان دەدات (سەیری پەیوەستی خوارەوە بکە، شکڵی ژمارە ٤)

٢٢ “Moslehi Fired by Ahmadinejad at Cabinet Meeting,” Daneshjoo News, May ٢٠١١ ,٤, http://www.daneshjoonews.com/news/politics/٣٨-٤٣-١٥-١٤-٠٢-١٣٩٠-٧١٧٤.html (accessed March ٢٢). Daneshjoo News seems to be based in Iran. “Economist: Rahim Mashei Was Wiretapped by Moslehi” [اکونومیست: مصلحی رحیم مشایی را شنود می کرد], BBC Persian, May ٢٠١١ ,٦, http://www.bbc.co.uk/persian/iran/١١٠٥٠٦/٠٥/٢٠١١_u٠١_economist-moslehi.shtml (accessed May ٢٠١٢ ,١٨




پێکهاتەی ئاژانسە ئیتلاعەتییەکانی ئێران

سەرچاوە: Based on information from http://www.jerusalemreports. com/?m=andhttp://www.dolat.ir/NSite/Service/Cabine/?&Serv ٢٠١٢٠١

ئەو وەزیرانەی کە لەژێر فەرمانی سەرکۆماردا چالاکی دەکەن لیستەکەیان لە چارتەکەی خوارەوە دێت:

سەرۆک کۆمار

- وەزارەتی داد
- وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی هێزە چەکدارەکان
- وەزارەتی پەیوەندییەکان و تیکنۆلوژی و زانیاری
- وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان
- وەزارەتی کاروباری ئابووری وماڵی
- وەزارەتی کولتوور و ئیرشادی ئیسلامی
- وەزارەتی ئیتلاعات
- وەزارەتی کشتوکاڵ
- وەزارەتی خوێندنی باڵا
- وزارەتی تەعاون، کار و خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی
- وەزارەتی ناوخۆ
- وەزارەتی تەندروستی، چارەسەری و ئامووزشی پزیشکی
- وەزارەتی وزە
- وەزارەتی ڕێگاوبان، خانووبەرە و شار سازی
- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵات
- وەزارەتی نەوت
- وەزارەتی پیشەسازی، کانگا و توجارەت
- وەزارەتی وەرزش و لاوان

وەزیرەکانی ژێر دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار
بەپێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێبەر ئاراستەی کۆی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرکییەکان دیاری دەکات. ناوبراو فەرماندەی گشتیی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە و گشت ئۆپراسیۆنە ئیتلاعاتییەکان کۆنترۆڵ دەکات. هەر بۆیەش (واواک) و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە سپای قودسیش لەخۆ دەگرێت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ راپۆرت دەدەنەوە بە ڕێبەر. سەرکۆمار دووەمین بەرپرسی فەرمیی وڵاتە لە ئێراندا. ئەگەرچی یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی ئەوی لە ڕێگەی لقە بەڕیوەبەرییە گشتییەکان و بەتایبەت وەزارەتی ئیتلاعات و ئەندامانی بچووکی وەزارەتەکانی دیکە و لەوانە وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵات و نەوت بە ڕێبەر سنووردار کردۆتەوە. (٢٣)
دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەند بەش پێکهاتووە کە یەک لەوان وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بەپێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە سەرنجدان بە دامەزراندنی وەزارەت ئیتلاعات، ئەسڵی ١، ماددەی ١، پێویستە کە ڕێکخراوە سەربازییەکان لەگەڵ (واواک) لە بواری ئیتلاعاتی سەربازیدا هاوکاری بکەن. هەر لە ئەم ئەسڵە و لە ماددەی ٢دا دەڵێت، پێویستە گشت وەزارەتەکان، ئەنجومەنەکان، کۆمپانیا حکوومەتییەکان و هێزە پۆلیسی و سەربازییەکان کە زانیاریی تایبەت کۆ دەکەنەوە، لەگەڵ (واواک) هاوکاری بکەن و (واواک) هەرچی زانیاریی دەوێت، پێی بدەن.
یاسای بنەڕەتی هەروەها دەڵێت کە وەزارەتی ئیتلاعات بەرپرسی چالاکییە ئیتلاعاتییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتە. ماددەکانی ٥ و ٦یش پێناسەی بەرپرسایەتییەکانی سپای پاسداران و وازرەتی ئیتلاعات و ئەوەی کە ئەوان چۆن دەبێت هاوکاریی یەکتر بکەن، دەکات. ماددەی ٥ دەڵێت پێویستە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت لەبارەی بەرەڕوو بوونەوە لەگەڵ ناڕازییان و دژبەرانی شۆڕش لە نێو خۆی

٢٣) The Structure of Power in Iran," Iran Chamber Society, n.d., http://www.iranchamber.com/government/articles/structure_of_power.php (accessed April ٢٠١٢ ,١١).

وڵات بەڕێوە ببات و سپای پاسداران ئەو مافەی هەیە کە زانیارییەکان کۆ بکاتەوە، شرۆڤەی بکات و بەرهەمی بێنێت بۆ ناسینی دژبەرانی شۆڕش لە ڕێگەی یارمەتیکردنی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە. [٢٤]

هەربۆیەش، سپای پاسداران و باڵی ئۆپراسیۆنی دەرەوەی وڵات واتە هێزی قودس، ئەرک پێسپێردراون بۆ دانەوەی ڕاپۆرتی چالاکییەکانیان بە وەزارەتی ئیتلاعات وەکوو بەرزترین دەسەڵاتی ئیتلاعاتی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا. لە بەرانبەردا وەزارەتی ئیتلاعات پشتیوانی لۆجستیکی و ئامرازی پەیوەندیگرتن ئامادە دەکات و بوارەکانی ئەو ئۆپراسیۆنانەی کە هێزی قودس و ئەو ڕێکخراوە بیانییانەی کە کار بۆ هێزی قودس دەکەن و لەوانە حیزبوڵڵای لوبنان، لە ئەستۆ دەگرێت. [٢٥]


(واواک) سەرەکیترین ڕێکخراوی دەرگیر لە ئۆپراسیۆنی زانیارییە کە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و ئیتلاعاتەوە پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، ئەگەرچی شووڕای باڵای ئاسایشی نەتەوەیی سیاسەتەکانی ئاسایش ـ نەتەوەیی دیاری دەکات و دەبێت دڵنیا بێت کە ئەم سیاسەتانە لەگەڵ بۆچوون و تێبینییەکانی ڕێبەری وڵاتدا هاوتەریب و یەک ئاراستەیە. مادەی ١٧٦ی یاسای بنەڕەتیی ئێران شووڕای باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانی دامەزراندووە و ئەرک و بەرپرسایەتیی "پاراستنی کۆماری ئیسلامی، پاراستی یەکپارچەیی سەرزەمینی و سەروەرەیی نەتەوەیی ئێران"ی بەم شووڕایە داوە. ئەندامەکانی ئەم شووڕایە بریتین لە سەرکۆمار، سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، سەرۆکی دەزگای دادوەری، سەرۆکی ستادی گشتیی هاوبەشی هێزە سەربازییەکان، وەزیری وەزارەتخانەکانی کاروباری دەرەوی وڵات، ناوخۆ و ئیتلاعات و دوو نوێنەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێک لەوانە هەمیشە دەبێتە سکرتێری شوورا. شوورا ڕەنگە ئەندامی کاتیشی هەبێت کە لە فەرماندەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و ئەرتەشی ئەم وڵاتە، هەروەها وەزیرەکان یان بەرپرسانێک کە بەرپرسایەتییەکانیان پەیوەندی بە سیایەتێکی تایبەتەوە

---

٢٤) ـ “Intelligence and Law.”
٢٥) Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country.”

هەبێـت، پێکدێـت. ڕێبـەری کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران سەرپەرستیی چالاکییەکانـی شـوورای بـاڵای ئاسایشـی نەتەوەیی دەکات (بڕوانە شـکڵی ژمـارە ٣، خوارەوە).[٢٦]

شوورای باڵای ئاسایشی نەتەوەیی




شکڵی ژمارە ٣: چارتی ڕێکخراوەیی شوورای باڵای ئاسایشی نەتەوەیی

٢٦) The Structure of Power in Iran”; “The Supreme National Security Council شـورای عالـی امنیـت ملـی, Iran’s Judicial Laws Bank [Tehran], n.d., http://libc.ir/index.php?option=com_content&view=article&id=٥٦-٠٥-١٧-٠١-١٢٦:١٣٩١٠٠&catid=٠١-٥٣-١١-١٤-٠١-٥٥:١٣٩١&Itemid=٧٠ (accessed September ٢٠١٢ ,٦).

هەروەک پێشتر باس کرا، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەرگیرە لە ئۆپراسیۆنەکانی ئیتلاعاتی ئێراندا. پەیوەندیی نێوان رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی خامنەیی و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ـ لە ساڵی ١٩٨٠دا و لە کاتی دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق، کاتێک کە خامنەیی وەزیری بەرگری بوو، دامەزرا ـ کە بووە هۆی دەرگیر بوون و دەستێوەردانی زۆرتری سپا لە کاروبارەکانی وڵاتدا. پشتیوانییە لێبڕاوانەکانی رێبەر لە سپای پاسداران وای کرد کە ئەم رێکخراوە ببێتە بەهێزترین دامەزراوە لەنێو حکوومەتی ئێران و لە چەندین بواردا، لەوانە سەربازی و ئابووری، هەروەها لە گۆڕەپانی سیاسیشدا (بۆ نموونە، لە کابینەی هەنووکەییدا، زیاتر لە نیوەی وەزیرەکان، فەرماندە پلەبەرزەکانی سپای پاسدارانن). بەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە لە بواری ئیتلاعاتیدا، سپای پاسداران بەهێزترین چالاکیی هەبێت. هێزی قودس (بەرپرسی گشت ئەرکەکانی ئۆپراسیۆنی دەرەکی لەوبەری سنوورەکانی ئێرانە)[٢٧] و ئیتلاعاتی سپای پاسداران دوو دامەزراوەی ئیتلاعاتیی کاریگەری دیکەن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات چالاکی دەکەن.

ئیتلاعاتی سپا لە سەرەتای کاتی درووستبوونی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٠دا، لەژێر ناوی ئۆفیسی ئیتلاعاتی سپا کاری دەکرد. دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ئۆفیسی ئیتلاعاتی سپای پاسداران چالاکییەکانی خۆی لە فۆرمی رێکخراوێکدا درێژە پێدا کە لە رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران فەرمان وەردەگرێت.[٢٨]

پێکهاتنی رێکخراوێکی ئیتلاعاتیی دیکە لە ئێراندا لەو کاتەی کە محەممەدی خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو بە سەرکۆمار، رووی دا. نەبوونی متمانە بە

٢٧) Elliot Hen-Tov and Nathan Gonzalez, “The Militarization of Post-Khomeini, Iran: Praetorianism ٢,٠”
(Washington, DC: Center for Strategic and International Studies, Winter ٥٠ ,(٢٠١١, https://csis.org/files/publication/twq١١winterhentovgonzalez.pdf (accessed May ٢٠١٢ ,٢٢).

٢٨) Iran’s Minister of Intelligence: The Intelligence [Forces] Working Parallel [with MOIS] Have to Be Stopped”
[وزیر اطلاعات ایران: یاد جلوی موازی کاری اطلاعاتی گرفته شود], BBC Persian, May ٢٠١٢ ,٢٩, http://www.bbc.co.uk/persian/iran/١٢٠٥٢٩/٠٥/٢٠١٢_l٣٩_intelligence_paraller-activities.shtml (accessed May ٢٠١٢ ,٢٩).

حکوومەتــی نــوێ بەهــۆی ئــەوەی کــە روانگەکانــی خاتەمــی زۆر لیبــراڵ بــوون وای کــرد کــە وەلــی فەقیهــ گرووپێکــی ئیتلاعاتیــی نوێــی وەکــوو ئیتلاعــات لــە ســپا، پۆلیس و دەزگای دادوەری دابمەزرێنــێ. دوای هەڵبژاردنــی ئەحمــەدی نــژاد وەکــوو ســەرکۆمار لــە ســاڵی ٢٠٠٥دا و بەهــۆی ناکۆکیــی زۆری نێــوان ئــەو و رێبــەر، ئایەتوڵــڵا خامنەیــی بڕیــاری دا کــە دامــەزراوەی ئیتلاعاتــی ســپا وەکــوو رێکخراوێکــی ئاڵترناتیــڤ کــە دەتوانێــت هاوتەریبــی وەزارەتــی ئیتلاعــات کار بــکات، بهێڵێتــەوە ـ چونکــە ســەرکۆمار دەیتوانــی کاریگەریــی هەبێــت لەســەر بەرپرســی وەزارەتــی ئیتلاعــات یــان کەســانێکی دیکــە، لــە حاڵێکــدا ســپای پاســداران بەتەواوەتــی لەژێر فەرمانــی رێبەردایــە. [٢٩]

ئەسڵی ٧٦ی یاسای بنەڕەتی ئەرکەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەها دیاری دەکات:

- ئامادەکردنی ئیتلاعاتی سەربازی
- وەرگرتنــی زانیاریــی پێویســت لــە وەزارەتــی ئیتلاعات پێش لــە بەڕێوەبردنی هەرچەشــنە ئۆپراســیۆنێک کــە دەســەڵاتی دادوەریــی فەرمانــی لەســەر دەرکردبێــت (ســپای پاســداران یەکێــک لــەو رێکخراوانەیــە کــە وەکــوو باســکی جێبەجێــکاری سیســتەمی دادوەریــی ئێــران چالاکــی دەکات)
- دانی زانیاری بە وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت

هێــزی قــودس لــە نزیکــەوە لەگــەڵ وەزارەتــی ئیتلاعــات کار دەکات. لــە راســتیدا ئەمــە نیشــان دەدات کــە ئۆپراســیۆنەکانی هێــزی قــودس لــە دەرەوەی وڵاتــی ئێرانن، لــە حاڵێکــدا وەزارەتــی ئیتلاعــات تەرکیــزی زیاتــری لەســەر کاروبــاری نێوخــۆی وڵاتــە.

ئەگەرچــی وەزارەتــی ئیتلاعــات، لــە ئۆپراســیۆنەکانی دەرەوەی ئێران لــە حاڵەتەکانی خــوارەوە رۆڵــی ســەرەکیی هەیە:

- دزە کردن لە نێو گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان
- دروســتکردنی تۆڕگەلــی تیرۆریســتی و گرووپگەلــی ســەربازی (ئــەم بەشــە لــە چوارچێــوەی کارو حــەزی هێــزی قــودس دایــە)
- ناســینی هەڕەشــە بیانییــەکان، بەتایبــەت ئەوانــەی مەبەســتیان چالاکیــی

٢٩) Iran's Minister of Intelligence: The Intelligence [Forces] Working Parallel [with MOIS] Have to Be Stopped."

ناوکی ئێرانە و بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئاژانسە ئیتلاعاتییە بیانییەکان و لەوانە CIA ئەمریکی و مووسادی ئیسرایل[٣٠]

- بڵاوکردنەوەی هەواڵی نادروست و چەواشەکارانە
- وەدەستهێنانی تەکنۆلۆژی بۆ پیشەسازیی سەربازی ئێران.[٣١]

دابەش بوونی دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکان لە نێوان وەزارەتی ئیتلاعات و رێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداراندا روون نییە و شرۆڤەکاران لەو بڕوایەدان کە روون نەبوونی پێناسەی بەرپرسایەتییەکان و تێکەڵاوبوونی بیاڤی دەسەڵاتەکانیان بۆتە هۆی درووستبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا. رواڵەتەن لە هەندێک حاڵەتدا، هێزی قودس و ئیتلاعاتی سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات لە زانیارییەکانیان بەشدار ناکەن، ئەگەرچی پێویستە ئەم کارە ئەنجام بدەن. ئەم کەلێنە لە کاتی سەرکۆماریی "خاتەمی"دا قووڵتر بووەوە و زۆرێک لە ریفۆرمخوازەکان پۆستە سەرەکییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتیان لە ئەستۆ گرتبوو. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩، سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعاتی بە تاوانبار زانی کە ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەجێ نەگەیاندووە و ئیددیعای ئەوەی کرد کە ئەم کارە بۆتە هۆی درووستبوونی ئاڵۆزی و بشێوی لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان.[٣٢]

لە ساڵی ١٩٩٦دا، حکوومەتی ئێران رێکخراوێکی دروست کرد کە پێی دەوترا شووراي باڵا بۆ کاروباری ئیتلاعاتی کە لەژێر فەرمانی وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەتدا پێکدەهات تا هەماهەنگیی سیاسی لەگەڵ شووراي باڵای ئاسایشی نەتەوەییدا بکات. وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەتی وڵات، شووراي باڵای بۆ کاروباری ئیتلاعاتی بەکار دەهێنا. ئەم رێکخراوە چەترە، ٢٠هەزار کارمەندی هەیە و ١٢ دپارتمانی جیاوازی هەیە.[٣٣] ئامانج لە دروستکردنی ئەم شوورایە روون نییە، رەنگە وا گریمانە بکرێت کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێت بە

٣٠) “Intelligence and Law.”
٣١) - “Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country.”
٣٢) Iran’s Minister of Intelligence: The Intelligence [Forces] Working Parallel [with MOIS] Have to Be Stopped”“Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country.”
٣٣) Carl Anthony Wege, “Iranian Intelligence Organizations,” Taylor Francis Online, ٢٨٨ ,١٩٩٧, http://www.
tandfonline.com/doi/pdf/٠٨٨٥٠٦٠٩٧٠٨٤٣٥٣٥١/١٠,١٠٨٠ (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢).

دروستکردنی سیستمێکی هاوتەریب بۆ شووراى باڵای ئاسایشی وڵات دڵنیا بێت کە کاروباری هەر شوورایەک لە چوارچێوەی تێڕوانین و بۆچوونەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێت. (٣٤)

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەست دان، وەزارەتی ئیتلاعات ١٥ ژووری کاریی هەیە کە بریتین لە :١) ئەمنیەت، ٢) دژە زانیاری،٣) ئۆپراسیۆنی دەرەوەی وڵات ٤) پێڕاگەیشتنی ئەمنیەتی ( لە فارسیدا حفازت اتلاعات)، ٥) تەکنۆلۆژی، ٦) سیاسەت، ٧) هەڵسەنگاندن و ستراتیژیی کاروبارەکان، ٨) ڕاهێنان، ٩) لێکۆڵینەوە، ١٠) ئەرشیف و دۆکیۆمێنت، ١١) هێزی مرۆیی، ١٢) ئیداری و ماڵی، ١٣) پێوەندییە یاسایی ـ پارڵمانییەکان ١٤) ئابووری و ١٥) کولتووری ـ کۆمەڵایەتی.

زانیاریی کەم لەبارەی ئەم ژوورانەوە لەبەردەست دایە، بەڵام وەزارەتی ئیتلاعات ئۆفیسی جۆراوجۆری هەیە کە لە خوارەوە نیشان دەدرێت (بڕوانە بۆ خشتەی ١). ئەو ڕوانگە هەیە کە ژووری ئەمنیەت لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و وێدەچێت ئەمەش بۆ ئەوە بێت کە ئەم بەرپرسایەتییە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. (٣٥)

بەشێکی تایبەت لە وەزارەتی ئیتلاعاتدا هەیە کە پێی دەوترێت، دپارتمانی زانیاریی هەڵخەڵەتێنەر کە چالاکی دەکات نە وەکوو ژوورێکی سەربەخۆ و نەک ئەوەی لەژێر فەرمانی بەشەکانی دیکەدا بێت. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە بەشی کۆنترۆڵیی میدیا، لەژێر شێوازەکانی ئۆپراسیۆن و تاکتیکەکان، لە خوارەوە).

٣٤) The Islamic Republic of Iran's Ministry of Intelligence and Security" وزارت اطلاعـات جمهـوری اسـلامی ایــران ], Varzesh ١١[Iranian blog], August ٢٠١١ ,٢٢, http://www.varzesh١١.blogfa.com/cat٤١٧-.aspx (accessed May
٢٠١٢ ,٢١). The reliability of this blog is questionable; however, the information in this report from this blog is widely distributed on other blogs as well.

٣٥) ٣٧ ـ Ebrahimi, "Who is Saeed Emami?"; "The Islamic Republic of Iran's Ministry of Intelligence and Security"
[وزارت اطلاعات جمهوری اسلامی ایران], Hokoomat Nezami [Iranian blog], n.d., http://gavras.wordpress.com/
١٠/٠٥/٢٠٠٨/٪D٪٨B٪٣D٪٨B٪٩D٨٪٩A٪D٪٨AF-٪D٪٨A٪٧D٪٨B٪٣D٪٨٤٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩DB٨٪C-
٪D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩DB٨٪C-٪DA٪A٪٩D٨٪٩A٪D٪٨B٪٣D٪٨AA٪D٩٪٨F-٪D٪٨A٪٧
D٪٨٥٪٩DB٨٪C٪D٪٨B٪-١D٪٨١٪٩D٪٨B٪١D٪٨B٪٤D٪٨A٪٧D٪٨AF-٪D٪٨A٪٧D٪٨A٨/ (accessed
May ٢٠١٢ ,١٨); Daniel M. Zucker, "Disinformation Campaign in Overdrive: Iran's VEVAK in High-Gear," Global
Politician, September ٢٠٠٧ ,٣, http://www.globalpolitician.com/-٢٣٣٨٦vevak-iran (accessed May ٢٠١٢ ,٢١

| خشتەی ژمارەی ١ـ ژوورەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئۆفیسە گرێدراوەکانی | |
|---|---|
| ناوی ژوور | ناوی ئۆفیس (ئۆفیسەکان) |
| ئەمنیەت | ئۆفیسی ئەمنیەت، ئۆفیسی ئۆپراسیۆنەکان، ئۆفیسی پاراستن |
| دژە زانیاری | ئۆفیسی دژە زانیاری |
| ئۆپراسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات | ئۆفیسی ئۆرووپا، ئۆفیسی ئافریقا، ئۆفیسی قارەی ئەمریکا، ئۆفیسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئۆفیسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئۆفیسی فەلەستین و ئیسراییل، ئۆفیسی ئاسیا و زەریای هێمن |
| پێڕاگەیشتنی ئەمنیەتی | ئۆفیسی پێڕاگەیشتنی ئەمنیەتی، ئۆفیسی سکاڵاکان |
| تەکنۆلۆژی | ئۆفیسی تەکنۆلۆژیای نوێ، ئۆفیسی تەکنۆلۆژیای سیخوڕی |
| سیاسەت | ئۆفیسی سیاسەت |
| کاروباری ستراتیژیک و هەڵسەنگاندن | ئۆفیسی هەڵسەنگاندن |
| ئامووزش | ئۆفیسی ئامووزش |
| لێکۆڵینەوە | ئۆفیسی لێکۆڵینەوە |

| | |
|---|---|
| ئەرشیف و دۆکیۆمێنتاری | ئەرشیڤی دۆکیۆمێنت و ئەرشیف |
| هێزی مرۆیی | ئۆفیسی هێزی مرۆیی، ئۆفیسی سرویسە خزمەتگوزارییەکان |
| ئیداری و ماڵی | ئۆفیسی ماڵی، ئۆفیسی ئیداری |
| پەیوەندییە یاسایی و پارلمانییەکان | ئۆفیسی پەیوەندییە یاساییەکان، ئۆفیسە پەیوەندییە پارلمانییەکان |
| ئابووری | ئۆفیسی ئابووری، ئۆفیسی شەڕ دژی گەندەڵی |
| کولتووری ـ کۆمەڵایەتی | ئۆفیسی کولتوری، ئۆفیسی کۆمەڵایەتی |

سەرچاوە: : http://www.varzesh١١blogfa.com/cat-٤١٧.aspx

**٨ ـ ڕێبەرانی سەرەکی**

بەپێی پەسەند کراوی پارلمانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٣دا، وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئێران دەبێت خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەی خوارەوە بێت:[٣٦]

- خاوەنی بڕوانامەی قوتابخانەی ئایینی لە "اجتهاد"دا بێت،
- ئەندامی هیچ گرووپ، یان پارتێکی سیاسی نەبێت،
- بەناوبانگ و خۆشناو بێت، وەکوو کەسایەتییەکی دروست و خواناس ناسرابێت
- خاوەنی پێشینەکی بەهێز و دروست لە سیاسەت و کارگێڕیدا بێت.

یەکەمین وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران "موحەممەد رەی شەهری" بوو. ئەو یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە بوو کە

بەدوای پەرەپێدانی سیاسەتەکان و کردەوەکانی وەزارەتەوە بوو، (بڕوانە

٣٦) ـ “Intelligence and Law.”

وێنــەی ٤، لــە خــوارەوە).

کاتێک عەلی ئەکبەری هاشـەمی رەفسـەنجانی لە سـاڵی ١٩٨٩دا بوو بە سـەرکۆمار "عەلـی فەلاحیـان"ی وەکـوو وەزیـری ئیتلاعـات و ئەمنیـەت دانـا، فەلاحیـان بـۆ مـاوەی ٨ سـاڵ لـەو پۆسـتەدا بـوو. دوای هاتنە سـەرکاری فەلاحیـان وەکوو وەزیری ئیتلاعـات هێرشـی تیرۆریسـتی فـراوان دژی ئۆپۆزیسـیۆنی کۆمـاری ئیسـلامی رووی دا، کـە لـە خۆگـری هێرشـی تیرۆریسـتی بـۆ سـەر رێبەرانـی ئۆپۆزیسـیۆنی کـوردی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٩٢ لـە بێرلیـن، کـە بـە تیـرۆری میکۆنـۆس ناسـراوە، بۆمـب دانـان لـە سـەنتەری کۆمەڵـگای ئارژانتیـن ـ ئیسـراییلی لـە بۆئێنـس ئایـرس، لـە سـاڵی ١٩٩٤ لـە ئارژانتیـن و هێـرش بـۆ سـەر تاوەرەکانـی خوبـار لـە سـاڵی ١٩٩٦ لـە عەرەبسـتانی سـعوودی.

فەلاحیـان هێشـتا بەپێـی حوکمـی دەستبەسـەر کردنێـک کـە لـە سـاڵی ١٩٩٦ و لەلایـەن دادگایەکـی ئاڵمانییـەوە بەهـۆی رۆڵـی ناوبـراو لـە تیـرۆری رێبـەرە کـوردە ئێرانییـەکان ـ تیـرۆری میکۆنـۆس ـ بـۆ دەرچووبـوو، لەلایـەن پۆلیسـی نێونەتەوەییـەوە داوا دەکرێـت.(٣٧)

دوای ئـەوەی محەممـەدی خاتەمـی لـە سـاڵی ١٩٩٧دا وەکـوو سـەرکۆمار هاتـە سـەرکار، قوربانعەلـی دوڕی نەجـەف ئابـادی هاتـە شـوێنی فەلاحیـان. کاتێـک ناوبـراو وەزارەتـی لـە ئەسـتۆ گـرت، " قەتڵـە زنجیرەییـەکان لـە ئێـران" رووی دا. بەهـۆی ئـەوەی کـە ئـەم رووداوانـە پڕۆپاگەنـدە و رەنگدانـەوی زۆری نێونەتەوەیـی بـەدواوە بـوو، وەزیـری ئیتلاعـات ناچـار بـوو کـە دەسـت لـە کارکێشـانەوەی خـۆی رابگەیەنێـت. بەشـێکی زۆر لـە شـرۆڤەکاران لـەو بڕوایـەدان کـە عەلـی فەلاحیـان

٣٧) Masters of Disinformation," Iran Terror Database; "Iran's Secretive Quds Force Has Terror Links," Soldier of Fortune, October ٢٠١١ ,١٢, http://www.sofmag.com/iran%E٩٩%٨٠%٢s-secretive-quds-force-has-terror-links (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢); Saeed Bayani, "Vali Faqih and Terror at Mikonos Restaurant" [ولـی فقیـه و تـرور در رسـتواران میکونـوس], Radio Zamaneh, August ٢٠١٠ ,١٧, http://www.radiozamaneh.com/politics/٦٢٧٦/١٧/٠٨/٢٠١١ (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢). Radio Zamaneh was founded by the Dutch Ministry of Foreign Affairs but in content is an independent broadcasting organization; however, the tone of the articles and news on this Web site is critical of the Iranian government; Sahimi, "The Chain Murders," ٢٠٠٩; Sahimi, "The Chain Murders: Killing Dissidents and Intellectuals ٢٠١١ ",١٩٩٨–١٩٨٨.

لە واقیعدا لە پشت گشت ئەو تیرۆرانەوە بوو، ئەویش پیلانی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر نووسەران و رووناکبیرانی دژی رێژیمی دارشتبوو. (٣٨)
وەزیری دواتر، دیسانەوە لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمیدا، عەلی یوونسی بوو. لە سەردەمی "یوونسی"دا وەزارەت زیاتر لە کاروباری ئابووریدا دەرگیر بوو، یوونسی کۆکردنەوەی دەسەڵات و سروەتی لە وەزارەتدا راگرت و فەرمانی پێشگرتن لە گەندەڵی دا. ناوبراوا بەهۆی ئەوەی کە روانگەکانی زۆرتر لیبراڵ بوو، دژبەر و نەیاری زۆری لەنێو ئۆسووڵگەراکاندا لە ئێران هەبوو. (٣٩)
دوای ئەوەی کە ئەحمەدی نژاد لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا بوو بە سەرکۆمار، غوڵامحوسێن موحسنی ئێژەیی وەکوو وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت دیاری کرد. ئەگەرچی لەبەر ئەوەی ناکۆکی و تێکهەڵچوونێک لە نێوان ئێژەیی و راوێژکاری سەرکۆماری، رەحیم مەشایی هاتە ئاراوە، ئێژەیی دوای تەواوبوونی یەکەمین خولی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد، دەستی لەکار کێشایەوە. حەیدەر موسڵحی دووبارە لەجیاتی ئێژەیی دانرا.
لە سەردەمی وەزارەتی "موسڵحی"دا، عەبدوڵمالک ریگی، سەرۆکی جنداللە-گرووپی چالاکی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران - دەستبەسەر کرا و زۆرێک ئۆپراسیۆن بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تۆرە سیخورییەکان ئەنجام درا و زۆر کەسیش دەستبەسەر کران. کەڵک وەرگرتنی ئەو لە میدیا بۆ پڕوپاگەندە لەپێناوی سەرکەوتنی وەزارەتەکەی، ناوبراوی لەنێو ئۆسووڵگەراکان ئێراندا زۆر خۆشەویست کرد. (٤٠)

٣٨) Jamshid Barzegar, “Akbar Ganji: The Chain Murders Was a Government Project” [اکبر گنجی: قتل های زنجیره ای پروژه ای حکومتی بود], BBC Persian, December ٢٠١٠ ,٧, http://www.bbc.co.uk/persian/iran/١٠١٢٠٧/١٢/٢٠١٠_ganji_serial_murders.shtml (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢).

٣٩) - “If Applicable Law Does Not Prohibit Money Laundering, the Government Will Be Charged” [قانون منع پولشویی اجرا نشود، دولت متهم می شود], Khabar Online [Tehran], December ٢٠٠٨ ,١٤, http://www.khabaronline.ir/detail/٧٥٥ (accessed April ٢٠١٢ ,١١). Khabar Online is a news Web site in Iran with a pro-Iranian government viewpoint.

٤٠) - “Member of Parliament’s Defense for Mohseni Eje’ i” [دفاع نمایندگان مجلس از محسنی اژه ای], Farda News [Tehran], July ٢٠٠٩ ,٢٧, http://www.fardanews.com/fa/news/٨٧٤٥٦/%D%٨AF%D%٨١%٩D%٨A%٧D%٨B-٩%D%٨٦%٩D%٨٥%٩D%٨A%٧D٨%٩A%D%٨٦%٩D%٨AF%DA%AF%D%٨A%٧D-٨٦%٩%D%٨٥%٩D%٨AC%D%٨٤%٩D%٨B%-٣D%٨A%٧D%٨B%-٢D%٨٥%٩D%٨AD%D%٨B%٣D%٨٦%٩DB٨%C-%D%٨A%٧DA%٩٨%D%-٨٧%٩D%٨A%٧DB٨%C (accessed November ٢٠١٢ ,١٢).

تاوتوێکردنـــی رابـــردووی وەزیـــرە جۆراوجـــۆرەکان کـــە وەزارەتـــی ئیتلاعـــات و ئەمنیەتیـــان رێبـــەری کـــردووە، بـــە شـــێوەی خوارەوەیـــە:


- زۆربەیـان دەرچـووی قوتابخانـەی حەقانی لە شـاری قومـن، قوتابخانەیەکی شـیعە کـە لەلایـەن گرووپـی ئۆسـوولگەراوە ـ رووحانییەکانـی باڵـی راسـت ـ کۆنتـرۆڵ دەکرێـت.
- هەموویـان دەرچـووی بەشـی مافـن کـە لـە قوتابخانـەی ئایینـی یـان لـە زانسـتگە تەواویـان کـردووە.
- زۆربەیـان لـە پۆسـتەکانی جۆراوجـۆر (بـۆ نموونـە، دۆزگـەر، سـەرۆکی دادگای شۆڕشـی ئیسـلامی، دۆزگـەری گشـتی) لـە دەزگای قەزایـی حکوومـەت خزمەتیـان کـردووە.
- هەموویان خاوەنی ئایدۆلۆژی ئایینی و روانگەی سیاسی کۆنەپارێزانەن.
- هەموویـان رووحانـی (کەسـانێک کـە دەبێـت خاوەنـی دەرجـەی اجتهـاد بـن لـە قوتابخانـەی ئایینیـدا) بـوون.[٤١]

موسـڵحی، وەزیـری هەنووکەیـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت، لـە دەرفـەت و کات و سـاتی جیـاوازدا باسـی کـردووە کـە کۆکردنـەوەی زۆربـەی زانیارییەکانـی وەزارەتـی ئیتلاعـات ئـەو زانیارییانەیـە کـە لـە خەڵکـەوە پێیـان دەگات. وەزارەت ژمـارە تلفۆنێکـی ٣ رەقەمـی (١١٣) بـۆ ئـەو ئێرانیانـە داناوە کـە چالاکی و حاڵەتـە جێ گومانـەکان راپـۆرت بکەنـەوە.[٤٢]

---

٤١) Milani and Ashkevari Speak About the Haghani School," YouTube, November ٢٠١١ ,١٤, http://www.youtube.com/watch?v=oabDKk٤٩BzI (accessed April ٢٠١٢ ,١١); on ijtihad, see footnote ٣٩.

٤٢) ـ "Yesterday, Today, Tomorrow—Heydar Moslehi, the Minister of Intelligence," YouTube, February ٢٠١١ ,٢٤, http://www.youtube.com/watch?v=Y٩wT٣ljkhf٨ (accessed April ٢٠١٢ ,١١); "Introduction to the Ministry of Intelligence Public Relations" آشـنایی بـا روابـط عمومـی وزارت اطلاعـات, Jame Jam Online [Tehran], February ,١١ ٢٠٠٩, http://www.jamejamonline.ir/papertext.aspx?newsnum=١٠٠٨٩٨٨٠٦٣٨٦ (accessed April ٢٠١٢ ,١١).





**شکڵی شمارە٤: وەزیرەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی و ئەمنیەت لە ساڵی ١٩٨١وە تا هەنووکە**

سەرچاوە: Compiled from multiple sources used in the preparation of this report

هەندێک یاریدەدەر ژوورە جۆراوجۆرەکانی وەزارەتیان لە کاتی دامەزراندنییەوە بەڕێوەبەری کردووە، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لەم ڕێکخراوەدا

کەسایەتییەکی ناسراو و دیار بووون. یەک لەوانە سەعید حەجاریان، یەکێک لە دامەزرێنەرنی وەزارەتی ئیتلاعات بووە. روانگەیەک هەیە کە دەڵێت ئەو مێشکی کەتواری سیستمی ئیتلاعاتی ئێرانییەکان لە دوای شۆڕشەوە بووە. نابراو بوو بە جێگری یەکەمین وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت (رەی شەهری) دوای ئەوەی وەزارەتی ئیتلاعات لە ساڵی ١٩٨٤ وەکوو دەزگایەکی ئیتلاعاتی لە کۆماری ئیسلامیدا دارێژرا و رێک خرا. کاتێک فەلاحیان، دووەمین وەزیری ئیلاعات ـ کەسایەتییەکی ئۆسوولگەرا ـ هاتە سەرکار، حەجاریان وەزارەتخانەی بەجێهێشت. چونکە بڕوای وا بوو کە وەزیری نوێ بەناوبانگییەکی جەنجاڵی هەیە. حەجاریان و ئینقلابیە چەپەکانی دیکە بۆیان دەرکەوت کە ئێران پێویستی بە کرانەوەی سیاسی هەیە، ئەگینا کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بمێنێتەوە. هەر بۆیەش ئەو بوو بە رێبەری ستراتژیستی بزووتنەوەی رێفۆرم لە ئێراندا.


سەعید حەجارییان

دوای هەڵبژاردنی خاتەمی بۆ سەرکۆماری لە ساڵی ١٩٩٧دا، خاتەمی حەجاریانی وەکوو راوێژکاری خۆی هەڵبژارد. لە ساڵی ٢٠٠٠دا حەجاریان لەلایەن باڵی ئۆسوولگەراوە تیرۆر کرا.[٤٣]

سەعید ئیمامی (یان سەعید ئیسلامی) بەرپرسی ژووری ئەمنیەت و یەکێک لە کێشە خوڵقێنترین جێگرەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بوو، چونکە ئەو بەرپرسی ئۆپراسیۆنی بەناوبانگ بە "قەتڵە زنجیرەییەکان" بوو کە بەو هۆیەوە رووناکبیرانی ئێرانی لە دەیەی ١٩٩٠دا تیرۆر کران.

٤٣) ـ Muhammad Sahimi, “Reformist Strategist: Saeed Hajjarian,” Tehran Bureau, PBS, July ٢٠٠٩ ,٨, http://www.pbs.org/wgbh/pages/frontline/tehranbureau/٠٧/٢٠٠٩/reformist-strategist-saeed-hajjarian.html (accessed ١٧ May, ٢٠١٢).



سەعید ئیمامی

پێشینەی خوێندنی ئەو لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٧ و پێشینەی بنەماڵەیی (ئەوان پەیوەندی و گرێدراوییان لەگەڵ رێژیمی شا هەبوو) پرسیارێکی زۆری دروست کردبوو لەبارەی دەروەستی و شیاوی ئەو بۆ وەرگرتنی لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە. لە کاتی وەزارەتی رەی شەهریدا، ئیمامی پۆستێکی سەرەکیی لە ژووری دەرەوەی وڵات هەبوو. دوای ئەوەی فەلاحیان بووە وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت، ئیمامی بوو بە بەرپرسی ژووری ئەمنیەت کە سەرەکیترین ژووری وەزارەتی ئیتلاعات بە ئەژمار دێت. دوای زنجیرە کوشتن و قەتڵی رووناکبیرانی ئێرانی کە سەرکۆمار خاتەمی فەرمانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دا، رۆڵی ئیمامی لەو کوشتنانەدا روون و ئاشکرا بوو و ناوبراو دەسگیر کرا. دوایی وەزارەتی ئیتلاعات رایگەیاند کە ئیمامی لە زیندانادا خۆی کوشتووە.(٤٤)



مستەفا پوور محەمەدی

مستەفاپوور محەمەدی، پێش ئەوەی کە ببێتە بەرپرسی ژووری دژە زانیاری لە ساڵی ١٩٨٧دا دۆزگەری گشتیی دادگای شۆڕشی ئیسلامی - دادگایەکی تایبەت لە ئێران کە تایبەتی ئەو کەسانەیە گومانیان لەسەرە لەمەڕ دروستکردنی هەڕەشە بۆ شۆڕش و ئیسلام - لە پارێزگاکانی خووزستان و خوراسان بوو. لە ساڵی ١٩٩١دا ناوبراو بووە جێگری سەرۆکی وەزارەتی ئیتلاعات. لە ساڵی ٩٨-١٩٩٧دا ئەو بەرپرسی ژووری دەرەوەی وڵاتی وەزارەتی ئیتلاعات بوو. لە ساڵی ٢٠٠٥و دوای ئەوەی ئەحمەدی نژاد بۆ یەکەمین جار بوو بە سەرکۆمار، ئەو پاڵێوراوی سەرەکی بۆ پۆستی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت بوو، ئەگەرچی لە کۆتاییدا ئەو بوو بە وەزیری نێوخۆی وڵات.

٤٤) Ebrahimi, “Who is Saeed Emami?”

ناوبراو لەژێر گوشاری ئەحمەدی نژاددا لە ساڵی ۲۰۰۸ لەبەر ئەوەی دژایەتیی جیددی سەرکۆماری دەکرد، دەستی لەکار کشایەوە.[٤٥]
لە هەموو کاتێکدا، ناسینی بەرپرسانی باڵای وەزارەتی ئیتلاعات بێجگەلە خودی وەزیر زۆر دژوار بووە، بەڵام لە کابینەی هەنووکەیدا، پیاوێک بەناوی قائمی کە وێدەچێت جێگری وەزیر بێت و کەسێکی دیکە بەناوی ئاهەنگەران کە وادیارە ژووری تەکنۆلۆژیا بەڕێوە ببات، دەرکەوتن.[٤٦]

## ٩ ـ قەرارگەکان

وادیارە کە قەرارگەی سەرەکیی وەزارەتی ئیتلاعات لە باکووری شاری تاران بێت. (بڕوانە بۆ نەخشە و وێنەکان لە پەیوەستەکەدا).

## ١٠ ـ سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ

وازرەتی ئیتلاعات خاوەنی بووجەیەکی نهێنییە و لە بەرانبەر هیچ ڕێکخراوێدا وڵامدەر نییە، ئەم ڕێکخراوانە کابینەی حکوومەت و مەجلیسی شووڕای ئیسلامی (پارلمان) لەخۆ دەگرێت. ئەم ڕێکخراوە هەنووکەش لە سەرووی

٤٥) Mostafa Poormohammadi's Biography(زندگینامـه مصطفـی پور محمـدی), Hamshahri Online [Tehran], February ٢٥,
٢٠٠٨, http://hamshahrionline.ir/news٤٥٢١٤-.aspx (accessed May ٢٠١٢ ,١٧); "Mostafa Poormohammadi: I Had No
Role in the Chain Murders

٤٦) ـ The Deputy of the Minister of Intelligence: Enemies' Aggression Is a Sign of Achievement by the Islamic
Republic"( معاون وزارت اطلاعات: شبکه اینترنت جاسوس است) , Islamic Republic News Agency [Tehran],
September ٢٠١١ ,٥, http://irna.ir/NewsShow.aspx?NID=٣٠٥٥٠١٠١ (accessed May ٢٠١٢ ,١٧). The Islamic Republic News Agency (IRNA) is the official news agency in Iran that speaks for the government. "The Ministry of Intelligence Deputy: The Internet Network Is a Spy" (معـاون وزارت اطلاعـات: دو ویـروس رایانـه ای جدیـد شناسـایی کردیـم), Aftab News
[Tehran], April ٢٠١٢ ,٥, http://www.aftabnews.ir/vdcbg٠b٨٨rhba٥p.uiur.html (accessed May ٢٠١٢ ,١٧); "The
.

یاساوەیە و تەنیا لە بەرانبەر رێبەری رێژیمدا کە "ئایەتوڵڵا خامنەیی"یە وەڵامدەرە. (٤٧)

بەپێی ئەوەی کە لە سەرەوە باس کرا، رێبەری کۆماری ئیسلامی سیاسەتە ئەمنیەتییە نەتەوەییەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دیاری دەکات (بڕوانە رێکخراو). سەرکۆمار دەبێت تەئیددییەی وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەتی لەلایەن رێبەرەوە هەبێت، چونکە رێبەر راوێژ لە وەزیری ئیتلاعات وەردەگرێت و بە شێوەی راستەوخۆ لەگەڵ وەزیری ئیتلاعات بۆ کردەیی کردنی سیاسەتەکانی کار دەکات. (٤٨)

لەم پەیوەندییەدا وێدەچێت کە وەلی فەقیھ سیاسەتە گشتییەکانی خۆی باس دەکات و دەینێرێتە شووڕای باڵای ئاسایشی وڵات، وەزارەتی ئیتلاعاتیش وەکوو ئەندامێکی ئەم شوورایە، ئەم سیاسەتانە بە پێی چالاکییە ئیتلاعاتییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. هەروەها وا دەردەکەوێت کە رێبەر رەنگە بە شێوەی راستەوخۆ فەرمانێک بۆ وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت لەمەڕ مەئمووریەتی تایبەتی تر و نهێنی تر دەربکات.

### ١١ ـ ئەندازەی ئەندامان

بەهۆی زیاتر لە ٣٠ هەزار ئەفسەر و پێرسنۆڵی پشتیوانی و ژمارەیەکی زۆر پسپۆڕ، وەزارەتی ئیتلاعات وەکوو یەکێک لە گەورەترین و چالاکترین ئاژانسە ئیتلاعاتییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەژمار دێت. (٤٩)

### ١٢ ـ ئەندامبوون و ئەندامگیری

ماددەی ١٢ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی قەدەغەی کردووە کە هەر ئەندامێکی وەزارەتی ئیتلاعات ئەندامی هەر پارت و گرووپێکی سیاسی

٤٧) Zucker, "Disinformation Campaign in Overdrive: Iran's VEVAK in High-Gear"; "Iran's Ministry of Intelligence and Security."

٤٨) Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country."

٤٩) Cyrus Maximus, The Ministry of Intelligence and Security," Iran Channel, September ٢٠١٠ ,١٦, http://iranchannel.org/archives/٣٥٧ (accessed April ٢٠١٢ ,١١).

بێت. مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعات پێش ئەوەی بتوانن ببنە بەشێک لە پرۆسەی مەئموورییەت، یان ئۆپراسیۆنەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، دەبێ بەنێو پرۆسەیەکی زۆر دژوار و بێ وێنەدا تێپەڕن، کە ئەگەر بۆ بیروڕای گشتی ئاشکرا بێت، دەتوانێت گەورەترین بەرپرسانی حکوومەتیش لەخۆ بگرێت. (٥٠)

دوو ڕێگا بۆ ئەندامبوون، یان کارمەندبوون لەنێو وەزارەتی ئیتلاعاتدا هەیە. یەکێک لە ڕێگاکان، بەشداری لە تاقیکردنەوەی داخڵ بوون بۆ ئەو بەشانەی کە لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لە زانستگەی ئیمام محەممەدی باقر لە تاران دیاری کراوە. ئەم زانستگەیە گرێدراو و هاوکاری وەزارەتی ئیتلاعاتە. وەزارەتی ئیتلاعات زیاتر لە سێ قاتی خوازیاران پەسەند دەکات، دوایی ئەوان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دانی سێ تاقیکردنەوەی جەستەیی، هۆش و کەسایەتی، هەروەها چاوپێکەوتن و وتووێژ و تاوتوێ کردنی پێشینەی تاکەکان. تاقیکردنەوەی جەستەیی وەزارەتی ئیتلاعات لە تاقیکردنەوەی جەستەیی ڕێکخراوەکانی دیکە لە ئەرتەش، یان هێزە تایبەتەکان زۆر دژوارتر نییە.

پێویستە کە ئەندامان تەندروست و لەسەر فۆرم بن، بەڵام تاقیکردنەوەی کەسایەتی و هۆش زۆر گرنگترن لە تاقیکردنەوەی جەستەیی.

ئەم تاقیکردنەوانە لە ئۆفیسی ئیتلاعات لە هەمەدان، شارێک لە ڕۆژئاوای ئێران ئەنجام دەدرێت. چاوپێکەوتن و وتوێژەکان لە یەکینەکانی هەڵبژاردن و وەرگرتن لە ئاژانسەکانی ئیتلاعاتی پارێزگاکان بەڕێوە دەچێت. (٥١)

٥٠) Zucker, “Disinformation Campaign in Overdrive: Iran’s VEVAK in High-Gear”; “Intelligence and Law.”
٥١) _ “How to Be Hired at the Islamic Republic of Iran’s Ministry of Intelligence and Security” (چگونگی استخدام در وزارت اطلاعات)
Efshagari [Iranian blog], June ٢٠١٠ ,٩,
http://efshagary.wordpress.com/٠٩/٠٦/٢٠١٠/%DA%٨٦%DA%AF%D%٨٨%٩D%٨٦%٩DA%AF%D٨%٩A-%D%٨A%٧D%٨B%٣D%٨AA%D%٨AE%D%٨AF%D%٨A%٧D%-٨٥%٩D%٨AF%D%٨B-١%D%٨٨%٩D%٨B%٢D%٨A%٧D%٨B%١D%٨AA-%D%٨A%٧D%٨B%٧D%٨٤%٩D%٨A%٧D%٨B%٩D%٨A%٧D%٨AA-%D%٨AC%D%٨٥%٩D%٨٧%٩D%٨٨%٩D%٨B١/ (accessed April ٢٠١٢ ,١٠).

قوتابخانەی ئیتلاعاتی زانستگەی ئیمام محەممەد باقر لە ساڵی ٢٠١٢دا خوێندکارێکی زۆری بۆ درێژەدان لە ئاستی کارناسیدا لە بەشەکانی خوارەوە وەرگرت: (٥٢)

| ناوی بەش | بەریان | ڕەگەز | ڕادەی وەرگرتن |
|---|---|---|---|
| زانستە سیاسییەکان | موتالاتی ئەمنیەتی | پیاو | ١٠٠ |
| زانستە کۆمەڵایەتییەکان | موتالاتی ئەمنیەتی | پیاو | ١٠٠ |
| کارگێڕی | کارگێڕی ئیتلاعاتی و پەیوەندییەکان | پیاو | ١٠٠ |

هەروەها ئەو کەسانێکی دیکەشی بۆ ئاستی ماستەر لەو بەشانەی کە لە خشتەی خوارەوە دێت وەرگرت: (٥٣)

| ناوی بەش | | بەریان | ڕەگەز | ڕادەی وەرگرتن |
|---|---|---|---|---|
| زانستە مرۆییەکان | زانستە سیاسییەکان | موتالاتی ئەمنیەتی | پیاو | ٣٨ |
| تەکنۆلۆژیا و ئەندازیاری | ئەندازیاری ئێلکترۆنیک ـ موخابرات | داتای ئێلکترۆنیک | پیاو | ١٩ |
| زانست | زانستی یاسایی | کیمیا و بیۆزانیاری | پیاو | |

٥٢) “Introduction to the School of Intelligence Is Online” (معرفـی دانشـگاه اطلاعـات بـر روی سـایت قـرار گرفـت), Bargh Arshad (Iranian blog) [Tehran], July ٢٠١٢ ,١٦ http://bargharshad.blogfa.com/post/١٠٠ (accessed September ٢٠١٢ ,١٣).

٥٣) (Iranian blog)[Tehran], July ٢٠١٢ ,١٦ http://bargharshad.blogfa.com/post/١٠٠(accessed September ٢٠١٢ ,١٣).“Introduction to the School of Intelligence Is Online” (معرفـی دانشـگاه اطلاعـات بـر روی سـایت قـرار گرفـت

هەر ساڵە وەزارەتی ئیتلاعات بۆ خوێندن لە بوارە جیاوازەکان و بەپێی پێداویستییەکانی خۆیان بە شێوەی ئاشکرا دەرفەتگەلێک رادەگەیەنێت.[٥٤]
رێگایەکی دیکە بۆ ئەندامبوون و چوونە ناو وەزارەتی ئیتلاعات، ناساندن و پشتگیری کردن لەلایەن یەکێک لە کارمەندانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوەیە.
کارمەندانی وەزارەتی ئیتلاعات بەگشتی خزمانی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵیان هەیە دەناسێنن. یەکەکانی وەرگرتن خوازیارەکان دەنێرن بۆ سەنتەرەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی خۆیان. دوای تەئید کردنی تەندروستی، کاندیدەکان دەچن بۆ هەمەدان بۆ تاقیکردنەوەکانی هۆش و کەسایەتی. ئەگەر کاندیدەکان ئەو قۆناغانەیان تێپەڕاند، ئەفسەرەکانی ئیدارەی ئیتلاعات وتوێژ و چاوپێکەوتن لەبارەی کولتوور، ئابووری، سیاسەت و مەسایلی کۆمەڵایەتی ئێرانەوە لەگەڵیان دەکەن. وتوێژەکان و پێڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشینەوە دەتوانێت لە ٩ مانگ، یا زیاتر لە دوو ساڵ درێژە بکێشێت. خوازیارە سەرکەوتووەکان دوای ئەوەی وەرگیران و چوونە نێو زانستگەی ئیمام محەممەدی باقر، ئامووزشی ئیتلاعاتی دەدرێن. دوای دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانیان، خوازیارەکان دیاری دەکرێن بۆ یەکێک لە ئۆفیسەکانی پەیوەندیدار لە پارێزگای شوێنی نیشتەجێ بوونیان و بۆ ئەوێ دەنێردرێن. رادەی مووچە و یارمەتیی پەیوەندی بەو شوێن و ئۆفیسەوەیە کە خوازیارەکە بۆی دیاریکراوە. کارمەندانێک کە لە ژووری ئەمنیەت و ئەو مەئموورانەی کە چالاکن لە بەشەکانی دژە زانیاری و دژە تیرۆردا، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە بەرزترین مووچە وەربگرن.
کارمەندانی وەزارەتی ئیتلاعات کاتێک کە دەبنە ئەندامی ئەم رێکخراوە، ناوێکی خوازراو وەردەگرن.[٥٥]

٥٤) (Iranian blog)[Tehran], July ٢٠١٢ ,١٦ http://bargharshad.blogfa.com/post/١٠٠(accessed September ٢٠١٢ ,١٣).“Introduction to the School of Intelligence Is Online” (معرفی دانشگاه اطلاعات بر روی سایت قرار گرفت
٥٥) How to Be Hired at the Islamic Republic of Iran’s Ministry of Intelligence and Security”; “Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country.”

مەرج و ڕێساکان بۆ ئەو خوازیارانە بریتییە لە:

- باوەڕمەندی بە ئیسلام
- هاووڵاتی ئێرانی بێت و لە تەندروستی جەستەیی بەپێی تاقیکردنەوە لە لایەن پزیشکانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بەهرەمەند بێت.
- هیچ دەروەستییەکی بە نیسبەت ڕێکخراوە حکوومەتییەکانی دیکەوە نەبێت.
- نێوەنجی کۆتایی دەبیرستانی بۆ بەشی زانست و ماتماتیک لانیکەم ١٢ (لە ٢٠) و بۆ بەشەکانی دیکە ١٤ (لە ٢٠) بێت و
- ئەوپەڕی تەمەن بۆ خوازیارنی قوناغی کارناسی ٢٢ ساڵ و بۆ دەرچوان ٢٧ ساڵ بێت. (٥٦)

وەزارەتی ئیتلاعات هەروەها کارمەند لە دەرەوەی وڵاتیش وەردەگرێت. لە ساڵەکانی ٩٣ ـ ١٩٩٠، وەزارەتی ئیتلاعات ئەندامانی پێشووی ڕێکخراوی موجاهدین خەڵقی ئێرانی لە ئۆرووپا وەرگرت و ئەوانی بەکار هێنا بۆ وەرێخستنی کەمپەینێکی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست دژی موجاهدینی خەڵق. موجاهدینی خەڵق گرووپێکی دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە خاوەنی ئایدۆلۆژییەکی تێکەڵاو لە فەلسەفەی ئیسلام و مارکسیزمە. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٠دا دروست بوو و گەورەترین ڕۆڵی لە شۆڕشی ئێراندا هەبوو. ئەگەرچی دوای شۆڕش و لە بەر جیاوازیی ئایدۆلۆژیکی لەگەڵ حکوومەت، کۆماری ئیسلامیی ئێران موجاهدینی خەڵقی وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر شۆڕش ناساند. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٠دا سەدام حوسێن و ڕێژیمی بەعسی عێراق بوونە گەورەترین پشتیوانی ئەم گرووپە. موجاهدینی خەڵق هێرشی جۆراوجۆری تیرۆریستی لەدژی بەرژەوەندیی ئێرانییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران ئەنجام داوە. لە ڕوانگەی حکوومەتی ئێران و دەزگا ئیتلاعاتیەکانی ئەم وڵاتەوە، موجاهدینی خەڵق جیددیترین ڕێکخراوی دژبەری شۆڕش و ڕێژیمی ئێرانە.

---

(٥٦) معرفـی دانشـگاه اطلاعـات بـر روی سـایت قـرار Introduction to the School of Intelligence Is Online (گرفـت)

بنکەی سەرەکیی موجاهدینی خەڵق لە کەمپی ئەشرەفە لە عێراق. دوای رووخانی رێژیمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا، ئەم گرووپە بەهێزترین پشتیوانی خۆی لەدەست دا. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی کەنداو دژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١، وەزارەتی ئیتلاعات شەڕێکی دەروونی دژی موجاهدینی خەڵق، وەکوو یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی دەست پێکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش موجاهدینی خەڵق وەکوو رێکخراوێکی زیندوو مایەوە. جیا لە موجاهدینی خەڵک، مرۆڤکوژەکانی وەزارەتی ئیتلاعات کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی وڵات وەکوو بەغدا، بێرلین، دوبەی، ژێنێف، ئەستانبووڵ، کراچی، ئۆسلۆ، رۆم و ستکهۆڵم کردە ئامانج. (٥٧)



ئانێ سێنگلیتۆن و مەسعوود خودابەندە

بەرکارگرتن و وەرگرتنی کەسێکی بریتانیایی، ئانێ سێنگلیتۆن و هاوسەرە ئێرانییەکەی، مەسعوود خودابەندە، هێنانی نموونەیەکە بۆ نیشاندانی ئەوەی

٥٧) - "Masters of Disinformation," Iran Terror Database, November ٢ ,٢٠٠٥ ,٢٢, http://www.iranterror.com/index٢.php?option=com_content&do_pdf=١&id=١١٣ (accessed April ٢٠١٢ ,١١); "Mujahedeen-e Khalq (MEK)," Federation of American Scientists, Intelligence Resource Program, July ٢٠٠٤ ,١٣, http://www.fas.org/irp/world/para/mek.htm (accessed May ٢٠١٢ ,١٨).

کە چلۆن وەزارەتی ئیتلاعات غەیرە ئێرانییەکان ناچار بە هاوکاری دەکات. ئەو لەگەڵ موجاهدینی خەڵق لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٠دا کاری دەکرد. مەسعوود خودابەندە و براکەی ئیبراهیم هەر دوو ئەندامی رێکخراوی موجاهدینی خەڵق بوون لەو کاتەدا. لە ساڵی ١٩٩٦دا خودابەندە بریاری دا کە ئەم رێکخراوە بەجێ بهێڵێت و دواتر لەگەڵ سێنگلتیۆن ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. هەر زوو دوای زەماوەن، وەزارەتی ئیتلاعات گوشاری خستە سەریان بۆ هاوکاریکردن لە رێگەی هەڕەشەی دەستبەسەردا گرتنی سامان و داراییەکی گەورە و بەربڵاوی بنەماڵەی دایکی خودابەندە لە تاران. سێنگلتیۆن و خودابەندە، قەبووڵیان کرد کە بۆ وەزارەتی ئیتلاعات کار بکەن و سیخوڕی بکەن لەنێو بنەماڵەی موجاهدینی خەڵقدا. لە ساڵی ٢٠٠٢دا سێنگلتیۆن لە تاران لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعات کە عەلاقەمەند بە پێشینەی ئەو بوون دیداریان کرد. ئەو قەبووڵی کرد کە لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات بۆ پاراستنی ژیانی برای مێردەکەی ـ کە هێشتا ئەندامی موجاهدینی خەڵق بوو لەو کاتەدا ـ هاوکاری بکات.[٥٨]

سێنگلتیۆن لە کاتی مانەوەی لە تاران لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە راهێنان و ئامووزش درا و دوای گەڕانەوەی بۆ بریتانیا، لە زستانی ساڵی ٢٠٠٢دا ماڵپەرێکی بەناو iran-interlink.org دامەزراند. دوای ئەوەی ناوبراو کۆمەڵە سەفەرێکی بۆ ئێران و سەنگاپوور ـ وڵاتێک کە وەزارەتی ئیتلاعات لەوێ پەیوەندی لەگەڵ مەئمووره بیانییەکانی خۆی دەگرێت ـ موجاهدینی خەڵق گومانی لە دەروەستیی سێنگلتیۆن و خودابەندە بە نیسبەت موجاهدینەوە پەیدا دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٤دا سێنگلتیۆن دوایین دیداری لەگەڵ ئیبراهیم، برای مێردەکەی، لە سووریە کە لەم وڵاتە دەستگیر و دوایی بۆ ئێران بەرێ کراوەو، دەکات. (وێدەچێت کە سووریە هاوکارییەکی نزیکی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران بکات). لە کۆتاییدا وەزارەتی ئیتلاعاتی "ئیبراهیم"یشی ناچار کرد کە هاوکارییان بکات.

---

٥٨) Zucker, “Disinformation Campaign in Overdrive: Iran’s VEVAK in High-Gear.”

دوای ئەوەی ئەحمەدی نژاد بوو بە سەرکۆمار، وەزارەتی ئیتلاعات دیسانەوە ژووری دەرەوەی وڵاتی بۆ وەرگرتنی بیانییەکان وەڕێخست. بووجەی فراوان و بەرچاو ئەو ئیزنە بە وەزارەتی ئیتلاعات دەدات کە نەتەنیا جیهادیست لە عێراق و ئەفغانستان، بەڵکوو سیخوڕ و مەئموور بۆ بەڕێوەبردنی زنجیرە ئۆپراسیۆنی دژە زانیاریش بەکار بگرێت.

دەتوانین بڵێین شێوازی وەرگرتن و بەکارهێنانی بیانییەکانیش بەگشتی هاوشێوەی وەرگرتنی ئێرانییەکانە. مەئموورەکانی ئیدارەی ئیتلاعات ئەو کەسانەی خوازیاری کارکردنن، دەناسن و دوایی ئەوان دەدوێنن. ئەگەر وەڵامی تاکەکان ئەرێنی بوو، باڵوێزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی نیشتەجێ بوونی خوازیاران پەیوەندییان پێوە دەکەن و پێش ئەوەی ئەوان بنێرن بۆ ئێران، چەند وتووێژێکی غەیرە فەرمی بە بیانووگەلێکی وەکوو دیدار و سمینار لەگەڵیان پێکدێنن. ئەو خوازیارانەی کە حەزیان لە هاوکاریکردنە دەنێردرێن بۆ بنکەکانی نزیک تاران یان قوم بۆ ئامووزش و راهێنان.

وەزارەتی ئیتلاعات زۆربەی فێرخوازە نوێیە بیانییەکانی خۆی لە وڵاتانی موسڵمان و بەتایبەت عێراق و لوبنان و دوایی لە وڵاتانی دیکەی شیعە وەردەگرێت. وەزارەتی ئیتلاعات بنکە و سەنتەری بۆ وەرگرتنی مەئموورانی بیانی لە وڵاتانی کەنداوی فارس، یەمەن، سوودان، لوبنان، فەلەستین، ئورووپا، باشوور و رۆژهەڵاتی ئاسیا و باکوور و باشووری ئەمریکا (بەتایبەتی سنووری سێیانەیەک کە حەشیمەتێکی زۆری لوبنانی لێی هەیە). [٥٩]

## ١٣ ـ ئامووزش و تەڵقین

خوازیارانی هەڵبژێردراو لە تاران و قوم ئامووزش دەبینن. قوتابخانەی ئیتلاعاتی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت، لە ساڵی ١٩٨٦ و لە رێگەی رێبەری ئێستای ئێران "ئایەتوڵڵا خامنەیی"یەوە دامەزرا، کە بەرپرسی ئامووزشی مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتە.

٥٩) ـ “Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country

یەکەی هەڵبژاردنی وەزارەتی ئیتلاعات خوازیارەکان هەڵدەبژێرێت بۆ ئامووزش و دوایی وەرگرتن و دەستبەکار بوونیان (بڕوانە ئەندام و ئەندامگیری لەسەرەوە). دپارتمانی زانستی سیاسی تێدەکۆشێت ئامووزشی موتالای ستراتژیک و موتالای ئەمنیەتی بداتە خوێندکارانی مێرد و ژن، ئەگەرچی وەزارەتی ئیتلاعات هەمیشە خوێندکارانی ژن قەبووڵ ناکات. ئەو کەسەی کە بۆ ئامووزش هەڵدەبژێردرێت، سەرەتا دەبێت ئەوپەڕی ٢٧ساڵی بێت و ئیمان و دەروەستیی بە ئیسلام و چەمکی ولایەتی فەقیهـ هەبێت. تیۆری شیعە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە پەرەی پێدرا کە وەلی فەقیهـ بە ڕێبەری گشت موسڵمانانی جیهان دەزانێت. (لە کاتی شۆڕشەوە، ئایەتوڵڵا خومەینی و ئایەتوڵڵا خامنەیی لە حاڵی حازردا تەنیا کەسانێکن کە ئەم پۆست و ناوەیان هەبووە). ئەگەرچی وەرگرتنی ئەندامانی وەزارەتی ئیتلاعات لە کریستیەن، سوننە و هەر چۆن پێشتر ئاماژەمان پێدا تەنانەت جوولەکەش، نیشان دەدات کە ئەو ئەگەرە هەیە کە کەسانێک وەربگیردرێن کە هیچ دەروەستی و باوەڕێکیان بە وەلی فەقیهیش نەبێت. (٦٠)

## ١٤ ـ شێوازەکانی ئۆپراسیۆن و تاکتیکەکان

### ١٤ ـ ١ ئۆپراسیۆنەکان

وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت ئۆپراسیۆنەکانی بە شێواز و تاکتیگەلی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبات. مەئموورەکانی ئەم وەزارەتە ئۆپراسیۆنەکانی خۆیان لەژێر ناوی دیپلۆمات لە باڵوێزخانەکانی ئێران، یان لەژێر ناوی پیشە و کۆمپانیاکانی وەکوو Iran Air، لقی بانکە ئێرانییەکان، یان تەنانەت بازرگانیی کەرتی تایبەت بەڕیوە دەبەن. ئەو گومانە هەیە کە زۆربەی ئەو ئێرانییانەی کە لە ڕێکخراوە پەروەردەییە بیانییەکاندا دامەزراون و لەوانە زانستگەکان، ڕەنگە کار بۆ وەزارەتی ئیتلاعات بکەن، چونکە ئەوان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئێران و زۆجار ـ ڕەنگە بەهۆی یاسای کۆچکردن، یان وەگرتنی یارمەتیی ماڵی بۆ

٦٠) ـ Q&A About Majoring in Schools with the Prospect of Employment at MOIS," Afkar-e-Now [Tehran], n.d., http://www.afkarenow.com/barname/Etelaat.htm (accessed ١٢ January, ٢٠١٢); "Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country."

خوێندن لە رێگەی حکوومەتی ئێرانەوە یان بە زۆر هۆکاری دیکە - هاوکاریی وەزارەتی ئیتلاعات بکەن. بۆ هەناردە کردنی پارە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆن، وەزارەتی ئیتلاعات هەمیشە لە رێگەی ئەو بانکانەی کە لە کۆنترۆڵی حکوومەت دان و لقەکانیان لە وڵاتانی دیکەیە، کەڵک وەردەگرێت. (٦١)

حیزبوڵڵای لوبنان و هێزی قودس رێکخراوگەلێکن کە گرێدراو و پەیوەندییان لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات هەیە (بڕوانە وێنەی ژمارەی یەک، لەسەرەوە). پاڵپشتی کردن لە حیزبوڵڵا یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە.

بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی ئیسرائیل، ئێران پشتیوانی لۆجستیکی و ماددی بۆ حیزبوڵڵا ئامادە دەکات و لە حیزبوڵڵا وەکوو نوێنەری خۆی لە ئۆپراسیۆنە ئیتلاعاتییەکانی کەڵک وەردەگرێت. وەها پشتیوانییەک بەگشتی لەژێر چاودێریی دیپلۆماتیکی ئێرانییەکاندا بەڕێوە دەچێت. لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە ساڵی ١٩٩٠دا دەری خست کە: "گەورەترین ئیمکاناتی هێزی قودس لە ئورووپا لە باڵوێزخانەی ئێران لە وڵاتی ئاڵمانە. لە نهۆمی سێیەمی باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمانیا ٢٠ کارمەندی هێزی قودس هەن کە هاوئاهەنگی چالاکییە تیرۆریستییەکان لە ئورووپا رێک دەخەن... لەم داوییانەدا سەنتەری ئۆپراسیۆنی گەورە لە بۆلگاریا دامەزراوە و سپای قودس تێدەکۆشێت کە بنکەیەکی ئۆپراسیۆنی دیکە لە شاری میلان دابمەزرێنێت. (٦٢)

زۆربەی ئەفسەر و دیپلۆماتە بیانییەکانی ئێران لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات، سپای پاسداران یان ئاژانسە ئەمنیەتییەکانی دیکە کار دەکەن. وەزارەتی ئیتلاعات بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵات بۆ

٦١) Operations Ministry of Intelligence and Security [MOIS] Vezarat-e Ettela›at va Amniat-e Keshvar VEVAK,"
Federation of American Scientists, Intelligence Resource Program, August ١٩٩٧ ,١١, http://www.fas.org/irp/world/
iran/vevak/org.htm (accessed April ٢٠١٢ ,١١).
Jones, "Iran Insights—Iran's Intelligence and Security Apparatus," ٦.

٦٢) - Jones, "Iran Insights—Iran's Intelligence and Security Apparatus," ٦.

بەڕێوەبردنـی ئۆپراسـیۆن لـە دەرەوەی وڵات و کەڵـک وەرگرتـن لـە باڵوێزخانـە ئێرانییـەکان بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری چالاکـی دەکات. مەئموورەکانـی هێـزی قـودس و وەزارەتـی ئیتلاعـات پاسـپۆرتی دیپلۆماتیـک لـەم باڵوێزخانانـە وەردەگـرن. ئەگەرچـی ئـەو روانگـەش هەیـە کـە هێـزی قـودس بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئەمنیـەت و لـە ڕێگـەی باڵوێزخانەکانـی دەرەوەی وڵات، ناوەندەکانـی خەیرخـوازی و سـەنتەرە کولتوورییـەکان لـە وڵاتانـی مەبەسـتدا چالاکـی دەکات. [٦٣]

جێگۆڕکێـی باڵوێـزی ئێـران لـە ژووئەنـی سـاڵی ٢٠١١ لـە دیمەشـق و کەڵکوەرگرتن لـە ئەفسـەرانی ئیتلاعاتـی وەکـوو دیپلۆمـات، نموونەیەکـی پەیوەندیـدار بـەو باسـانەی سـەرەوەن. باڵوێـزی نـوێ حەبیـب تاهێریـان، جێگری پێشـووی وەزارەتی ئیتلاعـات و ئەمنیەتـە. ئـەم هەوڵـە رەنگـە لەبـەر چوونـە سـەرەوەی چالاکیـی زیاتـر لەنێـو دژبەرانـی ڕێژیمەکـەی ئەسـەد و بڕیاری پشـتیوانیکردن لـە ڕێژیمەکەی ئەسـەد لـە قۆناغێکـی دژواردا بێـت. تاهێریـان هەروەهـا پێشـتر باڵوێـزی کۆمـاری ئیسـلامی لـە وڵاتـی بێرزیـل بـوو، شـوێنێکی دیکـە کـە بەرژوەندیـی بـۆ ئێـران هەیـە. پەرەسـەندنی چالاکیـی ئیتلاعاتـی ئێرانییـەکان لـە ئەمریـکای لاتیـن و لـە تەنیشـیت گەشـەی ئابـووری، سیاسـی و کولتـووری لـەم ناوچەیـە، نیگەرانیـی زۆری بـۆ ویلایەتـە یەکگرتـووەکان دروسـت کـردووە. [٦٤]

وەزارەتـی ئیتلاعـات بـۆ دزەکردنـە نێـو کۆمەڵگـە ئێرانییەکانـی دەرەوەی وڵاتـی ئێـران، لـە شـێوازگەلی جۆراوجـۆر کەڵـک وەردەگرێـت. بـۆ نموونـە ئەنجومەنێـک کـە پێـی دەوترێـت "پشـتیوانی لـە پەناخوازانـی ئێرانـی" لـە پاریـس بـۆ ڕاکێشـانی پەنابەرانـی ئێرانـی بـۆ کاری سـیخوڕی لەنێـو ئێرانییەکانـی دانیشـتووی فەرەنسـا بـەکار دێـت. وەزارەتـی ئیتلاعـات هەروەهـا مەئموورانێکـی هەیـە کـە تاکـەکان لـە

٦٣) ـ “Iran’s Ministry of Intelligence and Security,” Iran Focus; U.S. Congress, House of Representatives, Committee
on Homeland Security, Subcommittee on Counterterrorism and Intelligence, “Hezbollah in Latin America: Implications for U.S. Security,” July ٦ ,٢٠١١ ,٧ (statement of Douglas Farah),
http://homeland.house.gov/sites/homeland.house.gov/files/Testimony٢٠٪Farah.pdf (accessed April ٢٠١٢ ,١١).

٦٤) ـ The Minister of Intelligence Deputy Became Iran’s Ambassador in Syria” معـاون وزیـر اطلاعـات سـفیر ایران در سـوریه شـد, Iran Briefing (Human Rights Violation by Iran’s Revolutionary Guards), June ٢٠١١ ,٢٠,

دەرەوەی وڵات دەڕفێنن و بەڕێی دەکەنەوە بۆ ئێران و دوایی یان زیندانی دەکرێن، یان دەیانکوژن. تاکتیکەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ دزەکردن و دروستکردنی دووبەرەکێ لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لە وتارێکدا کەلە ماڵپەرێکی گرێدراو بە رژێم بڵاو بۆتەوەو شرۆڤە کراوە. ئەم وتارە (هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئێران چۆن ئۆپراسیۆن لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبەن؟) باس لە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ دزەکردن لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوی وڵات دەکات. وەزارەتی ئیتلاعات کەڵک لە ئەندامانی پێشووی خۆی و خەڵکانێک کە دەیانهەوێت هاوکاری لەگەڵ وەزارەت بکەن، وەردەگرێت. ئەوان بە شێوەی کاتی زیندانی دەکرێن و دوایی دەبنە چالاکانی دژی رژێم و ناوبانگێک دەردەکەن. دوای ماوەیەک، هیچکەس یەک پرسیار لەمەڕ پێشینەی چالاکیی سیاسی ئەوان لێیان ناکات، چونکە بۆ بەناوبانگ بوونیان تەنیا زیندانی سیاسی بوون بەسە، تا وەکوو کەسایەتییەکی دژبەر و ئۆپۆزیسیۆن بناسرێن. چالاکانی دەرەوەی وڵات رەنگە بە هاوکاریی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان یارمەتیی زیندانییەکان بکەن بۆ چوونە دەرەوە لە ئێران، یان ئەوەی کە وەزارەتی ئیتلاعات خۆی بەڕێیان بکات بۆ دەرەوەی وڵات و دوایی بڵێت کە ئەوان دژبەرانێک بوون کە لە زیندان هەڵاتوون. ئەم میکانیزمەی دەربازکردنی چالاکانی سیاسی بۆ دەرەوەی وڵات جۆرێک گومانی لەنێو ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوی وڵات دروست کردووە.[٦٥]

## ١٤ ـ ٢ کۆنترۆلی میدیا

وەزارەتی ئیتلاعات لە بواری دژە زانیاریشدا کار دەکات. گەورەترین دپارتمان لە نێو دپارتمانەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتدا، دپارتمانی دژە زانیارییە (لە

٦٥) How Do Iranian Intelligence Forces Operate Outside of the Country?" نیروهای نفوذی اطلاعاتی ایران در خارج از کشور چگونه عمل می کند. Khabar Online [Tehran], June ٢٠١٠ ,٩, http://www.khabaronline.ir/news٦٧٥٩٣-.aspx (accessed April ٢٠١٢ ,٤); Gholamali Bigdeli, "Condemnation of Two Ministry of Intelligence Agents at a Paris Court" Radio Koocheh, June ٢٠١١ ,٢٥, http://radiokoocheh.com/article/١١٣١١١ (accessed April ٢٠١٢ ,٤). Radio Koocheh is an Iranian Radio station that seems to broadcast from outside of Iran. It has a critical view of Iranian social and political issues. The reliability of this Web site varies

فارسیدا پێی دەوترێت "نفاق")، کە لە شەڕی دەروونناسی و دژە زانیاری بەدژی ئۆپۆزیسیۆنی رژێیم کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەم دپارتمانە هەروەها بەرپرسە لە بەکارهێنانی شەڕی دەروونی بۆ ئیدارەکردنی میدیاکان و بە لاڕێدابردنی ئاژانسە ئیتلاعاتییەکانی دیکە لەمەڕ ئیمکاناتی سەربازی و ئیتلاعاتیی ئێران، بەڵام بە وردی دیار نییە کە ئایا ئەم دپارتمانە لە وەزارەتخانەدا هەیە یان نا. وەکوو بابەتێکی سروشتی، ئەم دپارتمانە رەنگە لەو هەواڵانەی کە بڵاوی دەکاتەوە ٨٠ ـ ٩٠ لە سەدی واقعی و راست بن و ١٠ ـ ٢٠ لە سەدی دژە زانیاری بن. عەلی یوونسی، وەزیری پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت لە راپۆرتێکدا کە لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوی کردەوە و وتی کە دپارتمانی دژە زانیاری هەزاران مەئمووری بۆ بەرەوپێشبردنی ئەرکەکانی دپارتمان بەکار گرتووە کە بەشێک لەوان بریتین لە ئەندامانی پێشووی موجاهدینی خەڵق. (٦٦)

بە لەبەرچاوگرتنی ئینتێرنێت، لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا وا دەردوکەوێت وەزارەتی ئیتلاعات و دوو ئۆرگانی حکوومەتی دیکە، وەزارەتی کولتوور و ئیرشادی ئیسلامی و دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران (IRIB) ئەرکی کۆنترۆڵکردنی دەستڕاگەیشتنی ئێرانییەکان بە ئینتێرنێتیان لە ئەستۆ بووە. ئەم هەوڵانە دوای هەڵبژاردنە باس هەڵگرەکەی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩دا زیاتر بۆتەوە. حکوومەت ستراتژییەکانی ئیتلاعاتی، تەکنیکی و کولتووری بۆ کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت بەکار هێناوە. فەرماندەی ژووری دژە زانیاریی وەزارەتی ئیتلاعات رایگەیاندووە کە "مژاری ئینتێرنێت هەڕەشەیەکە بۆ سەر گشت جیهان و ئێران و هەمیشە ئینتێرنێت دووره ئاسۆیەک بۆ سیخوڕان بووە." (٦٧) ئەم دامەزراوانە بۆ بلۆک کردنی هەرچەشنە ماڵپەڕێک

٦٦) Zucker, “Disinformation Campaign in Overdrive: Iran’s VEVAK in High-Gear”; “Five Major Duties of VAVAK Inside and Outside of the Country

٦٧) Open Source Center, “Regime Using Increasingly Sophisticated Measures to Control Cyberspace,” July ٢٠١٠ ,٢٨, https://www.opensource.gov/portal/server.pt/gateway/PTARGS_٤٣_٠_٢٠٣_٢٠٠_٠_٠/content/Display/١٥٤٣٨٥٤١/IAP٢٠١٠٠٧٢٨٥٧٣٠٠١٠٠١.pdf (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢).

کە رەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی گرفتێک و گەرەنتیی ئەوەی کە ماڵپەرە مەبەستەکان بەردەوام کار دەکەن، چالاکییەکانی خۆیان هەماهەنگ دەکەن.[٦٨] کۆنترۆڵی میدیا و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ میدیا دەرەکی و بیانییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرپرسایەتییەکانی دیکەی وەزارەتی ئیتلاعاتن. وەزارەتی ئیتلاعات ئەو کاناڵە تەلڤیزیۆنانەی کە روانگەی سیاسی و ئایینیی دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڵاو دەکەنەوە، دەکاتە ئامانج. وەزارەتی ئیتلاعات هەروەها تێدەکۆشیت هەواڵە نێوخۆیی و بیانییەکان کونترۆڵ بکات و گوشار دەخاتە سەر رۆژنامەنووسەکان لە ئێران. بۆ نموونە، وەزارەتی ئیتلاعات داوای کردووە کە حکوومەت حزووری هەواڵنێرانی بیانی لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی داهاتووی ئێراندا کۆنترۆڵ و سنووردار بکات. وەزارەتی ئیتلاعات هۆشداری داوەتە حکوومەت کە نابێت هەڵەیەکی هاوشێوەی هەڵبژاردنە باس هەڵگرەکەی سەرکۆماری پێشوو، کە دەنگدانەویەکی گەورەی لە جیهاندا هەبوو، دووپات بکاتەوە.[٦٩]

### ١٥ . توانایيە ئیتلاعاتییەکان

چالاکییە ئیتلاعاتییە جۆراوجۆرەکانی ئێران بریتین لە ئیتلاعاتی ئیلکترۆنیکی، ئیتلاعاتی مرۆیی، دژە زانیاری و هەروەها بوارەکانی دیکەی دەزگای ئیتلاعاتی کە بە ئەگەری زۆر لەژێر چاودێریی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتدا کار دەکەن. وەزارەتی ئیتلاعات لە نزیکەوە لەگەڵ سپا لەم بوارەدا هاوکاری دەکات.

٦٨) Open Source Center, “When Did Filtration of Sites and Blogs Begin?” May ٢٠١٠ ,١٠, https://www.opensource.gov/portal/server.pt/gateway/PTARGS_٤٣_١٢١١٢٣_٢٠٣_٢٠٠_٠_٠/content/Display/IAP#٢٠١٠٠٥١٩٣٣٨٠٢١index=١&searchKey=٧٤٤٩٨٤٧&rpp=١٠ (accessed March ٢٠١٢ ,٢٢); Omeed Agilee, «The Islamic Republic of Iran›s Anti-Opposition Strategies in Social Media,» June ٢٠١١ ,١٦ (paper submitted in the English for Heritage Language Speakers (EHLS) Program, Georgetown University, August ٢٠١١).

٦٩) Intelligence Organizations Increase Their Control over Foreign Media in Iran” سازمان های اطلاعاتی کنترل خودر را بر رسانه های خارجی افزایش می دهند Gooya News, May ٢٠١٢ ,١٥, http://news.gooya.com/politics/archives/١٤٠٥٧٣/٠٥/٢٠١٢.php (accessed May ٢٠١٢ ,١٧).

### ١٥ ـ ١ ئیتلاعاتی سایبری و ئیلكترۆنیكی

ئێــران وا دەریدەخــات كــە تێدەكۆشــێت پــەرە بــە ئیمكانــات و پێداویســتییە ئیتلاعاتییەكانــی خــۆی لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و مدیترانــە بــدات. بــۆ نموونــە ئێران وەهـا نیشـان دەدات كـە دەبـێ پـەرە بـە ئیمكاناتـی ئیتلاعاتـی ئیلێكترۆنـی (SIGIN)ی خـۆی بـدات. بەپـێ راپۆرتـەكان دوو ئێزگـەی (SIGINT) ئێرانـی ـ سـووری لەلایـەن سـپای پاسـدارانەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٦ دامـەزران، یەكیـان لـە ناوچـەی ئەلجەزیـرە لـە باكـووری سـووریە و ئـەوی دیكەیـان لـە بەرزاییەكانـی جـەولان.

بەپـێ راپۆرتـەكان ئێرانییـەكان پلانیـان بـۆ دروسـتكردنی دوو ئێزگـەی دیكـەی ئێلكترۆنیكـی لـە باكـووری سـووریە هەبـوو، كـە چاوەڕێ دەكـرا كارەكانـی لـە مانگـی ژانویـەی سـاڵی ٢٠٠٧وە دەسـت پـێ بـكات، بـەڵام هیـچ زانیارییـەك كـە نیشـان بـدات لـە حاڵـی حـازردا ئـەوان چالاكـی و ئۆپراسـیۆنیان دەسـت پێكـردووە یـان نـا، لەبەردەسـتدا نییـە.

تەكنۆلۆژیـای بەكارهێنـراو لـە دامەزراندنـی ئـەم دوو ئێزگـە SIGNITدا دەریدەخـات كـە ئیمكاناتـی ئێـران هێشـتا زۆر سـنووردارە، كۆكردنـەوەی ئیتلاعاتی سـتراتیژیك لـە ئاسـتێكی زۆر بـەرزدا، هێشـتا بـۆ ئێرانییـەكان تەنیـا وەكـوو خەونێكـە. وا دەردەكەوێـت ئـەم ئێزگـە ئیتلاعاتییانـە تەركیزیـان لەسـەر دانـی زانیـاری بـە حیزبوڵـڵای لوبنانـە. [٧٠]

لـە ژووئەنـی سـاڵی ٢٠١٠دا، وایرووسـی "سـتاكس نێـت" ژێرخانـی پیتاندنـی ئۆرانیۆمـی ئێرانـی سـەركەوتوانە كـردە ئامانجـی خـۆی. سـەركەوتنی ئەم وایرووسـە نیشـان دەدات كـە پەرەسـەندنی سـایبریی ئێرانییـەكان هێشـتا زۆر لاوازە. لـە هاوینـی سـاڵی ٢٠١١دا ئێـران "فەرماندەیـی سـایبری" بـۆ بەرپەرچدانـەوەی هێرشـە سـایبرییەكان بـۆ سـەر ئێـران و بەڕێوەبردنـی هێرشـی سـایبریی تۆڵەكردنـەوە، دامەزرانـد. [٧١] ئێـران هەروەهـا خـاوەن توانایـی كۆكردنـەوەی زانیارییـە لـە رێگـەی

٧٠) Jones, “Iran Insights - Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٧.

٧١) Factbox: What Is Stuxnet?” Reuters, September ٢٠١٠ ,٢٤, http://www.reuters.com/article/٢٤/٠٩/٢٠١٠/ussecurity-cyber-iran-fb-idUSTRE٦٨N٣PT٢٠١٠٠٩٢٤ (accessed April ٢٠١٢ ,٤); Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٧.

فرۆکەی کەشف و ناسینەوە. بەرهەرحاڵ ئەم توانایییە بە چەند ئۆپراسیۆنی بچووکی سەربازی کە تەنیا لە چەند فرۆکەیەکی کەشف کەڵک وەردەگیرێت، کورت دەکرێتەوە.[72]

### ١٥ ـ ٢ ئیتلاعاتی مرۆیی

ئێران لە بواری ئیتلاعاتی مرۆییدا (HUMIT) لە ڕادەبەدەر چالاک بووە. ئێران خاوەن توانایییەکی زۆرە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بە شێوەی زۆر ڕێکخراو لەسەر وڵاتانی دراوسێ کار دەکات. هەروەک پێشتر باسمان کرد، ئێران لە کەناڵی دیپلۆماتیکەوە بۆ جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنە ئیتلاعاتییەکانی کەڵک وەردەگرێت. نموونەی زۆر هەیە کە دیپلۆماتە ئێرانییەکان چەک و چۆڵیان بردۆتە نێو وڵاتانی دیکە کە لە نێو جانتا دیپلۆماتیکەکانیان حەشاریان داوە. بەم حاڵەشەوە، ئێران لەبارەی ئامادەکردنی نهێنی هێشتنەوەی مەئموورەکانی، کەمتەرخەمیی زۆری نواندووە. هەر بۆیەش لە حاڵەتگەلی جیاوازدا، ئەفسەرانی ئیتلاعاتیی وڵاتانی دیکە توانیویانە مەئموورە ئێرانییەکان بناسنەوە.[73]
سەرەڕای ئەوەیکە ئێران لە بواری ئیتلاعاتی مرۆییدا بەهێزە، بەڵام ئیمکاناتی تەکنیکی زۆر پێشکەوتووی نییە. ئۆپراسیۆنەکانیHUMINT لە ڕابردوودا لەو وڵاتانەی دراوسێ کە خاوەنی سیستمی ئیتلاعاتیی ئاست بەرز و لێهاتوون، لاوازبوونی دەرکەوتووە. بۆ نموونە، دوای ئەوەی هێزە هاوپەیمانەکان بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا هێرشیان کردە سەر عێراق، بۆ قازانجمەند بوون لە دۆخی ناسەقامگیریی عێراق، ئەفسەرانی ئیتلاعاتی بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆنی نهێنی بۆ ئەم وڵاتە بەڕێ کران و لانیکەم بەشێک لەوان ئاشکرا بوون. ئێران ژمارەیەکی زۆر مەئمووری لە عێراق بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر هەڵبژاردنی بەرپرسانی باڵای حکوومەتی بۆ ئامووزشی گرووپە میلیشیاییە عێراقییەکان هەیە.

٧٢) Jones, “Iran Insights - Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٧.
٧٣) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١٢.

ئێـران هەروەهـا تۆڕێکـی ئیتلاعاتـی لـە وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەیە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە زۆرینەی حەشیمەتەکەیان شیعەن، هەروەها وڵاتانێـک کـە حکوومەتێکـی سـوننەی ناخەڵکییـان هەیـە. بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا دوو تـۆڕی ئیتلاعاتیـی ئێرانـی لـە وڵاتانـی کوەیـت و بەحریـن ئاشـکرا بـوون.(٧٤)

پەرەسـەندنی چالاکیـی ئیتلاعاتیـی ئێرانییـەکان لـە ئەمریـکای لاتین و لە تەنیشـیت گەشـەی ئابـووری، سیاسـی و کولتـووری لـەم ناوچەیـە، بۆتە سـەرچاوەی نیگەرانی بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا. HUMINT ئێرانییـەکان لـە ڕێگـەی هـاوکاری لەگـەڵ هێـزی قـودس و حیزبوڵـڵای لوبنـان کـە لـە کۆکردنـەوەی زانیـاری لـە حەشـیمەتی شـیعەی نیشـتەجێی وڵاتانـی ئەمریـکای لاتیـن یارمەتـی دەکـەن، سـەرکەوتوو بـووە.

### ١٥ ـ ٣ دژە زانیاری

ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا زانیـاری لەبـارەی پلانـە ناوکییەکانـی ئێرانـی لـە سـاڵی ٢٠٠٤دا بەدەسـت هێنـاوە. هەروەهـا ئاژانسـە ئیتلاعاتیبـە ڕۆژئاواییـەکان زانیاربـی هاوشـێوەیان لـە ڕێگـەی ئەفسـەرانی سـپا کـە ئێرانیـان بەجـێ هێشـتووە، بـۆ نموونـە ژنـراڵ عەلیـڕەزا ئەسـغەری بەدەسـت هێنـاوە. ئەگەرچـی کەسـانێکی زۆری هاوشـێوەی ئەسـغەری وڵاتیـان بەجـێ هێشـتووە بەناوبانـگ بـوون، بـەڵام گرنگیـی ئەسـغەری لـەوەدا بـوو کـە نابراو ڕۆڵێکـی زۆر ئەکتیڤی بوو لـە دامەزراندنی پەیوەنـدی لەگـەڵ حیزبوڵـڵای لوبنانـدا. وێدەچێـت کـە دەبـێ ئەسـغەری زانیاریـی بـۆ ئیسـرائیل ئامـادە کردبێـت و ڕەنگـە ئـەو زانیارییانـە سـەرچاوەی ئیتلاعاتێک بووبێـت کـە ئـەوان لـە ئۆپراسـیۆنی "باغسـتان" Orchard بـۆ هێرشـی ئاسـمانی لەسـەر بنکـە ناوکییەکانـی سـووریا کەڵکیـان لێوەرگرتـووە. بێجگـە لەمـەش، ئاژانسـە ئیتلاعاتییـە ڕۆژئاواییـەکان بـە یارمەتیـی کـوردەکان دزەیـان کـردە نێـو تـۆڕی ئیتلاعاتـی ئێـران. ویلاتـە یەکگرتـووەکان کەڵکیـان لـەو زانیارییانـە

٧٤) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ٩ ,٨.

وەرگرت و بە شێوەی سەرکەوتوانە لە ڕێگەی ئامادەکردنی ئامراز، ماشین و بەرنامەی سەقەت و خراپەوە لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٣دا خەسار و زەربەیەکی کاریگەرییان لە پرۆگرامی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ئێران دا. [٧٥]

لە دوای ئەم پەرەسەندنە، تاران هێزێکی ئیتلاعاتیی نوێی لەژێر ناوی "عقاب ٢" (هەڵۆی٢) لە ساڵی ٢٠٠٥دا دامەزراند. بە ئەگەری زۆر ئۆپراسیۆنەکانی ئەم هێزەش لەژێر فەرمانی ژووری دژە زانیاریی وەزارەتی ئیتلاعات دایە. ئەم هێزە ژوورێکی دژە زانیارییە کە بە شێوەی تایبەت بۆ پاراستنی گشت زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامی ناوکیی ئێران، بنکە ناوکییەکان و ئەو بیرمەندانەی کە لەم بنکە ناوکییە کار دەکەن لە بەرانبەر ئەو هەڕەشانەی لەسەریانە چالاکی دەکات، ئەو هەڕەشانە بریتین لە گرووپە دژبەرە ناوخۆییەکان و ئاژانسە ئیتلاعاتییە بیانییەکان. دامەزراندنی هێزی هەڵۆی ٢ دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی ئاشکرا بوونی دوو دامەزراوەی ناوکی نهێنی، پارچین و لەویزان و دەستبەسەر کردنی دوو سیخوڕ کە زانیارییان لەبارەی ئەو دوو بنکەوە لە ساڵی ٢٠٠٥دا کۆکردبووەوە.

بەڵام لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوترەوە هۆکاری سەرەکی بۆ دامەزراندنی ئەم هێزە بەرپەرچدانەوەی چالاکییە شاراوە جۆراوجۆرەکان بوو کە لەلایەن مەئموورە ئیتلاعاتییە بیانییەکانەوە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچوو. [٧٦]

دوای دۆزینەوەی تۆڕە سیخوڕییە جۆراوجۆرەکان لە ناوەڕاستی مانگی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٧دا، فەرماندەری گشتیی هەڵۆی ٢، ژنراڵ "غوڵامڕەزا موقەرەبی" شوێنی خۆی بە ژنراڵ "ئەحمەدی وەحیدی" دا ، کەسێک کە پێشتر فەرماندەی گشتیی هێزی قودسی سپای پاسدران و وزیری بەرگری ئێستای ئێرانە. لەژێر فەرماندەری ناوبراو و دوو جێگرەکەی، ژنراڵ "ئەکبەری دیانەت فەر" و ژنراڵ "عەلی ناقدی"، "هەڵۆی "٢ گەشەی سەند و بە وەرگرتنی ١٠،٠٠٠ مەئموور گەورەتر بووەوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی هەڵۆی ٢، ئەم هێزە لە پێشگیریکردن لە بەڕێوەچوونی

٧٥) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١٠.
٧٦) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١١

چالاکیی تیرۆریستی و کاری گەورەی تێکدەرانە، توانا نەبووە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەیەکی زۆر بیرمەندی ناوکیی ئێران کە گوایە مووسادی ئیسرائیل بکەری بووە، تیرۆر کراون. (٧٧)

سەرەڕای ئەمانە، وەزارەتی ئیتلاعات ئۆپراسیۆنگەلێکی سەرکەوتووی جێ سەرنج و گەورەی ئەنجام داوە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئاژانسی ئیتلاعاتیی ئێرانییەکان گومانیان لە ئەگەری بەڕێوە چوونی ئۆپراسیۆنێکی سیخوڕی کرد و ١٥ مەلەوانی بریتانیایان لە کەنداوی فارس دەستبەسەر کرد. ئەم دەسگیرییە دوای ئەوە رووی دا کە پرۆگرامێکی تی ڤی یەکی بریتانیا، باسی لە سەرکەوتوو بوونی چالاکییەکانی هێزی زەریایی بریتانیا لە کۆکردنەوەی زانیاری لە ئێران کرد و ئەمەش تا رادەیەک سەرنجی ئێرانییەکانی بۆلای خۆی راکێشا. لە ساڵی ٢٠١١دا ماڵپەری Los Angeles Times ئامریکی لە راپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە کە ئێرانییەکان تۆڕێکی سیخوڕی ٣٠ کەسیان کە لەلایەن باڵوێزخانەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، تورکیە و مالزی بەکارهێنرا بوون، لەناو بردووە. (٧٨) ئیتلاعاتی ئێران هەروەها دزەی کردە نێو گرووپە دژبەرەکانی دەرەوەی وڵاتی رێژیمی ئێران، بۆ نموونە چالاکییە سیخوڕییەکانی رێکخراوی موجاهدینی خەڵق دژی پرۆگرامی ناوکیی ئێران و رێژیمی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧وە بەهۆی ئۆپراسیۆنی دژ سیخوڕی ئێرانییەکان کەمی کردۆتەوە.

رێکخراوی موجاهدینی خەڵق لە ساڵی ٢٠٠٢دا بوونی دوو بنکەی ناوکی ئێران (نەتەنز و ئەراک)ی ئاشکرا کرد و هەروەها بەپێی راپۆرتەکان ئەم رێکخراوە

٧٧) Espionage in Iran جاسوسی در ایران Edalat [Tehran], September ٢٠١١ ,١٩, http://hoghoghszt.blogfa.com/post-٢.aspx (accessed April ٢٠١٢ ,١١); Mirjavedanfar, “Iran, Loser of the Intelligence War” ایران، بازنده نبرد اطلاعاتی Rooz Online, January ٢٠١٠ ,١٣, http://www.roozonline.com/persian/archive/overallarchive/news/archive/٢٠١٠/january/١٣/article/-bc٦٤c٢c٣٧٧.html (accessed May ٢٠١٢ ,٢١); Ed Blanche, “Iran–Israel Covert War: The Mossad Is Said to Wage a Clandestine Campaign of Assassination and Sabotage Against Iran’s Nuclear Programme, But This Could Backfire on President Obama’s Efforts to Negotiate with Tehran,” The Middle East, July ٢٠٠٩ ,١, http://findarticles.com/p/articles/mi_m٢٧٤٢/is_٤٠٢/ai_n٣٢١٥٠٨٣٤/pg_٢/ (accessed April ٢٠١٢ ,١١); Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١١.

٧٨) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١١.

کۆمەڵێک زانیاریی دیکەی لەمەڕ پرۆگرامی ناوکیی ئێرانییەکان بە ئەمریکا دابوو. لەساڵی ٢٠٠٧دا ڕۆژنامەی فەرانسەوی Le Figaro نووسیبووی: "پسپۆڕانی ئیتلاعاتی بەگشتی لەسەر ئەو خاڵە هاوڕان کە: دزە کردنە نێو ئیتلاعاتی ئێران زۆر دژوارە، ئاژانسە بیانییەکان زانیارییەکی کەمیان لە ئاستی بەرزدا لەسەر ئێران هەیە." (٧٩)

هەروەها لە ٢١ی مانگی مەی ساڵی ٢٠١١، ئێران تۆڕێکی سیخوریی کە دەوترێت گرێدراوی CIA بوون، تێکشاندووە و ٣٠ کەسی لە ئۆپراسیۆنێک لە نێوخۆی ئێران دەستبەسەر کردووە. ئەم تۆڕە دەیەویست کە زانیاریی ناوکی و سەربازی وەدەست بێنێت. وەزارەتی ئیتلاعات ڕایگەیاند کە توانایی ئەوەیان هەیە بیسەلمێنن هەموو ئەو کەسانە پەیوەندییان بە CIAی ئەمریکاوە هەبووە. هەروەها، وەزارەتی ئیتلاعات لە مانگی مەی ساڵی ٢٠١١دا ڕایگەیاند کە توانیویانە زیاتر لە ٤٢ سیخوڕ کە پەیوەندییان بە CIAوە هەبووە لە وڵاتانی جۆراوجۆر ئاشکرا بکەن. مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعات ڕاپۆرتێکی دەنگی و ویدیۆییان لە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو سیخوڕانەی کە لە ماوەی یەک ساڵدا دەستبەسەر کراون ئامادە کرد. ئەم پرۆگرامە لە ڕێگەی تی ڤی نەتەوەیی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە، وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت لەم بارەوە وتبووی: "ئەوە شتێکی حەتمیە کە ئاژانسە ئیتلاعاتییەکان دزەیان کردووە. یەکێک لەو شتە باشانەی کە ئێمە ئەنجاممان دابوو ئەو بوو کە توانیمان ئەو کەسانەی دزەیان کردبوو بناسین و لە داهاتوودا کەڵکیان لێوەربگرین. دوژمن ڕەنگە بیهەوێت ئەوان لەناو ببات، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەوانەی دزەیان کردووە کەسانێکن کە ئێمە دەتوانین بە باشی کەڵکیان

٧٩) Nile Bowie, "CYBER TERRORISM: US-Supported Terrorist Group MEK Plants Stuxnet Virus Malware to Disable Iran›s Nuclear Facilities," Global Research [Montreal], April ٢٠١٢ ,١٦, http://www.globalresearch.ca/index.php?aid=٣٠٣٥٣&context=va (accessed June ٢٠١٢ ,١٥); Georges Malbrunot, "Comment les États-Unis espionnent l'Iran" [How the U.S. Spies on Iran], Le Figaro [Paris], December ٢٠٠٧ ,٥, http://www.lefigaro.fr/international/٢٠٠٧١٢٠٦-٠١٠٠٣/٠٦/١٢/٢٠٠٧ARTFIG-٠٠٠٠٦comment-les-etats-unis-espionnent-liran.php (accessed June ٢٠١٢ ,١٥).

لێوەربگرین.[80] دواتر وەزارەتی ئیتلاعات رایگەیاند کە تۆڕێکی سیخوڕییان لەژێر ناوی جۆراوجۆر و لەوانە سەنتەری دۆزینەوەی ئیش و کاردا چالاکییان دەکرد، لە کار خستووە.

بە وتەی ئێران، CIA ماڵپەڕێکی درۆیی دۆزینەوەی کاری دامەزراندبوو کە هەوڵی دەدا بۆ دۆزینەوەی کار بۆ ئێرانییەکان و دوایی هەوڵی دا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پیشە سازیی وزەی ناوکی و پیشەسازیی سەربازیی ئێرانییەکان، کەسانێک بەکار بهێنێت.[81]

لە ٢٤ی مانگی نوامبری ساڵی ٢٠١١دا وەزارەتی ئیتلاعات ١٢ کەس کە گوایە سیخوڕی CIA بوون دەستبەسەر کرد، ئەم کەسانە زانیارییان لەبارەی پلانی ناوکیی ئێرانەوە کۆکردبووەوە. ئێران دواتر ئیددیعای کرد کە حیزبوڵڵا تۆڕێکی تێکدەری بەستراوە بە CIA دۆزیوەتەوە و ژیانی ئەو کەسانەی کە مەئمووری CIA ن لە مەترسی دایە.[82]

لە رۆژی ١٠ی مانگی ئاپریلی ساڵی ٢٠١٢دا وەزارەتی ئیتلاعات رایگەیاند کە تۆڕێکی ئیسرائیلیان لەناو دڵی ئێراندا ئاشکرا کردووە کە گوایە هەوڵی ئەوەیان داوە زانیاری لەبارەی چالاکییە ناوکییەکانی ئێرانەوە کۆ بکەنەوە. لە شرۆڤەی ئەم بابەتەدا حکوومەتی ئێران ئاماژەی بەوە داوە وەزارەتی ئیتلاعات توانیویەتی لە شەڕێکی بەناو ئیتلاعاتیدا تۆڕە سیخوڕییەکانی بەستراوە بە مووساد و CIAی تێک بشکێنی. لە ئاکامدا وەزارەتی ئیتلاعات بەتایبەتی زۆر توند لەسەر ناسین و دۆزینەوەی تۆڕە ئیتلاعاتییە بیانییەکان کاری کرد.[83]

٨٠) "٣٠ US spies arrested in Iran," YouTube, June ٢٠١١ ,٢٢, http://www.youtube.com/watch?v=uOCHnRyUUgQ (accessed April ٢٠١٢ ,١١).

٨١) ٣٠ US spies arrested in Iran

٨٢) Iran Arrests ١٢ ‹CIA Spies› for Targeting Nuclear Plans," BBC, November ٢٠١١ ,٢٤, http://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east١٥٨٧٩٠٨٦- (accessed April ٢٠١٢ ,٥).

٨٣) The Minister of Intelligence Announced: The Arrest of A Zionist Terrorist Network" وزارت اطلاعـات خبر داد:دستگیری اعضای یک شبکه تروریستی رژیم صهیونیستی, Iranian Student's News Agency [ISNA; Tehran], April ٢٠١٢ ,١٠, http://isna.ir/fa/news/٩١٠١٢٢٠٦٧٨٦ وزارت – اطلاعات – خبر- داد- دستگیری- اعضای- یک- شبکه (accessed April ,١١ ٢٠١٢). The Iranian Students' News Agency (ISNA) is a news organization run by Iranian university students. It is considered to be one of the most independent and moderate media organizations in Iran.

لە ١٥ ژووئەنی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی ئیتلاعات رایگەیاند کە مەئموورەکانیان لە ناسین و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە دوو بیرمەندە ئێرانییەکانیان تیرۆر کردبوو، سەرکەوتوو بوون. وەزارەتی ئیتلاعات ئیددیعای کرد کە ئیسراییل پیلانی بۆ کاری تیرۆریستی هەبووە و ئەوان توانیویانە هەر "سەهیونیستێک" کە دەوری هەبوو لەم تیرۆرانەدا دەستبەسەر بکەن. (٨٤)

ئێران بە نیسبەت ئەمریکا، یان سیخوڕی بیانی زۆر هەستیار بۆتەوە، کە لە رواڵەتدا ئەمە بەهۆی پرۆگرامی ناوکیی ئەم وڵاتەوەیە. ئەم هەستیار بوونە رۆڵی زۆری گێڕاوە، ئێران ئیددیعای کردبوو کە پێشگیرییان لە ئۆپراسیۆنی دوو فرۆکەی سیخوڕیی بێ فرۆکەوانی ئەمریکایی لە دەرەوی سنوورەکانی خۆیان لە ژانویەی ٢٠١١ کردووە، هەروەها بێجگە لەمەش ئێرانییەکان ئیددیعا دەکەن کە لەو کاتەی کە ئەوان پەیجۆری تیرۆری دوو بیرمەندە ناوکییە ئێرانییە بوون، دزەیان کردۆتە نێو مووسادی ئیسرائیل. ئیددیعاگەلێک کە رەنگە هیچ بنەمایەکیان نەبێت. (٨٥)

## ١٦ ـ پاڵنەر و کارکرد

وەزارەتی ئیتلاعات بە شێوەی تایبەت کار لەسەر پەرەسەندنی ئایدیای شۆڕشی ئێران لە سەرانسەری جیهاندا دەکات. ئەگەرچی هەراوهوریای شۆڕش و شۆڕشگێڕی تێکەڵاو بە چەمکی بەرژەوەندی بووە. لە کاتی دامەزراندنی شۆڕش و پێش لە پێکهاتنی وەزارەتی ئیتلاعات، ئەرکی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانییەکان دۆزینەوە و پەیگیری کردنی چالاکیی گرووپ و کەسایەتییەکانی دژە شۆڕش لەناوخۆ و دەرەوی ئێران بە مەبەستی پاراستنی کۆماری ئیسلامی بوو. لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا، زۆربەی ئەو خەڵکەی کە پێشتر پشتیوانی

٨٤) - The Ministry of Intelligence: The Assassins of the Nuclear Scientists Are Arrested” [اطلاعیــه وزارت اطلاعـات: عوامـل تـرور دانشـمندان هسـته ای دسـتگیر شـدند, Iranian Students’ News Agency [ISNA; Tehran], June ,١٥ ٢٠١٢, http://isna.ir/fa/news/٩١٠٣٢٥١٤٦٤٥/٪D٪٨A٪VD٪٨B٪VD٪٨٤٪٩D٪٨A٪VD٪٨B٪٩D٨٪٩A٪D٪-٨V٪٩D٪٨٨٪٩D٪٨B٪٢D٪٨A٪VD٪٨B٪١D٪٨AA-٪D٪٨A٪VD٪٨B٪VD٪٨٤٪٩D٪٨A٪VD٪٨B٪٩ D٪٨A٪VD٪٨AA-٪D٪٨B٪٩D٪٨٨٪٩D٪٨A٪VD٪٨٥٪٩D٪-٨٤٪٩D٪٨AA٪D٪٨B٪١D٪٨٨٪٩D٪٨B٪-١D٪٨AF٪D٪٨A٪VD٪٩٪٨٦D٪٨B٪٤D٪٨٥٪٩D٪٨٦٪٩D٪٨AF٪D٪٨A٪VD٨٦٪٩ (accessed June ٢٠١٢ ,١٥).

٨٥) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١١.

شۆڕش بوون، بوون بە دژی ڕێژیم. ئەرکی ئەوکاتی دەزگای ئیتلاعاتیی ڕێژیم ناسینی کەسانی هەڵگەڕاوە لە شۆڕش بوو. ئەگەرچی، دوای دامەزراندنی وەزارەتی ئیتلاعات و بوونی عەلی خامنەیی بە ڕێبەری وڵات، وەزارەتی ئیتلاعات بوو بە جێبەجێکەری سیاسەتەکانی ڕێبەر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. ئامانجی سیاسەتی دەرەوی ئێرانییەکان پەرەسەندنی کارتێکەریی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرانسەری جیهان بوو. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ڕێبەرانی ئێران، بە شێوازێکی زۆر ئاگایانە رایانگەیاند کە ئێرانییەکان بەشێکن لە کەمینەی شیعە لە جیهانی ئیسلامدا و تەرکیزیان لەسەر دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم و خەبات بۆ کەمکردنەوەی هێژمۆنیی ئەمریکا وەکوو ڕێگاگەلێک بۆ کاریگەری دانان لەسەر نەک تەنیا موسڵمانان، بەڵکوو لەسەر ئەو خەڵکانەی کە ئایینی جیاوازیشیان هەبوو، کردەوە. ئەم ئەسڵە هاندەری کۆماری ئیسلامی بوو بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی وەزارەتی ئیتلاعات و تەنانەت زۆرتر لە ڕێگەی ئاژانسی دەستە خوشکی ئیتلاعات، واتە هێزی قودسی سپای پاسداران. (٨٦)

کار و کردەوەی وەزارەتی ئیتلاعات لە کاتی دامەزراندنی لە دوای شۆڕشەوە نەگۆڕ و یەک ریتم بووە. وەزارەتی ئیتلاعات زۆرتر پێداگریی لەسەر کاروباری نێوخۆیی دەکات و زیاتر تەرکیزی لەسەر پاراستنی سیسمتی ئێستای کۆماری ئیسلامییە. ئەم ئامانجە لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆنی شاراوە و نهێنی لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەچێت. (٨٧)

## ١٧ ـ ناوچە سەرەکییەکانی ئۆپراسیۆن

وەزارەتی ئیتلاعات لە هەرکوێ حکوومەتی ئێران بەرژەوەندیی لەوێ هەبێت، چالاکە. ئۆپراسیۆنەکانی وازرەتی ئیتلاعاتی لەناوخۆی ئێرانە و هاوکاریی هێزی قودس دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەفغانستان، عێراق، کوەیت و لوبنان)، ئاسیای ناوەڕاست، ئافریقا، ئۆرووپا (ئۆتریش، ئازەربایجان، کرواتیا، فرانسە، جۆرجیا، ئاڵمان، تورکیە و بریتانیا و گشت ئەمریکا کە ویلایەتە

٨٦) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus
٨٧) Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١٢.

یەکگرتووەکانیش لەخۆ دەگرێت.

وەزارەتـی ئیتلاعـات پشـتیوانیی ماڵـی، مـاددی، تیکنۆلۆژیـک و پاڵپشـتییەکانی دیکـە بـۆ حەمـاس، حیزبوڵـڵا و ئەلقاعیـدە لـە عێـراق و گشـت ئـەو ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیانە کـە بەپێـی دەسـتووری ئیجرایـی ١٣٢٢٤ لەلایـەن ئەمریـکاوە دیـاری کـراون، دەکات. (٨٨)

ئەمریـکای لاتیـن شـوێنێکە کـە قازانجـی زۆری بـۆ ئێرانییـەکان هەیـە. بوونـی چالاکیـی ئیتلاعاتـی ئێرانییـەکان لـە وڵاتانێـک وەکـوو ئارژانتیـن، بۆلیڤیـا، بەرازیل، ئێکـوادۆر و ڤێنێـزۆلا، شـوێنێک کـە ئێـران لـەوێ خاوەنـی بەرژەوەندیـی ئابـووری و سیاسـییە، هەروەهـا بەشـێک لـە سـتراتیژی ئێرانییـەکان هەبوونـی حـزوور لـە بۆشـایی نەبوونـی ئەمریـکا بـە مەبەسـتی پەرەپێدانـی ئایدۆلـۆژی شـیعەگەری و شـۆڕش، درووسـتکردنی تورگەلێـک بـۆ ئۆپراسـیۆنی نهێنـی و ئیتلاعاتـی و وەڕێخسـتنی شـەڕی ناڕاسـتەوخۆ دژی ئەمریکایـە. لـە ئەمریـکای لاتیـن ئاژانسـە ئیتلاعاتیەکانـی ئێـران - وەزارەتـی ئیتلاعـات کەمتـر و زۆرتـر سـپای قـودس لـە حیزبوڵـڵا بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجەکانیـان کەڵـک وەردەگـرن. (٨٩)

لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئێـران بـۆ گوشـار خسـتنە سـەر ئیسـراییل لـە حیزبوڵـڵا کەڵـک وەردەگرێـت و لـە عێـراق و ئەفغانسـتان لـە ڕێگـەی پشـتگیری لـە گرووپـە

٨٨) Treasury Accuses Iran of Hacking," Emptywheel, February ٢٠١٢ ,١٦, http://www.emptywheel.net/tag/quds-force/
(accessed April ٢٠١٢ ,٥); Ladan Firoozbakht, "The Capital City of Austria, A Nest for Tehran's Regime," Radio France International [France], February ٢٠١٠ ,٢١, http://www.persian.rfi.fr/%D%٩BE%D%٨AA%DB%٨C%D%٨AA%D%٨AE%D%٨AA-%D%٨AA%D%٨B%D%٨B%١DB%٨C%D%٨B%-٤D%٨٤%٩D%٨AA%D%٨٦%٩D%٩
%-٨D%٨AA%DB%٨C-%D%٨AA%D%٨B%١D%٨AA%DB%٨C-%D%٨B%١DA%٩٨%DB%٨C%D-٨٥%٩
%D%٨AA%D%٨٧%٩D%٨B%١D%٨AA%D٢٠١٠٠٢٢١-٨٦%٩/%D%٨B%٩D%٨٥%٩D%٨٨%٩D%٨٥%٩DB%٨C
(accessed September ٢٠١٢ ,٦). MOIS has facilitated the movement of al-Qaeda operatives in Iran and has provided them with documents, identification cards, and passports. MOIS has also negotiated prisoner releases of AQI
operatives.

٨٩) Iran Increases Its Political and Economic Presence in Latin America…,» Meir Amit Intelligence and Terrorism
Information Center, Israeli Intelligence and Heritage Commemoration Center, April ٢٠٠٩ ,١٩, http://www.terrorisminfo.
org.il/en/article/١٨٢٩١ (accessed March ٢٠١٢ ,٧). This Israeli Web site provides reports on terrorist actions of anti-Israeli groups such as Hezbollah, the Quds Force, the Muslim Brotherhood, etc. The reports are detailed and
informative. Readers interested in Iran's activities in Latin America may wish to consult a parallel study by the Federal Research Division for the Combating Terrorism Technical Support Office entitled "The Quds Force of Iran's Islamic Revolutionary Guards Corps: A Profile" (٢٠١٢), available on the Open Source Center's Web site.

دژبەر و چەکدارەکانەوە هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات. ئاڵۆزی و ناڕزایەتی لە سووریا ئامرازێکی گرنگە بۆ ئیتلاعاتی ئێران. ئێرانییەکان ئێستا بۆ پشتیوانی لە سەرکۆمار بەشار ئەسەد بە مەبەستی سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری حکوومەت لە فۆرمی هێزی قودسدا لە سووریە حزووریان هەیە. سەرکەوتنی ئێرانییەکان لە سەرکوت کردنی سەرهەڵدانەکەی دوای هەڵبژاردنە مشتومڕ هەڵگرەکەی سەرکۆماری ۲۰۰۹، مودێلێکی پێشنیاری بۆ حکوومەتی سووریەیە. ئێران ئامانج و مەبەستی تایبەتی لە بەحرەین و ئەو وڵاتانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی شیعەن، هەیە، هەر بۆیەش بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆنەکانی لە ئاراستەی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا لە وەزارەتی ئیتلاعات کەڵک وەردەگرێت.[۹۰]

لە ئۆرووپا وەزارەتی ئیتلاعات تۆڕێکی گرنگی لە ئاڵمان هەیە. لە ژانویەی ساڵی ۲۰۱۱دا، هانس - پیتر فریدریچ، وزەریری نێوخۆیی ئاڵمان و هێنز فرۆم، سەرۆکی ئۆفیسی فیدرال بۆ پاراستنی یاسای بنەڕەتی لە راپۆرتێکدا (رێکخراوێکی ئاڵمانی هاوشێوەی FBIئەمریکایی)، رایانگەیاند کە بەرپرسیارێتیی سەرەکیی وەزارەتی ئیتلاعات، چاودێری گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی ئێران و شەڕ دژی ئەوانە. بەپێی ئەم راپۆرتە، وەزارەتی ئیتلاعات هەروەها کاری کۆکردنەوەی زانیاریی سیاسی و ئابووری و زانستی لە ئاڵمان ئەنجام دەدات و ئەوەشی زیاد کردووە کە زۆربەی چالاکییە ئیتلاعاتییەکان دژی ئاڵمان لە رێگەی ئەم وەزارەتەوە بەڕێوە دەچێت. لە درێژەی ئەو راپۆرتەدا هاتووە: "وەزارەتی ئیتلاعات و ئاسایش هەوڵی راکێشانی هاووڵاتیانی ئاڵمانی بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم وەزارەتە دەدا. ئەو هاووڵاتیانەی بەکار دەهێنرێن، کەسانێکن کە زۆر جار بۆ دیتنی بنەماڵەیان یان بازرگانی کردن سەردانی ئێران دەکەن.[۹۱]

---

۹۰) Evidence Grows Iran Aiding Syria›s Assad," UPI, June ۲۰۱۱ ,۲, http://www.upi.com/Top_News/Special/۲۰۱۱/
۰۲/۰٦/Evidence-grows-Iran-aiding-Syrias-Assad/UPI۷۲۰٦۱۳۰۷۰۲٤٤۷۹-/ (accessed March ۲۰۱۲ ,۱۳).

۹۱) Germany's Security Report on Iran's Intelligence Activities in Germany" گـزارش امنیتـی آلمـان از فعالیتهـای اطلاعاتـی جمهـوری اسـلامی در آلمـان, Deutsche Welle [Germany], January ۲۰۱۱ ,۷, http://www.dw.de/dw/article/۱٥۲۰٤۰٥۹,۰۰,,۰.
html (accessed May ۲۰۱۲ ,۳۰).

ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش بە ئاشکرا، پڕە لە مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندییەکی باشی بەردەوام لە نێوان ئێران و ئۆتریشدا لە دوای شۆڕشەوە هەبووە - دوای قەیرانی بە بارمتەگرتنی ئەمریکاییەکان، کە بەرەنجامەکەی مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی لەلایەن زۆربەی وڵاتانی بەدواوە بوو، ئێران لە زۆر ڕێگاوە پەراوێز خرا، ئۆتریش یەکێک لەو تاقم وڵاتانە بووە کە گرنگییەکی بەم مەسەلەیە نەدا. ئەمە دەریدەخات کە ئێران بە جێگیر کردن و بڵاو کردنەوەی ئەفسەرە ئیتلاعاتییەکانی لە وڵاتی ئۆتریش قازانجێکی زۆری لەم پەیوەندییەدا کردووە. پێشتر ڕاپۆرتی وەها بڵاو کراوەتەوە کە مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعات چالاکانی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامیان ناسیوە و (دۆزیوەتەوە) و هەڕەشەیان لێیان کردووە کە بێدەنگ بن. [92]

پێشینەی مێژوویی دوو وڵاتی جۆرجیا و ئازەربایجان کە پێشتر دوو بەشی ئێران بوون، ئەم دوو وڵاتەی کردۆتە دوو ئامانج بۆ ئاژانسە ئیتلاعاتییەکانی ئێران. لە ئازەربایجان، ٩٥٪ی خەڵکەکەی موسڵمانن، ٨٥ لە سەدیشیان شیعەن. ئەمەش وای کردووە کە ئازەربایجان یەکێک لەو دەگمەن وڵاتانە بێت کە زۆرینەی حەشیمەتەکەی شیعە بن. هەروەها وێکچوونی کولتووری زۆر لە نێوان ئێرانییەکان و ئازەرییەکاندا هەیە، بوونی زمانی هاوبەش لە نێوان ئازەربایجانییەکان و ئێرانییە ئازەرییەکاندا نزیکایەتییەکی زۆری لە نێوان خەڵکی ئەو دوو وڵاتە دروست کردووە و توانایی ئەوەی بە حکوومەتی ئێران داوە کە کاریگەریی لەسەر گشت ئازەربایجان دابنێت. ئەگەرچی پەیوەندییەکی نهێنی لە نێوان ئازەربایجان و ئیسراییل لە دەیەی ڕابردوودا بیچمی گرتووە. لە ئاکامدا ئازەربایجان بۆتە هاوپەیمانێکی ستراتژیک بۆ ئیسراییل، چونکە دەوترێت کە ئەو دەرفەتەی بە ئیسراییل داوە لە بنکە ئاسمانییەکانی ئەم وڵاتە لە نزیک سنووری ئێران، کەڵک وەربگرێت. بابەتێکی لەم چەشنە ئاماژەی جیددی زۆری بەدواوە دەبێت، چونکە گرفتی سەرەکیی بەردەم توانایی هێرشی ئاسمانیی ئیسراییل بۆ سەر ئێران، بوونی مەودای زۆری نێوانیانە.

٩٢) Firoozbakht, “The Capital City of Austria, a Nst for Tehran’s Regime.”

هەروەها دەرفەتی بەڕێوە بردنی ئۆپراسیۆنی نهێنی بە ئیسراییل دژی ئێران دەدات، هەروەها هانی ئێران دەدات بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی نهێنی لەناو خاکی ئازەربایجان. (٩٣)

ئاشکرا بوونی ١١ کەس لە تورکیە بەناو سیخوڕی ئێران لە کۆتایی مانگی ئاگۆستی ساڵی ٢٠١٢، نیشانەی حزووری وەزارەتی ئیتلاعاتە لەم وڵاتەدا. لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەسەر بەڵگە و دیالۆگە تەلەفۆنییە تۆمار کراوەکان دەریخست کە گیراوان پەیوەندییان لەگەڵ گریلاکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) هەبووە.

ماوەیەکە پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی تورکیە و ئێران بەهۆی هەڵوێستی جیاواز بە نیسبەت دۆخی قەیراناویی ئێستای سووریەوەیە، تووشی گرژی بووە چالاکییە نهێنییەکانی مەئموورە ئێرانییەکان دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ زۆر بوونی چالاکییە سەربازییەکانی PKK دژی حکوومەتی تورکیە. (٩٤)

## ١٨- سەرمایە و دابین کردنی سەرچاوەی ماڵی

وەزارەتی ئیتلاعات ڕێکخراوێکی حکوومەتییە. هەر بۆیەش، بوودجەکەی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دابین دەکرێت و ئەمەش زۆر نهێنییە. زانیارییەکی گشتی و جێی متمانە لەبارەی سەرمایەی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لەبەردەستدا نییە.

---

٩٣) “Religion,” Azerbaijan Presidential Library, August ٢ ,١٩٩٢ ,٢٠, http://files.preslib.az/projects/remz/pdf_en/atr_
din.pdf (accessed September ٢٠١٢ ,٥); “Azerbaijani-Israeli Relations and the Iranian Threat,” Daily Motion, March
٢٠١٢ ,٣٠, http://www.dailymotion.com/video/xps٣٣٩_azerbaijani-israeli-relations-and-the-iranian-threat_news (accessed September ٢٠١٢ ,١٠).

٩٤) Iranian Spy Ring Exposed in Turkey, Dealing Blow to Ties Between Neighbors,” Today’s Zaman [Turkey],
August ٢٠١٢ ,٢٩, http://www.todayszaman.com/news-٢٩٠٨١٤-iranian-spy-ring-exposed-in-turkey-dealing-blow-toties-
between-neighbors.html (accessed September ٢٠١٢ ,١٠); “Escalation of the Conflicts Between PKK and Turkish Military in South-Eastern Turkey,” تشدید درگیری میان پ کا کا با نظامیان در جنوب شرقی ترکیه, Euro News (Persian),
August ٢٠١٢ ,١٤, http://persian.euronews.com/١٤/٠٨/٢٠١٢/upsurge-in-pkk-violence-as-anniversary-nears/ (accessed
September ٢٠١٢ ,١٠).

**١٩ - پشتیوانی و بەستراوەیی دەرەکی**

بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت وەزارەتی ئیتلاعات لەگەڵ ئاژانسە ئیتلاعاتییەکانی دیکەدا هاوکاری دەکات. یەکێک لەو ئاژانسانە، SVR رووسیایە کە شوێنی KGB (دەزگای ئیتلاعاتی یەکیەتیی سۆڤیەت) گرتەوە. سەرەڕای بوونی دوو دوکتۆریەنی (بیرۆکە و تێڕوانین)ی جیاوازی ئەم دوو رێکخراوە و پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان ئێران و رووسیا لە رابردوودا، ئەوان لە ساڵی ١٩٩٠وە دەستیان کردووە بە هاوکاری کردنێک کە تەنیا لەسەر بنەمای سنووردارکردنی شوێندانەریی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست نەبوو، بەڵکوو لەسەر بنەمای هاوکاربی دوولایەنە بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵدان و ناڕزایەتییە ئێتنیکییەکان لە داهاتووشدا بوو.

SVR نەک تەنیا سەدان کەس لە مەئموورانی ئێرانی لە رووسیە ئامووزش دا، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە مەئموورانی رووسیە لەنێو خاکی ئێران خەریکی تەیار کردنی ئیتلاعاتی ئێران بە کەرەستەی ئێلکترۆنی لە ناوەندی ئیتلاعاتی ئێران دان.


روون نییە کە ئایا ئەم پەیوەندییە درێژەی هەیە و ئایا ئەم دوو ئاژانسە ئیتلاعاتییە درێژە بە هاوکارییەکانیان دەدەن.[٩٥]

لە تەنیشت ئەو شتانەی کە لەسەرەوە باس کرا، ئێران هاوکاریی ئەلقاعیدەش دەکات، ئەگەرچی بەپێی بوونی جیاوازیی ئایدۆلۆژیکی نێوان ئێران و ئەلقاعیدە ئەم هاوکارییانە سنووردار و پۆتانسیلێکی ناجێگیری هەیە. هاوکاریی نێوان ئێران و ئەلقاعیدە لەسەر بنەمای دژایەتیی هاوبەشی هەردوویان دژی هێژمۆنی ئەمریکا لە ناوچەیە - عێراق و بەتایبەت ئەفغانستان - و دەسپێکی ئەم هاوکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ی ز. ئەم پەیوەندییە لە دوای ١١ی سێپتامبرەوە بەردەوام بوو و ئێران ئیزنی بە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەلقاعیدە دا کە لە سنوور بپەڕنەوە و لە ئەفغانستانەوە بێنە ناو ئێران. ئەو

٩٥) Wege, “Iranian Intelligence Organizations,” ٢٨٨; “Brief on Iran,” Iran-e-Azad, September ١٩٩٥ ,١٢, http://www.iran-e-azad.org/english/boi/٠٢٥٠٠٩١٢,٩٥ (accessed April ٢٠١٢ ,١١). This Web site is affiliated with the MEK group. “Evidence of Intelligence Collaboration between KGB and Iranian Regime,” YouTube, September ٢٤, ٢٠٠٩, http://www.youtube.com/watch?v=eS٣XbJ-rx١o (accessed May ٢٠١٢ ,٢٩).

راستییە کە ئەلقاعیدە چالاکی و ئۆپراسیۆن لە زۆر وڵاتدا دەکات یارمەتیی ئێران دەکات بۆ بەڵاڕێدا بردن و دوورخستنەوەی سەرنجی ئەمریکا لەسەر ئێران و تەرکیزی لەسەر دراوسێیەکەی.

لە ئاکامدا ئەلقاعیدە لە ئێران وەکوو شوێنێک کە پەیوەندیی نێوان ڕێبەرایەتیی ئەلقاعیدە لەگەڵ لقە ناوچەییەکانی خێراتر دەکات، کەڵک وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٩٥ و دیسانەوە لە ساڵی ١٩٩٦یش، ئۆسامە بن لادن پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعاتدا کردووە و داوای کرد کە پەیوەست بەوان بن بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا.


سەیف العادل

دەنگی تۆمار کراوی تەلیفۆنیی بن لادن، کە لەلایەن ئەو لێکۆڵەرە ئەمریکاییانەی کە ل سەر بابەتی بۆمبدانانی ئەلقاعیدە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە وڵاتانی کێنیا و تانزانیا کار دەکەن دەریدەخات کە ١٠ لە سەدی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی بێن لادن و جێگرەکانی بۆ ئێران بووە. سەیف العادل، یەکێک لە ڕێبەرە پلە بەرزەکانی ئەلقاعیدە لەو سەردەمەدا، کەسێک بوو کە پەیوەندیی نێوان ئێرانییەکان و ئەلقاعیدەی ڕێک خست و ئەو چاوپێکەوتن و دیدارەکانی لەگەڵ فەرماندەکانی سپای پاسداران و بەرپرسەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی هاوئاهەنگ دەکرد.(٩٦) لەو کاتەوە کە بن لادن لە مانگی مەیی ساڵی ٢٠١١ کوژرا، ڕێبەری نوێی ئەلقاعیدە هەڵوێستی خۆی لەمەڕ هاوکاریکردن لەگەڵ ئێران روون نەکردۆتەوە.

٩٦) - Jones, “Iran Insights—Iran’s Intelligence and Security Apparatus,” ١٢; Matthew Levitt, “New Arenas for Iranian-
Sponsored Terrorism: The Arab-Israeli Heartland,” The Washington Institute, February ٢٠٠٢ ,٢٢, http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/new-arenas-for-iranian-sponsored-terrorism-the-arab-israeli-heartland
(accessed June ٢٠١٢ ,١٣); “The Al-Qa›ida-Qods Force Nexus,” Kronos Advisory, April ١١ ,٢٠١١ ,٢٩ and ١٨, http://thomaspmbarnett.squarespace.com/storage/Kronos_AQ.QF.Nexus.globlogization.pdf (accessed June ١٣, ٢٠١٢).

### ٢٠- کەڵک وەرگرتن لە راگەیەنە گشتییەکان

حکوومەتـی ئێـران لـە میدیا بـە مەبەسـتی بەرخـۆری نێوخۆیـی و بڵاوکردنـەوی پرۆپاگەنـدە کەڵـک وەردەگرێـت. بەپـێ ئـەوەی کـە ئۆپراسـیۆنەکانی وەزارەتـی ئیتلاعـات بـە شـێوەی نهێنییـە، زانیـاری، یـان وردەکاریـی مەئموورییەتەکانیـان بـۆ بیـرورای گشـتی بـاس ناکرێـت، مەگـەر ئـەوەی کـە رێژیـم بیهەوێـت لـە رێگـەی میدیـاوە هـەوڵ بـۆ راکێشـانی پشـتیوانیی بیـرورای گشـتی بـدات و پرۆپاگەنـدەی پێـوە بـکات.

یەکێـک لـەو رێگانـەی کـە کۆمـاری ئیسـلامی ئـەو کارە ئەنجـام دەدات، ماڵپـەڕی ئێـران دیدەبانـە (ایـران دیدبـان) www.irandidban.com. ) ئەم ماڵپەڕە هـەواڵ بـە سـێ زمانـی ئینگلیـزی، فارسـی و فەرانسـەوی ئامـادە و بـڵاو دەکاتـەوە.



Iran Didban، ماڵپەڕی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت

سەرچاوە: : http://www.irandidban.com/

ماڵپەڕێکـی دیکـە کـە گوایـە بەسـتراوە بە وەزارەتـی ئیتلاعاتە ماڵپـەڕی ( www.habilian.ir). ئـەم ماڵپـەڕە هەنووکـە لـە رێگـەی بڵاوکردنـەوەی ئـەو هەواڵانەی کـە بە قازانجی حکوومەتـی ئێرانـە بـە سـێ زمانـی فارسـی، ئینگلیـزی و عەرەبـی چالاکی دەکات. (٩٧)

٩٧) "Hadi Ameri, the Leader of the Badr Brigade, Announced that the Mojahedin Must Get out of Iraq هـادی عامـری، سرکـرده سـپاه ٩ بـدر، ادعـا کـرد، مجاهدیـن بایـد از خـاک عـراق خـارج شـوند, People's Mojahedin Organization of Iran, November ٢٠٠٧ ,٢١, http://www.mojahedin.org/pages/detailsNews.aspx?newsid=٢٢٣١ (accessed September ٢٠١٢ ,١٠).




Habilian Foundation، ماڵپەڕێکە کە بە شێوەی ئاشکرا بەستراوە بە وەزارەتـی ئیتلاعاتە

سەرچاوە: //www.habilian.ir/fa

وەزارەتـی ئیتلاعـات لەگـەڵ ڕێکخـراوی دەنـگ و ڕەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران (IRIB) بـۆ بەڕێـوە بردنـی ئۆپراسـیۆنی دژە زانیـاری و بڵاوکردنـەوەی پروپاگەنـدە هـاوکاری دەکات. IRIB، رادیـۆ و تەلەفزیۆنـی حکوومەتـی ئێرانـە کـە بەرپرسـەکەی ڕێبـەری کۆمـاری ئیسـلامی دیـاری دەکات. وەزارەتـی ئیتلاعـات لـە ڕێگـەی ڕێکخـراوی دەنـگ و ڕەنگـی حکوومەتییـەوە فیلمـی دوکیۆمێنتـاری لەسـەر ئۆپراسـیۆنە سـەرکەوتووەکانی خـۆی بەرهـەم دەهێنێـی و دوایـی وەزارەتـی ئیتلاعـات خـۆی لـە تەلەفزیۆنـی نەتەوەییـدا بـڵاوی دەکاتـەوە. بـۆ نموونـە دوای دەسـتگیر کردنـی عەبدۆلمالـک ریگـی، وەزارەتـی ئیتلاعـات بـە شـێوازێکی زۆر بـێ وێنـە ئۆپراسـیۆنەکەی ڕوومـاڵ کـرد. وەزیـری ئیتلاعـات و ئاسـایش خـۆی لـە تەلەفزیۆنـی نەتەوەیـی دەرکـەوت و لەبـارەی چۆنیەتیـی دەسـتگیر کردنەکـە لەژێـر فەرمانـی وەزارەتەکـەی قسـەی کـرد. ئـەو ریگـی بـە گرێـدراوی CIAی ئەمریـکا نـاو بـرد و ئەویـش بـە نیشـاندانی وێنەیـەک کـە گوایـە ریگـی لـە یەکێـک لـە بنکەکانـی ئەمریـکا لـە ئەفغانسـتان دایـە. (٩٨)

٩٨) The Jundullah Leader Abdolmalek Rigui [Rigi] Arrested by Iranian Authorities,” YouTube, February ٢٠١٠ ,٢٣


محەممەد ڕەزا مەدحی

نموونەیەکـی دیکـەی کەڵـک وەرگرتـن لـە ڕاگەیاندنـە گشـتییەکان لەلایـەن وەزارەتـی ئیتلاعاتـەوە بـۆ بەرخـۆری ناوخۆیـی بـڵاو کردنـەوەی فیلمێکـی دۆکۆمێنتـاری لەژێر ناوی "ئەلماسـێک بـۆ فریـودان" بـوو. [99] ئـەم دۆکۆمێنتارییـە لەبـارەی ئەفسـەرێکی سـپای پاسـدارانەوە بەنـاوی "محەممـەدڕەزا مەدحی"یـە، کەسـێک کـە لەلایـەن وەزارەتـی ئیتلاعاتـەوە دزە دەکاتـە نێـو ئۆپۆزیسـیۆنی دەرەوەی وڵات و هـەوڵ دەدات بـە یارمەتیـی ئـەو ئەفسـەرانەی ڕێژیـم کـە لـەو سیسـتمە نارازیـن، کۆمـاری ئیسـلامی بڕووخێنـێ. هـەروەک لـە دۆکۆمێنتارییەکـەدا نیشـان دەدرێـت، مەدحـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێـران و دواتـر وەزارەتـی ئیتلاعـات بـۆ ڕای گشـتی بـڵاوی کـردووە کـە ئەمـە پلانێکـی سـەرکەوتوو و کاریگەریـی ئێمـە بـۆ دزەکـردن لەنێـو دوژمنانـی ئێـران بـووە.

حکوومـەت قازانجێکـی زۆری لـەم دۆکۆمێنتارییـە کـرد و نیشـانی دا کـە ئەمریکا و ئیسـرائیل لەگـەڵ دژبەرانـی دەرەوەی وڵات چلـۆن خەریکـی دارشـتنی پیلانـن بـۆ دژایەتیکردنـی شـۆڕش. ئـەم دۆکۆمێنتارییـە نیشـان دەدات کـە چـۆن مەئموورانـی وەزارەتـی ئیتلاعـات لەگـەڵ جـۆ بایـدن، جێگـری سـەرکۆمار و هیـلاری کلینتـۆن، وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی وڵات و هەروەهـا دێنیـز ڕۆز، ڕاوێـژکاری تایبـەت بـۆ کەنـداوی فـارس و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا (کـە ئێرانیـش لەخـۆ دەگرێـت) دیداریـان کـردووە. میدیاکانـی ئێـران ئیددیعایـان کـرد کـە دزە کردنـی وەزارەتـی ئیتلاعـات، بەهێـز بوونـی ئیتلاعاتـی ئێرانـی سـەلماند و نیشـانی دا کـە گشـت ئـەو هەوڵانـەی کـە ئاژانسـە ئیتلاعاتییـە ڕۆژئاواییـەکان بـۆ ڕێکخسـتن و یەکخسـتنی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی دژی کۆمـاری ئیسـلامی دایـان شکسـتی هێنـا. دەنـگ و ڕەنگـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە شـەوی دووەمیـن سـاڵوگەڕی هەڵبژاردنەکانـی سـەرکۆماری سـاڵی ٢٠٠٩، بـە بڵاوکردنـەوەی وێنـەی ئۆپۆزیسـیۆنی ڕیفۆرمخـواز

99) - To see the full version of A Diamond for Deception, see http://www.youtube.com/watch?v=٤zsURpx٠p-I&feature=related

بـڵاوی کـردەوە کـە ئـەوان لەگـەڵ حکوومەتـی ئەمریـکا و ئاژانسـە ئیتلاعاتییـە رۆژئاواییـەکان هاوکارییـان کـردووە. [(١٠٠)]

ئێـران هەروەهـا لـە مانگـی دێسـامبری سـاڵی ٢٠١١دا کەسـێکی بەنـاو سـیخوڕی ئەمریـکا دەسـتگیر کـرد. تلویزیۆنـی نەتەوەیـی ئێـران دانپێدانانـی ئـەم مەئمـوورە ئەمریکاییـەی بـڵاو کـردەوە کـە چەکدارێکـی هێـزی دەریایـی بـە رەچەڵـەک ئێرانـی بـوو. وەزارەتـی ئیتلاعـات ئـەم مەئمـوورەی CIAی کـە خاوەنـی ناسـنامەی ئێرانـی بـوو دوای بینینـی ئاموزشـی بـە کارهێنانـی چەک و لە سـەرەتای مەئمووریەتەکەیدا دەسـتگیر کـرد. وەزارەتـی ئیتلاعـات ئیدیعـای کـرد کـە ئـەم مەئمـوورە هـەر لـە کاتـی دەسـپێکی مەئمووریەتەکـەی لـە باگـرام، بنکـەی سـەربازی ئەمریکاییەکان لە ئەفغانسـتان، گومانـی لێکـراوە، بـەڵام مەئمـوورە ئیتلاعاتییـە ئێرانییـەکان فێڵیـان لێکـردووە تـا هاتۆتـە نێـو ئێـران و دوایـی دەسـتگیرییان کـردووە. دادگایەکـی ئێرانـی ناوبـراوی بـە تۆمەتـی سـیخوڕی تاوانبـار کـرد و حوکمـی مەرگـی بـۆی دەرکـرد. هەنووکـە ئـەو لـە بەندیخانەیـە لـە ئێـران. [(١٠١)]

نموونەیەکـی دیکـەی ئـەم چەشـنە هەوڵانـە لـە راگەیاندنـەکان لـە ٥ی ئاگۆسـتی سـاڵی ٢٠١٢دا رووی دا کـە رێکخـراوی دەنـگ و رەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی لە رێگەی وەزارەتـی ئیتلاعەتـەوە پرۆگرامێکـی ئامـادە کـرد و لـە تەلەفزیۆنـی نەتەوەییـدا

١٠٠) - “Iran’s Ministry of Intelligence: U.S.-Led Exile Government Plot Foiled,” Meir Amit Intelligence and TerrorismInformation Center, Israeli Intelligence and Heritage Commemoration Center, June ٢٠١١ ,١٦, http://www.terrorism-info.org.il/en/article/٨٨٩ ١٧ (accessed May ٢٠١٢ ,٢٩). ThisIsraeli Web site provides reports in regards to terrorist actions of anti-Israeli groups such as Hezbollah, the Quds Force, Hamas, etc.

١٠١) Hashem Kalantari and Robin Pomeroy, “Iran Says Arrests Another CIA Spy,” Reuters, December ,١٧ ٢٠١١,
http://www.reuters.com/article/١٧/١٢/٢٠١١/us-iran-usa-spy-idUSTRE٧BG٠CL٢٠١١١٢١٧ (accessed April ,١١ ٢٠١٢);
“America’s Special Effort for the Release of a Captured Spy تـلاش هـای ویـژه آمریـکا بـرای آزادی جاسـوس زندانـی Ghatreh
[Tehran], August ٢٠١٢ ,٣١, http://www.ghatreh.com/news/nn١٠٨٨٥٨٥١/%D%٨AA%D%٨٤%٩D%٨A%٧D%٨B-٤
%D%٨V%٩D%٨A%٧DB٨%C-%D%٨٨%٩DB٨%C%DA%٩٨%D-٨٧%٩
%D%٨A%٢D%٨٥%٩D%٨B%١DB٨%C%DA%A%٩D%٨A%-٧D%٨A%٨D%٨B%١D%٨A%٧DB٨%C-
%D%٨A%٢D%٨B%٢D%٨A%٧D%٨AF%DB٨%C-%D%٨AC%D%٨A%٧D%٨B%٣D%٨٨%٩D%٨B-٣
%D%٨B%٢D%٨٦%٩D%٨AF%D%٨A%٧D%٨٦%٩DB٨%C (accessed September ٢٠١٢ ,٦); “Amir Mirzaei Hekmati Is Sentenced to Death امیـر میرزایـی حکمتـی بـه اعـدام محکـوم شـد, Ghatreh [Tehran], January ٢٠١٢ ,١٠, http://www.ghatrehcom/news/nn٩٠٣٧٩٧٨/%D%٨A%٧D%٨٥%٩DB٨%C%D%٨B%-١D%٨٥%٩DB٨%C%D%٨B%١D%٨B%٢D%٨A%٧DB٨%C%DB٨%C-%D%٨AD%DA%A%٩D%٨٥%٩D%٨AA%DB٨%C-%D%٨A%٧D%٨B%٩D%٨AF%D%٨A%٧D%-٨٥%٩D%٨٥%٩D%٨AD%DA%A%٩D%٨٨%٩D٨٥%٩ (accessed September ٢٠١٢ ,٦). To see the full version of the confession on Iranian national television, see http://www.youtube.com/watch?v=٨lOiSj٢QTt٨&feature=related.

بڵاوی کردەوە کە لەبارەی بەناو ئۆپراسیۆنی ئیسراییلیەکان بوو کە تیرۆری بیرمەندە ناوکییە ئێرانییەکانیانی لێکەوتەوە. پرۆگرامەکە تێدەکۆشێت کە بێرەحمی و وەحشیگەریی ئەو ئۆپراسیۆنانە نیشان بدات کە مووساد پلان داڕێژەر و جێبەجێکاری بوو. بە پشتبەستن بە وەها پرۆگرامگەلێک، وەزارەتی ئیتلاعات تێدەکۆشێت کە بیروڕای گشتی بەلاڕێدا بەرێت و وێنەیەکی پیرۆز و بێتاوان لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە خەڵکی ئێران و جیهان نیشان بدات.(١٠٢)

مەبەستی حکوومەتی ئێران لە بە کارهێنانی میدیا، ئەو خاڵانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا و زۆرتر رەنگە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی بیروڕای گشتی بە مەبەستی خولقاندنی هەستی یەکگرتوویی نەتەوەیی لەنێو ئێرانییەکان و رێکخستن و هاودەنگ کردنیان دژی وڵاتانی رۆژئاوایی بێت کە نیگەرانی پرۆگرامی ناوکیی ئێرانن و هەوڵی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دەدەن.

ئەوە نیشان دەدات کە وەزارەتی ئیتلاعات ماڵپەڕێکی فەرمیی نییە. وەزارەتی ئیتلاعات ئاگاداری و پروپاگەندەکانی خۆی زۆرتر لە رێگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی نەتەوەیی، یان لە رێگەی ماڵپەڕە هەواڵدەری و بێلایەنەکانەوە بڵاو دەکاتەوە.

### ٢١ ـ تاوتوێکردنی هەڕەشە تیرۆریستییەکان

ئێرانییەکان دوو شێوازی هێرشی تیرۆریستی بەکار دێنن. شێوازی یەکەم، کاری تێکدەرانە، سیخوڕی، بۆمبدانان لە شوێنە مەبەستەکان لەخۆ دەگرێت و شێوازی دیکەش تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر دوو شێوازەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەچێت.

لە کاتی دروستبوونی هێزی قودس لە ساڵی ١٩٩٠وە، وەزارەتی ئیتلاعات بەگشتی تەرکیزی خستۆتە سەر چاودێری و تیرۆری دژبەرانی رێژیم (ئێرانییەکان) لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. "قەتڵە زنجیرەییەکان" لە ئێران و

١٠٢) Iraj Mesdaghi, “Pay Attention to the Innocent Suspects of the ‘Nuclear Experts’ Assassination بە « برسید فریاد متهمان بیگناه ترور»متخصصان هسته ای, Gooya News, August ٢٠١٢ ,٢١, http://news.gooya.com/politics/archives/
١٤٥٧٥٦/٠٨/٢٠١٢.php (accessed September ٢٠١٢ ,١٢).

تیرۆری دژبەرانی ئێرانی لە میکۆنۆس کە لە ساڵی ١٩٩٢ رووی دا، هەروەها تیرۆرەکانی دیکە ئەم تێڕوانینە تەئید دەکەن.
هێزی قودس بەرپرسی ئەنجامدانی کردەوە سەربازی و میلیشیاییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی خاکی ئێرانە کە تیرۆری کەسایەتییە بیانییەکان و لەوانە بەرپرسانی ئیسرائیلی، هەروەها ئامووزش و پەروەردەکردنی گرووپە میلیشیاییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری لە ناوچە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئێران لەخۆ دەگرێت. بەرپرسایەتی و ئەرکەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و هێزی قودس ئاشکرا و هاوبەش و گرێدراوی یەکترن. هەر بۆیەش، ئەمە پێویستییەکە بۆ ئەم دوو رێکخراوە کە نزیکایەتیی زۆریان پێکەوە هەبێت. هێزی قودس بەرپرسیارە لەمەڕ کۆکردنەوەی زانیاریی لە وڵاتانی بیانی. گریمانە لەسەر ئەوەیە کە هێزی قودس راپۆرتی ئەو زانیارییانەی کۆکردۆتەوە و چالاکییەکان و ئاکامەکەی بداتەوە بە وەزارەتی ئیتلاعات. ژمارەی تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی کە "قەتڵە زنجیرەییەکان" بۆ بیرورای گشتی ئاشکرا بوو و وەزارەتی ئیتلاعات بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆ گرت، کەمتر بۆتەوە. جیا لەمەش بەرپرسان بە توندی کۆنترۆڵی ئەوە دەکەن کە هیچ زانیارییەکی هەستیار لەبارەی ئۆپراسیۆنەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە ئاشکرا نەبێت، چونکە هەر زانیارییەک لەبارەی ئەوانەوە دەتوانێت رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی مەترسی بکات. سەرەڕای ئەمانەش، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکرێت کە تیرۆری دژبەرانی رێژیم ئەگەر بێت و ئاشکرا بێت، هەڕەشەیەکی جیددین بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**٢٢ ـ کەلێنی زانیارییەکان (لە سەرچاوەکان)**

لەبەر ئەوەی کە وەزارەتی ئیتلاعات خاوەنی ماڵپەڕێکی فەرمی نییە، کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی پێکهاتەی رێکخراوەیی، کارمەندان و ئەرکەکانیان و چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکان دژوارە. هیچ زانیارییەکی دیاریکراو لەبارەی هەندێک لە بەرپرسانی باڵای ئێستا و ژوورەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە سەرچاوە جۆراجۆرەکانی زانیاری کە لەبەردەست دایە، بوونی نییە و دیار

نییە کە راستای ئەم ژوورانەی وەزارەتی ئیتلاعات بەرەو کوێیە و چۆن ئەو ژوورانە بەڕێوە دەچن.

یەکێک لەو پرسیارانەی لەبارەی زانیارییەکانی سەرچاوە ئاشکراکانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە وەڵامێکی روونی پێ نەدراوەتەوە، ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان وەزارەتی ئیتلاعات لەگەڵ سپای پاسداران و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی نێوان ئەو دوو ئۆرگانە چۆنە؟ و کاریگەریی ئەو دوو رێکخراوە لەسەر یەکتری چییە؟ چاودێران لەو باوەڕدان کە وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران کێشەیان پێکەوە هەیە. ئەگەر ئەم ئیدیعایە راست بێت، ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەست دایە ناتوانێت بە روونی سەرچاوە و ئاستی کێشەکە نیشان بدات.[١٠٣]

## ٢٣ ـ رووداوە سەرەکی ومێژووییەکان و پاشەکشەکان

